# هەنگەوان

## ماکسێنس فێرمین

عیسا عوسمان

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

ڕۆمان






CamScanner

Kteb Xana کتـــێـــبـخـــانـــه

public channel

**Description**

کتێبخانەیەک تایبەت بە زیاتر فێربونو کاراکردنی عەقڵ و دورکەوتنەوە لە نەزانین و رەشبینی.📚

هۆشیاری ڕۆشنبیری تاک لە کۆمەڵگە.
پەرەپێدانی ڕۆشنبیری تاک.
گەشەپێدانی هزری تاک.

@haval_pashaie10

ئـەکاونــتــەکانـــم ✓ ⬇️

https://linktr.ee/havalpashaie

t.me/kteb_khana2
Invite Link

Notifications
On

رۆشنبیری نوێ

CamScanner

ADIBAN

ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەمەد

**ناونیشان:** سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گۆزەکان، نزیک ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوردان.

**پەیوەندی:** 07701974656 - 07501590032 - 07731974646 - 07501696369

**Email:** bookadiban@gmail.com

**Facebook:** https://www.facebook.com/eadiban/

ناسنامەی کتێب

ناونیشان: هەنگەوان.

نووسەر: ماکسێنس فێرمین.

بابەت: ئەدەبیاتی فەرەنسی— سەدەی ٢٠ی میلادی.

ژانر: ڕۆمان.

وەرگێڕانی: عیسا عوسمان.

پێداچوونەوە: کەیوان هەورامی.

پەخشانگە: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان. .

دیزاینی دەق: ئارام مەلا محەمەد


ساڵی چاپ: ٢٠٢٠ میلادی، چاپی یەکەم.


لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (١٦٣٨) ساڵی (٢٠٢٠) پێی دراوە، ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە، مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

# هەنگەوان

ماکسێنس فێرمین

وەرگێڕانی: عیسا عوسمان





ماکسیێنس فێرمین نووسەرێکی فەرەنسییە، لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری ئەلبێرتڤیل لە دایک بووە. لە شاری پاریس و وڵاتی تونسدا ژیاوە و لە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەدا کاری کردووە، ئێستە لەگەڵ هاوسەر و دوو کچەکەی، لە ساڤوا دەژین. چەندان ڕۆمانی نووسیون، لەوانە: بەفر، هەنگەوان، کەمانچەرەشەکە، ئەفیون. پاش ئەو دەنگدانەوەیەی کە لە "بەفر" کەوتەوە و بۆ زیاد لە ١٧ زمان وەرگێڕرا، فێرمین بڕیار دەدات کە یەکجارەکی ژیانی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات .ڕۆمانەکانی فێرمین هەڵگری پەیامێکی سادە و پوختن، لە هەر یەک لە ڕۆمانەکانیدا سوودی لە شێوازێکی نووسینی کورتبڕانە وەرگرتووە و خۆیشی سەر بە ڕێبازی "مینیمالیست"ـەکانە. لە ئێستەدا زۆربەی بەرهەمەکانی وەرگێڕراونەتەوە سەر زمانی ئیتالی و خوێنەران لەوێ، پێشوازییەکی باشیان لێ کردوون.

پێشکەشە بە باپیرەم، دیدەر فێرمینی هەنگەوان



CamScanner

له ژیـانـدا هیچ شــتێـک بەقەد ئەو هەســتکردن بە هەماهەنگییە شــاراوەیە گەورەتر نییە کە لە ئانوســاتێکدا لەگەڵ ڕازی ئەوانی دیکە کۆمـان دەکـاتەوە و ڕێمـان بۆ خۆش دەکات تا بەشێکی ڕێگەکە لەگەڵیاندا گەشت بکەین.

ئەلڤارۆ میوتیس

# بەشی یەکەم



CamScanner

# ١

ئوغلیان خۆشـــفی لە تابلۆیەکی ڕووناکی و خۆردا لە دایک بوو. تابلۆیەک کە ناوی پخۆفۆنس[1] بوو.

ئەو دەمەی تەنیا مێردمنداڵیک دەبێت، هەنگێک بۆ ساتێک بەســـەر لەپی دەســـتییەوە دەنیشـــێتەوە و دواتر دەفڕێت، بەڵام هەر لەوێ ئاســـەواری ئاڵتوونیی زەردی نیلووفەڕێک بەسەر ڕێچکەی ژیانییەوە جێ دەهێڵێت.

لەو ســـاتە بەدواوە ئوغلیان خەونی بە هەنگوینەوە بینی و بڕیاری دا ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە هەنگەوان.




کردنە spdfی ئەم کتێبە
لەلایەن چەناڵی kteb_khana2 کراوە
لە تیلیگرام


[1] Provence : هەرێمێکە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی فەرەنساوە و بەسەر دەریای سپیی ناوەڕاستدا درێژ دەبێتەوە.

ئوغلیان ساڵی ١٨٨٥ بیست ساڵ بوو و فکر و خەیاڵی هەر بەلای هەنگەوە بوو. بیرۆکەی دروستکردنی چەند سنووقەهەنگێکی کەم و قوڵهەڵماڵین لە بەرهەمهێنانی هەنگوین لە کەڵلەی دابوو، چونکە بەو جۆرە دەبووە تاکە هەنگەوانی *لۆنگلاد* و ئەو هەنگوینەش کە دەیفرۆشت، بێ چەندوچۆن دەبووە باشترین هەنگوینی *پخۆفۆنس*.

لە لۆنگلاد کە دەگوترا گوڵەخەزێم، دەیانگوت سامانە. *لیپۆڵد خۆشفێی* باپیرەی ئوغلیانیش، وەک ڕۆژ ڕۆشن دەیزانی کە گەورەترین بەرهەمهێنی گوڵەخەزێمە لە هەرێمەکەدا.

دوو پیاوەکە بە تاقی تەنیا لە خانوویەکی کۆنی مەزرای پەنجەرە شیندا دەژیان، کە دەوروبەری بە کێڵگەی گوڵەخەزێم تەنرابوو و لەوە دەچوو مێرووەکانی هەرگیز سڕبوون بەریان نەدات.

لیۆپۆڵد سەروەتەکەی لە شینێتیی گوڵەخەزێمدا دۆزییەوە، بەڵام بۆ ئوغلیان جیاواز بوو و لە زەردیی هەنگویندا بەدیی دەکرد.

کلۆڤیس کە خاوەنی تاقە میوانخانەی دێکە بوو (بە ناوی کاباریتی سەوز)، دەیگوت: "هەر یەک لە ئێمە ڕەنگی

تایبەت بە خۆی هەیە." ئەو لە پەرداخێک ئەفسەنتینی سەوزی سەهۆڵئاسا و لە کاتی ڕەوینەوەی یەکەم ئازاری بەسوێی جەڵدەی دڵیدا، ڕەنگی دڵخوازی خۆی دۆزیبووەوە.

هەنگوین تا دڵ حەز بکا بەنرخ و ڕەنگاوڕەنگ بوو، بەڵام لەچاو ئەفسەنتینەکەی کلۆڤیس و گوڵەخەزیمەکەی لیۆپۆڵددا، قیمەتێکی وای نەبوو. وەک چۆن پیرەمێردەکە هەموو جار هەمان قسەی بە گوێی نەوەکەیدا دەدایەوە:

"ئوغلیان گیان، بە هەنگەوانی یەکت نابێ بە دوو. دڵنیا بە کە ناتوانی بژێویتی پێ مەیسەر بکەی."

ئوغلیانیش وەڵامی دەدایەوە:

"با بزانین چۆن دەبێ!"

ئاقیبەت ئوغلیان لەم مشتومڕانە وەڕەس بوو و خۆی بە کتێبخانەیەکی ئاغلەدا کرد، لەوسەرەوە کە هاتە دەر، کتێبێکی نابووە بنباڵی کە سەبارەت بە هەنگەوانی نووسرابوو.

ئەو زستانە خۆی بە چاککردنەوەی هەندێ شتی خانووە شەقوشڕەکە و دروستکردنی سنووقەهەنگی قامیشی خەریک کرد. شەوانیش بەدیار ئاگرێکەوە دادەنیشت و کتێبی «دیمەنگەلێک لە ژیانی سەیروسەمەرەی هەنگەکان»ی دەخوێندەوە.

## ٣

هەر جارێک ئوغلیان باسی هەنگیی بکردبا، پرشنگێکی سەیر لە چاوانیدا دەبریسکایەوە. باپرەی ئێجگار بەمە دڵگران بوو، بەڵام چونکە کەسێکی کەمدوو بوو، گومانەکانی هەموو لە دڵی خۆیدا دەهێشتنەوە و گرێی دڵی بۆ کەس نەدەکردەوە.

بەڵام شەوێکیان تا بینەقاقا ئەفسەنتینی خواردەوە و کەوتە دەردەڵ و باسکردنی گومانەکانی بۆ کلۆڤیس. پیرەمێردەکە لە کاباریتی سەوز خۆی بەسەر مێزێکدا دابوو و گەیشتبووە ترۆپکی چێژ و ئەو ساتە پیرۆزەی کە جەوهەری بیرۆکەکان هێدی هێدی دەڕژێنە ناو کحوولی خەونەکانەوە.

"لەوەتەی کەوتووەتە باسی بوونە هەنگەوان، نیگایەکی سەیر لە چاوانیدا بەدی دەکەم."

کلۆڤیس پرسیی:

"چ جۆرە نیگایەکی سەیر؟"

"ڕاستی چی بڵێم، کتومت بۆم ڕوون ناکرێتەوە. دەکەوێتە باسی هەنگ و لێت دەڕوانێ، بەڵام نیگای جەستەت دەبڕێ و دەڵێی بەناو تۆدا سەیری شوێنێکی زۆر دوور دەکا."

کلۆڤیس وەڵامی دایەوە:

"گەر لەجێی تۆ بـام، وازم لێ دەهێنـا هەر خەون بە هەنگەوە ببینێ، چونکە من وەک دەسـتپێکی خەونێک دەیبینم."

لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٦دا ئوغلیان بووە هەنگەوان. جا لەبەر ئەوەی کە یەکەم وەرزی دەستبەکاربوونی بوو، بیری کردەوە کە ڕەنگە دە سنووقەهەنگ بەس بن.

دەگەیشتە لای هەر کەس دەیگوت: "هەنگوین خۆریکە و دەبێ ڕێی بۆ خۆش بکرێ وردەوردە بدرەوشێتەوە، جا بۆ بەرهەمهێنانی خۆرێکی باش، پێویستت بە کاتە."

بەهار بوو و ئوغلیان لە دارستاندا تووشی پوورەهەنگێک هات. هەنگەکان بە شێوەیەکی سەیر خۆیان بە شاژنەکەوە نووساندبوو و ئەمەش گرتنیانی ئاسانتر دەکرد. ئوغلیان بە وریاییەوە خستنییە کلوورەکەوە و شەکراوی دانێ. ئاخری بە گەنجینەکەی خۆی شاد بوو. چەند ڕۆژێک دواتر حەوت پوورەی دیکەشی لای هەنگەوانێکی مۆنۆسکی کڕی.

کابرای هەنگەوان دڵنیای کردەوە:

"ئەمانە باشترین هەنگن لە پخۆفۆنس، لە ڤالێنسۆل پلەتو هێناویانن!"

لە کاتی گەرمکردنی هەوادا، زۆرینەی هەنگەکان لە سنووقەکانیان دەهاتنە دەر و لە دەوری شیلەی گوڵی کێڵگەکان کۆ دەبوونەوە. ئوغلیان بە تەماشاکردنی سەمای

پێچاوپێچی هەنگەکان کە هەر لە گزنگەوە تا زەردەپەڕ لە گولێکەوە دەفڕینە سەر گولێکی تر، تەواو شادمان دەبوو. چەندان کاتژمێر سەیری دەکردن و بیری لەو کیمیا سەیروسەمەرەیە دەکردەوە کە شیلەی ئەو گولانە دەکاتە هەنگوینێکی ئالتوونی.

ئەو هاوینە ئوغلیان یەکەم هەنگی خۆی بڕی. سەرەتا سنووقەکانی دوو دان[1]، ئینجا یەکەیەکە شانەکانی دەرهێنان و ئەو هەنگوینەی کۆ کردەوە کە لە خانەکانیان دادەچۆڕا. تەماشای هەنگوینەکەی دەکرد کە وەک زێڕێکی تواوە دەچۆڕایە ناو کووپەڵە گلێنەکان و بەم جۆرەش یەکەمین بەری هەنگوینی ئەو ساڵەی کۆ کردەوە.

دواینیوەڕۆی مانگی ئەیلوول، ئوغلیان بێ لە سێ کوپە بۆ خۆی و سیانیش بۆ پۆلین، هەموو هەنگوینەکەی بە دوکاندارێک لە ئاغلە فرۆشت.

پۆلین خوشکەزای کلۆڤیسە. جوانترین گوڵەخەزێمفرۆشی هەرێمەکە بوو، هەر تەنیا جوان و بەس نا، بەڵکوو پەرییەک بوو بۆ خۆی. کاتێک پیاوێک لە چاوانی دەڕوانی، یەکسەری جادوویەک سەراپای گیانی دادەگرت.

[1] قانگدان: قانگدان؛ دووکەڵکردن ناو شتێکدا.

بەیانییەکیان پۆلین لەو فرۆشگەیە دەگەڕایەوە کە چووبوو تا بەری گوڵەخەزێمەکەی پێ بفرۆشێت. لە نزیک نافوورەی لادێکەدا، تووشی ئوغلیان هات. لێی پرسی:

"باشە بەڕێز هەنگەوان، ئەوە وەرزی هەنگبڕینیش بەسەرچوو، بەتەمای چی بکەی؟"

ئوغلیان بەر لەوەی وەڵامی بداتەوە، تاوێک هەر وا سەرنجی لەسەر کچە کلا نەکرد.

"نازانم، چاوەڕوانی هاتنی زستان دەبم و چەند سنووقێکی دیکە دروست دەکەم."

زستان بەلای ئوغلیانەوە سەختترین وەرز بوو. جگە لە چاوەڕوانی، مرۆڤ هیچی دیکەی لەدەست نەدەهات. چاوەڕوانیی هاتنی بەهار.

هیچ ئاسەوارێکی ژیان بەدەرەوە نەبوو و هەنگەکان لە شانەکانیاندا پشوویان دەدا. بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی بچووکترین پرشنگدا، بڕێکیان بەرەو دەرەوە پڕتاویان دەکرد و خۆیان دەدایە بەر تیشکی خۆش و گەرمی خۆر. تا ئەو کاتەی لە هەوادا گیزەگیز دەسوورانەوە پارێزراو بوون، بەڵام وەختێ بەر بەفر دەکەوتن، دەمودەست دەمردن.

سپێتیی بەفر عەبای خۆی بەسەر هەموو شتێکدا دابوو و چ گوڵ و میوەیەک ئاسەواری نەمابوو. گەڵاکان لەگەڵ یەکەم زوقمدا وەرین و قارچکەکانیش لەژێر بەفردا لێی نووستن. خۆرەتاو چیدی تینی جارانی نەمابوو و تەنیا شریتێکی سپیی کز بوو، دڵی ئوغلیانیش ساردوسڕ داهاتبوو، هێندە سارد کە دەتگوت لێنادات و مردووە.

هەر ئەوەندەی لە دروستکردنی سنووقە تازەکان بووەوە، ئوغلیان باری بێتاقەتی و خەمێک دایگرت. چوو تا پیاسەیەک بەنێو ئەو دارستانەدا بکات کە بەفر دایپۆشیبوو. کاتێک گەڕایەوە خۆر ئیدی لەپشت

شـــاخەکانەوە ئاوا بووبوو و ئەمیش ئاگرێکی پێ کرد و بەدیارییەوە دەســـتی کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکەی کە سەبارەت بە هەنگەوانی بوو.

شەوێکیان و لە کاتێکدا کە بەدیار ئاگرەکەوە دانیشتبوو، ئوغلیان بیری لە هەنگەکانی ناو ســـنووقەکان کردەوە. بیری کردەوە کە ڕەنگە ئێستە بە نیازی خۆگەرمکردنەوە، هەموویان ترنجابنە یەک. بڕوای وا بوو کە هەنگەکان لەو شتەدا سەرکەوتوو بوون کە مرۆڤەکان شکستیان تێیدا هێنا، چونکە دواجار هەنگەکانی ناو ســـنووقەکە هەموو پێکەوە هەماهەنگانە ژیانیان بەڕێ دەکرد، ئەمە لە کاتێکدا مرۆڤەکان بە درێژایی پەرەسەندنە هێواشەکەیان، زیاتر و زیاتر لە یەکتری دوور کەوتوونەتەوە.

جا خەونی بەوەوە بینی کە دەبێتە هەنگێک...

# ٦

هەنگەکان لەپێناو عیشـــقی گوڵێکدا گیانی خۆیان فیدا دەکەن.

هەنگەکان دەتوانن لەپێناو عیشقدا بمرن.

هەنگەکان دەتوانن...

ڕاســـتییەکەی ئێمە زۆر کەم لەبـارەی هەنگەکـانەوە دەزانین.

## ٧

دەمەوبەیانێکی مانگی کانوونی دووەم، ئوغلیان هەنگێکی مردووی لە بەفردا دۆزییەوە. وەک شتێکی بچووکی ڕەش و ئاڵتوونی لەبەردەمیدا کەوتبوو. یاقووتێکی ئاگرین بوو، لەناو زەریایەک سـپیتیدا. بە وریاییەوە هەڵی گرتەوە و خستییە ناو لەپی دەستی، بەڵام هەر ئەوەندەی دەستی لێ دا، وەک شووشەیەک وردوخاش بوو.

ئوغلیان مشـتی کردەوە و بەرانبەر خۆرەکە ڕایگرت، جا خەفەتبارانە لە تۆزی ئاڵتوونیی هەنگەکەی ڕوانی کە بە با دەچوو، تا دواجار لە بەفرەکەدا ون بوو.



CamScanner

ئەو ساڵە بەهار دوا کەوت و سنووقەکانیش هەر وەک گوڵەکان لەژێر توێژی بەفردا مانەوە.

سەرەتای مانگی نیسان هەوا گۆڕا و لەگەڵ هاتنی ڕۆژە بەراییە گەرمەکاندا، هەنگەکان عاشقانە کەوتنەوە سەما. شاژنی یەکەم پووورە فڕی و لێشاوێک هەنگی لەگەڵ خۆیدا برد، چونکە دواجار هەموویان لەژێر یەک بنمیچدا جێیان نەدەبووەوە. پوورەهەنگەکە کەمێک فڕی و ئاخری بەسەر لقی دارگێلاسێکەوە پوورەی دا کە ئوغلیان دەیتوانی بە ئاسانی بیگرێتەوە.

ئێستە کە ئیدی هیچ شاژنێک لە سنووقەکاندا نەماوە، هەنگەکان دەست دەکەن بە بەرهەمهێنانی خانەی شاهانەی، بەڵام شانزە ڕۆژ دواتر شاژنێکی تازە دەر کەوت و سنووقەکەی بە جارێک بووژاندەوە. بەر لە هەموو شت بێڕەحمانە هەستا بە کوشتنی هەموو هەنگە شاهانەییەکانی دیکە. لە کۆتاییشدا و لەگەڵ هاودەمانی دەوروبەری خانەنشین دەبێت و تا کۆتایی تەمەنی هەر خەریکی گەرادانان دەبێت.

ئێستاکە هەنگەوانەکە خاوەنی بیست سنووقەهەنگ بوو و بەم جۆرەش دوو قات هەنگوینی دەست دەکەوت. بەڵام هێشتاش سۆزێکی بەتینی بۆ یەکەمین سنووقەهەنگی

هەبوو کە لەو ساڵەدا نزیکەی چل کیلۆ هەنگوینی پێ بەخشیبوو.

کلۆڤیس هاتبوو تاکوو پیرۆزبایی دووەم ساڵی هەنگبڕینی لێ بکات و هەنگەوانە بەئەزموون و بلیمەتەکەش بابەتێکی سەرنجڕاکێشی بۆ ڕوون کردەوە.

"ئایا دەزانی کە هەر شاژنێک ڕۆژانە توانای دانانی هەزار دانە گەرای هەیە؟ لەولاشەوە شاژنێکی تازەی وەک ئەمە بۆ نموونە، ڕۆژانە توانای دانانی دوو هەزار گەرای هەیە و دەسەڵاتی بەسەر زیاد لە چل هەزار نێرەهەنگدا دەشکێ."

کلۆڤیس لە وردەکاری و ئەم بابەتە تەکنیکیانە دڵنیا نەبوو، بەڵام دەیتوانی کوپەڵە هەنگوینەکان بە بەرچاوییەوە ببینێت و گوتی:

"هەر دەڵێی زێڕ باریوە!"

"دروستە! ئەمە ئەو زێڕەیە کە من بەشوێنیدا سەرگەردان بووم."

"ئەی لیۆپۆڵد لەم بارەیەوە چی دەبێژێ؟"

ئوغلیان سەرەتا وەڵامی نەدایەوە. سەری نەوی کرد و هەروا هاکەزاییانە بە هەنگێکدا واقی وڕما کە گیزەگیز بەو ناوەدا دەسووڕایەوە.

"هێشتاش هەر دەڵێ ئەم ئیشە سەر ناگری. دەڵێ خێری تێدا نییە و ناتوانم لەڕێیەوە بژێویی خۆم پەیدا بکەم و تەواو شێتانەشە."

"ڕەنگە ڕاست بکا!"

"دەکرێ، بەڵام من بۆ ئەم کارە هاتوومەتە ئێرانە. هاتووم تا بەشـــوێن زێڕدا بگەڕێم، گەرچی ئانوســـات جگە لە هەنگوین هیچ زێڕێک لەئارادا نییە."

"خۆ ڕەنگە قسەی تۆش بێ."

"ڕەنگە، کێ چووزانێ؟ بەڵام خۆ ئەوە دەهێنێ مرۆڤ هەوڵێکی لەگەڵدا بدا."

کلۆڤیس سەری خوراند و هاوڕایانە گوتی:

"ڕاستە ئوغلیان، شایەنی ئەوەیە هەوڵێکی لەگەڵدا بدەی."

بەرەبەرە خەونی هەنگەوانەکە دەهاتە دی. پێدەچوو بەخت یاوەری بێت، بەڵام ڕۆژێکیان هەموو شتێک سەراونخوون بوو. ئوغلیان خەریکی گۆڕینی سەری سنووقێک بوو کاتێک کتوپڕ ئانیشکی بە سنووقەکەی تەنیشتدا کێشا. سنووقەکە بەربووەوە سەر زەوی و یەکێک لە شانە تەختەییەکانی کە یەکپارچە بە هەنگ ڕەش بووبوو، هاتە دەر. هەنگەکان دێوان[1] و لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ ئوغلیان برد و لە ماوەی چەند چرکەیەکی کەمدا دەوروبەریان تەنی.

ئوغلیان کە بە قۆڵییەوە هەستی بە چزووی بەسوێی یەکەمین پێوەدان کرد، وەک هەورەبرووسکە تێی تەقاند، بەڵام هەرچیی کرد نەیتوانی خۆی لێیان قوتار بکات و هەموو جار پێی ڕادەگەیشتنەوە و جار دوای جار پێوەیان دەدا، بە جۆرێک کە تا گەیشتە ڕووبارەکە، ئازای ئەندامی بە شوێن پێوەدان سوور بووبووەوە. ئوغلیان بێسرەوتانە خۆی فڕێدایە ناو ڕووبارەکە و بەم جۆرەش نەجاتی بوو.

لیۆپۆڵد کە بینیی ئوغلیان ڕووخساری ئاوساوە و دارەدار دەگەڕێتەوە، هاواری کرد:

---

[1] دێوان: هار بوون، شێت بوون.

"چی قەوماوە؟"

ئوغلیانیش بێ لە تاقە وشەیەک، هیچی دیکەی بۆ نەگوترا:

"هەنگەکان..."

پاشان لە ئامێزی باپیریدا بوورایەوە.

لیۆپۆڵد بردییە ژوورەکەی و لەسەر تەختەخەوەکەی ڕای کشاند. جا پەنجەرەکانی پێوە دان تاکوو خۆر لێی نەدات، بە پەڕۆیەکی تەڕ تەوێڵی فێنک کردەوە و دەیان چزووی بە لەشییەوە دەرهێنا. دواتریش هەتوانێکی لە گژوگیای شاخان دروست کرد و خستییە سەر برینەکانی. لە کۆتاییشدا چەند کەوچێک مۆمی هەنگی[1] دەرخوارد دا و بە دەردی خۆیەوە وازی لێ هێنا تا کەمێک بحەسێتەوە.

ئەو شەوە پۆلین هات تاکوو ئاگایەکی لێ بێت. ڕووخساری ئوغلیانی قوڕبەسەر هێندە ئاوسابوو کە کچە

---

[1] Propolis: مۆمی هەنگ، ماددەیەکە کە هەنگ لە شیلەی گوڵ و دارودرەختی دیکە کۆی دەکاتەوە و وەک کەتیرە وایە. بە درێژایی سەدەکان ئەم ماددەیە بە ماددەیەکی گرنگ دانراوە، چ بۆ هەنگ و بۆ تەندروستیی مرۆڤەکانیش. هەنگەکان بەکاری دێنین تا کون و کەلەبەری ناو سنووق و شانەکانی پێ بگرن و بەم جۆرەش لە تەڕبوون و شێی باران خۆیان بپارێزن. هەرچی مرۆڤیشە، بەردەوام بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی سەرئێشە و سکچوون بەکاری هێناوە.

بە ئاسانی نەیدەناسییەوە. دەستی خستە نێو دەستی و تەواوی شەوەکە بەو جۆرە مایەوە.

جا بە گوێیدا چپاند:

"مەمرە، تکایە مەمرە..."

ئوغلیان دەیویست چاو هەڵبهێنێت و نیگایەکی کچە بکات، بەڵام پێڵووەکانی هێندە ئاوسابوون کە بە ئاستەم تروو‌سکایی ڕووناکی ئەو مۆمەی بەدی دەکرد کە بەسەر مێزی تەنیشت تەختەخەوەکەیەوە دەسووتا. بە نرکەنرک سێ وشەی لەبەرخۆیەوە ورتاند کە پۆلین لێیان حاڵی نەبوو، پاشان خەوی لێ کەوت.

دوو شەوی ڕێک بەدەم ئازارەوە وڕێنەی کرد و تا برژاندییەوە.

بۆ بەیانیی سێیەم ڕۆژ کە بەئاگا هات، خۆر لە ناوجەرگەی ئاسماندا دەدرەوشایەوە. تاکە بەری دابوو و پۆلین و لیۆپۆڵد خاترجەم بوون لەوەی کە قۆناغە مەترسیدارەکەی تێپەڕاندووە.

هەنگەوانەکە بە چپەوە گوتی:

"چی ڕووی دا؟"

لیۆپۆڵد وەڵامی دایەوە:

"ئەوەش بەزمی هەنگ!"

پۆلین خەندەیەکی کرد و بە بینینی ئوغلیان کە بەرەبەرە هێزی دەگەڕایەوە بەر، دڵخۆش بوو. هەنووکە دەیتوانی چاو لەویش بکات. دواتر بۆیان باس کرد کە چی بەسەر هاتووە و خوانەخواستە چەندە دەکرا مەرگی نزیک بێت.

ئوغلیان گوتی:

"لۆمەی هەنگەکان مەکە، خەتای من بوو نەک ئەوان."

ئوغلیان هەستایەوە و کوپێک شیری خواردەوە، چا هەندەک نان و هەنگوینی خوارد و کۆتا کەوچکە مۆمەهەنگی هەڵقوڕاند و چوو تاکوو سەرێک لە سنووقەهەنگەکان بدات.

لەدوای ئەو کارەساتەوە، ئوغلیان بەرگریی بەرانبەر بە پێوەدانی هەنگ پەیدا کرد. نە هەنگ، نە زەردەواڵە و نە شەنگەسوورەش کاریان تێ نەدەکرد و پێدەچوو بە تەواوی بەسەر ئازاری هەموویاندا زاڵ بوو بێت.

ماوەیەک دواتر پۆلین لێی پرسی:

"بە ڕاست ئەم مۆمی هەنگە چییە؟"

هەنگەوانەکە وەڵامی دایەوە:

"ئەوەیە کە لە مەرگ ڕزگاری کردم. وەرە لەگەڵم، دەمەوێ شتێکت نیشان بدەم."

دەستی کچەکەی گرت و بەرەو لای سنووقەکانی برد. کە گەیشتنە ئەوێ، ئەو بڵقە بچووکانەی جەوی[١] نیشان دا کە درزی سنووقەکانیان نەفەسبڕ کردبوو و لە سەرما دەیانپاراست. جا گوتی:

"ئەمە مۆمی هەنگە. برینەکان ساڕێژ دەکا و بۆ چارەسەرکردنی هەموو جۆرە ئازار و ئێشێک بەکار دێ. دەڵێن گوایە تەنانەت سترادیڤاریش[٢] لە گرتنی درزی

---

[١] جەوی: شتێکە وەک کەتیرە لە هەندێ درەخت و گیا پەیدا دەبێ.

[٢] Antonio Stradivari: ئەنتۆنیۆ سترادیڤاری (١٦٤٤-١٧٣٧) دارتاش و وەستای ئامێرە ژێدارەکان بووە، بەتایبەت کەمانچە. ناوبانگی سترادیڤاریی ئیتالی تا ئێستەش وەک بەناوبانگترین کەمانچەساز هەر ماوە، چونکە کارەکانی و شارەزاییەکەی لە دروستکردنی ئامێرە ژێدارەکاندا کەموێنە و ئەقڵنەبڕ بووە و، پاش مەرگی خۆشی، خێزانەکەی تواناکانی سترادیڤاریی بەرز نرخاند و کوڕەکەی بووە جێگرەوەی و بەردەوامیی بە پیشەکەی باوکی دا.



CamScanner

کەمانچەکاندا سوودی لێ بینیوە، هەر لەبەر ئەوەش بووە کە دەنگێکی سازی لەوەسفبەدەریان هەبووە."

پۆلین کە زانیی هەمان شت بۆ کەمانچە و برینەکانیش بەکار دێت، شاگەشکە بووبوو.

"کەوایە ئەمە بە هەمان شێوەی جەستە، برینەکانی ڕۆحیش تیمار دەکا، دروستە؟"

ئوغلیان گوتی:

"بەڵێ، لە هەردوو باردا وەک پەرجوویەک کار دەکا!"

## ١١

دەر کەوت هەنگەکـــان مۆمی هەنگی و هەنگوینیش بەرهەم دەهێنن. بەڵام ئەمە کۆی بابەتەکە نییە، لە هەمووی سـەیرتر ئەو خۆراکەیە کە شـاژنەکە دەیخوات. پێی دەڵێن خۆراکی شاهانەیی.

ئوغلیان گوتی:

"گەر تەنیا و تەنیا ئەم خۆراکە شـــاهانەییە بخۆم، ئەوا دەبمە نەمر!"

پۆلین ئەم قسانەی بە هەلەقومەلەق و بێبنەما زانین.

"ئەی ئەگەر من بیخۆم، ئەوکات چیم بەسەر دێ؟"

"پاش شانزە ڕۆژ دەبیتە شاژن!"



CamScanner

ئوغليـــان خۆشــــفی بەردەوام بوو لە بەخێوكردنی هەنگەكانی و لە ســێیەم ســاڵدا بووبووە خاوەنی ســەد سنووقەهەنگ.

ســاڵی ١٨٨٨ ســاڵێكی شــووم بوو. لەگەڵ دەستپێكردنی مـانگی نیســـاندا زووقم دای كرد، تەرزەش لە ئـايار و دواتريش لە مانگی ئابدا وشكەســاڵییەكی قرکەر پەیدا بوو و هەر یەک لەمانەش زیانی خۆی هەبوو. بەروبوومی ئەو ســـاڵە هیچ كەڵكی نەبوو، نرخی گەنمەشـــامی بووە دووهێنـدە، گەنم ســێهێنـدە و گوڵەخەزێم و هەنگوینیش دەئەوەندە. بەڵام لە بەختی باشــی ئەوان، لادێی لۆنگلاد لە چەپۆكی ئەم كەشە ناساز و تووشە ڕزگاری بوو.

پاش فرۆشتنی هەنگوینەكە لە ئاغلە، ئوغليان گەڕایەوە و دانیشت تاكوو هەق و حسابێک بكات. پاش ئەوەی حسابە جیـاجیـاكـانی تەواو كردن، بینیی كە پـارەیەكی زۆر و زەبەندی بۆ ماوەتەوە.

هەنگەوانەكە شادمانانە گوتی:

"سامانێكی چكۆلە!"

لیۆپۆڵد دووباره پارەکەی ژماردەوە و بڕوای بە چاوەکانی خۆی نەدەکرد، بەڵام لە کۆتاییدا بڕوای کرد و لێوبەخەندە ڕووی کردە نەوەکەی و گوتی:

"وا دیارە داوای لێبووردنێک قەرزارتم ئوغلیان، چونکە ئاخری دەر کەوت هەنگوینیش پارەیەکی تێدایە!"

دواتر و وەک بڵێیت مەبەستی هیچ شتێکی دیاریکراو نەبێت، گوتی:

"جا گەر تەمای ژنهێنانت هەبێ، ئەوا بەم پارەی گوڵەخەزێم و هەنگوینە دەتوانین زەماوەندێکی شایستە بگێڕین!"

دیار بوو پیرەمێردەکە مەبەستی لە پۆلینە، بەڵام ئوغلیان خەمینانە وەڵامی دایەوە:

"خۆی هاوین وەرزی زەماوەند و ژنهێنانە، جا ئەوەتا دەبینی کە وەک بۆنی گوڵێک ڕەوییەوە، وەلێ هەرچۆنێک بێ من ئەم پارەیە لە دروستکردنی سنووقەهەنگی زیاتردا خەرج دەکەم. هەر کات دەستم بەتاڵ بوو و ئەو کارەم بەجێ گەیاند کە دەستم پێ کردووە، بیرێکیش لە ژنهێنان دەکەمەوە. بەڵام ئێستە عیشقی خۆم دەبەخشمە هەنگەکان."

پۆلین وەک هەنگێک لە ئوغلیانی دەڕوانی کە هەڵوەدای ئەوە بێت گوڵاوگوڵ بکات تاکوو ئەو گوڵە بدۆزێتەوە کە بەلەزەتترین شیلەی پێ دەبەخشێت.

باش لە سرووشتی بزۆک و حەز و خوولیای ئوغلیان بۆ سامان تێدەگەیشت. حەز و خوولیایەک کە لە گەرمیی خۆر و بۆنوبەرامەیەکی خۆش و سەرمەستکەری ناو هەوادا سەرچاوەی گرتبوو.

پۆلین پشوودرێژ بوو و چاوەڕوانیی دەکرد.

چون دەیزانی کە ئاقیبەت هەنگ هەر دەگەڕێتەوە سنووقەکەی خۆی.

وردەوردە خەونی هەنگەوانەکە بووە ڕاستی.

ڕۆژێکیان پاش گەڕانەوەی لە ئاغلە، ئوغلیان پارەکەی لەژێر بەردێکی لەقی کارخانەکەیدا شاردەوە، جا بە نیازی پەپوولەگرتن چووە دەر. پەپوولە دڵخوازەکەی ناوی «لیمۆی پخۆفۆنس» بوو، هێندە زەرد بوو کە لەگەڵ گوڵەباهارەی کێڵگەکاندا لێت تێکەڵ دەبوو و لەناو لەپی دەستدا، لە پرشنگەخۆرێک دەچوو.

زســـتانان ئوغلیان بۆ کۆکردنەوەی قارچک دەچووە شاخێکی سەروو گوندی لۆنگلاد.

بەیانییەکیان پاش خۆشـــکردنەوەی بارانێکی بەخوڕ کە شەو و ڕۆژێک بەسەریەکەوە باریبوو، ئوغلیان فەرشێک قارچکی سەرزەرد و ئاڵتوونیی لە شوێنێکی پڕ گوڵەمۆردا دۆزییەوە. جا چنینەوەیان و سەبەتەکەی لێ پڕ کردن.

ئەو شـــەوە بەدەم پاککردنی قارچکەکان لەســـەر مێزی مووبەقەکە و لە کاتێکدا کە ئاگری ناو ئاگردانەکە کڵپەی دەهات، ئوغلیان بیری لە ژیانی خۆی کردەوە و هەســـتی بە بەختەوەرییەکی ڕاستەقینە دەکرد.

## ١٥

بەڵام ڕۆژێک پاش ئەو شـــەوە هێمن و شـــادە، هەموو شت گۆڕا.

ئوغلیان بۆ بەیانییەکەی درەنگ بەئاگا هات، باوێشـکێکی درێژی کێشـا و خاووخلیچکانە لە جێگەکەی هاتە دەر. جا بەدەم خواردنەوەی قاوەکەیەوە، لە پەنجەرەی موبەقەکەوە خەیاڵاویانە تەماشـــای دەرەوەی کرد. لقەدارەکان بەدەم باوە دەشەکانەوە و هەوا بە شێوەیەکی سەیر زۆر لە هی دوێشەو گەرمتر بوو.

ئوغلیان هاواری کرد:

فۆین[١]، ئەو بایەی خەڵکی شێتوویت دەکا!

زریـانەکە پێشـــوەختە گەیشـــتبووە بەردەم دەرگـای. هەورەبرووســـکەکان ئاســـمانیان ڕووناک دەکردەوە و هەورەتریشـــقەکانیش ســـامناک و هەڕەشـــەئامێزانە

---

[١] Foehn: جۆرە بایەکی وشـــک و گەرمە کە لە ناوچە شـــاخاوییەکانی زۆرێک لە وڵاتان هەڵدەکات، بەتایبەت شـــاخەکانی ئەلب. ڕەگوڕیشـــەی وشـەکە لاتینییە و لە چاخەکانی ناوەڕاستدا بە واتای بای سـەیر هاتووە و دواتریش بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆریی دانیشـــتووانی ئەلب ئەڵمانیزان بوون، وشەکە دزەی کردووەتە ناو زمانی ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئینگلیزی.

دەیانشـــــریخاند. کتوپڕ لە دەرەوە گوێی لە دەنگی لیۆپۆڵد بوو:

"خێراکە ئوغلیـــان خێراکە! هەورەبرووســـــکە لە داربەڕووەکەی داوە و گڕی گرتووە!"

ئوغلیـــان بەرەو کۆتـــایی بـــاخەکە غـــاری دا و بینی سنووقەهەنگەکانی تەنیشت داربەڕووەکە گڕیان گرتووە و هەنگەکان شـێتانە لە سـنووقەکانیان دێنە دەر و خۆیان بە ژووردا دەکەنەوە. لیۆپۆڵدیش لەولاوە بێئۆقرانە تەقەللای کوژاندنەوەی ئاگرەکەی دەدا.

ئوغلیان هاواری کرد:

"سنووقەکان! دەبێ فریای سنووقەکان بکەوین."

بە پڕتاو ڕای کردە لای بیرەکە و بەهۆی دووکەڵەکەوە کەوتبووە کۆکەکۆک، جـا دەســـتی کردە هەڵکێشـــــانی سەتڵەکە.

"خێرا لیۆپۆڵد، خێراکە! دەبێ هەنگەکان ڕزگار بکەین!"

دوو پیاوەکە تاوێک هەر وا لەڕێی خلۆرتەی بیرەکە و ئاوهەڵکێشـــــانەوە هەوڵی خامۆشـــکردنی ئاگرەکەیان دا، بەڵام زانییان کە ئیدی کار لە کار ترازاوە. ئاگرەکە هەموو بەربەســـتێکی بەردەمیی ڕاماڵیبوو، بە هەنگوین و هەنگ و ســـــنووقەکانیشـــەوە و ئاڵتوونی هەنگەوانەکەی کردبووە پەڵەهەورێکی چڕی سوتوو کە بە ئاسماندا بڵاو دەبووەوە.

هەموو ئەوەی لە سـەـــنووقەهەنگە نازدارەکانییەوە بۆی مابووەوە، کۆمەڵە دارێکی ڕەشی کەڵەکەبوو و تەپۆلکەیەک خۆڵەمێشی ڕەشی تەڕ بوو.






CamScanner

## ١٦

حەفتەیەکی تەواو ئوغلیان خۆی لە ژوور کوتی و نەهاتە دەر. زۆر بە ســــادەیی نەیدەتوانی بڕوا بەوە بکات کە ڕووی داوە. ئیـدی نە دڵـدانەوەکـانی لیۆپۆڵـد و نە نەرمونیـانییەکەی پۆڵینیش هیچ ســـووکنـاییەکیـان پێ نەدەبەخشی. ئاگرەکە داروونەداریی لێ سەندبوو و تەنانەت حەوسەڵەی ژیانیشی نەمابوو.

دوو ڕۆژ هەر وا لەسەر جێگەکەی کەوت و ورتەی لێوە نەهات. بۆ بەیانیی ســـێیەم ڕۆژ تەنیا بە نیازی ئەوەی شتێکی تازە بکات و کەمێک وەڕەسیی برەوێتەوە، ڕۆیشت و بەنێو کتێبخـانەکەی باپیریدا کەوتە گەڕان. هـاکەزایی ســـەیری ڕەفەکانی دەکرد، تا بەرگی کتێبێک ســـەرنجی ڕاکێشـــا و لە ڕەفەکە دایگرت و کەوتە خوێنـدنەوەی. کتێبەکە ڕۆمانێک بوو سـەبارەت بە ئەفریقا. سـەربوردەی پیاوێکی دەگێڕایەوە کە ڕووی کردبووە ئەوێ تاکوو زێڕ بدۆزێتەوە.

ئوغلیـان چەند کـاتژمێرێک دواتر و پاش خوێندنەوەی کتێبەکە لە بەرگەوە بۆ بەرگ، خەونێکی ســـەیری بینی؛ خەونێک کە ڕێچکەی ژیانیی گۆڕی.

## ١٧

لە خەونەکەیدا تەکەتەک بە بیابانێکدا ڕێ دەکات، بەڵام هێندە نابا دەگاتە بەردەم کەندێک کە تاڤگەئاوێکی ڕوون و سازگاری پێدا دێتە خوار. ئوغلیانیش شەکەت و ماندوو و تینوو، لەژێریدا دادەنیشێت و کە ئاوەکە کتوپڕ بەر پێستی دەکەوێت، تەزوویەکی خۆش بە سەراپای گیانیدا دێنێت. ئوغلیان هەر وا کەیفخۆش لەژێر فێنکایی ئاوە سازگارەکەدا دەمێنێتەوە کە بە جەستەیدا دێتە خوار.

پاش تاوێک هەر لە خۆوە هەست دەکات کە تەنیا نییە، جا ئاوڕ دەداتەوە و دەبینێت ئافرەتێک بەرەو ڕووی دێت. ئافرەتێکی ڕووتوقووت، بە لەنجەولارێکی نامۆی شکۆدارەوە نزیک دەکەوتەوە. چاوەکانی و قژی ڕەش بوون، بەڵام پێستی ئاڵتوونی بوو. ئوغلیان هەوڵی دا بیدوێنێت، بەڵام هەرچیی دەکرد زاری بەسترابوو و وشەیەکی بۆ گۆ نەدەکرا.

ئافرەتەکە بە هێواشی دەستی بەرز کردەوە و لەو کاتەدا تاڤگەی ئاوە بێڕەنگ و بەخوڕەکە گۆڕا بە سوڵاڤێکی خەستی هەنگوینی ئاڵتوونی.

## ١٨

ڕۆژێک دواتر، هەنگەوانەکە ڕۆیشت تا بەشوێن باپیرەیدا بگەڕێت.

چاوی بڕییە چاوانی شینی باپیرەی و گوتی:

"دەچم و بەشوێن زێڕدا دەگەڕێم."

دیار بوو کە پیرەمێردەکە لە قسەکانی تێنەگەیشتووە.

"من لۆنگلاد و پخۆفۆنسیش جێ دەهێڵم. یانی فەڕەنساش جێ دەهێڵم."

"ئەی هەنگەکان چی؟"

ئوغلیان وەڵامی نەدایەوە. چوو جانتاکەی پێچایەوە و پاش سەیرکردنی ئاگری بەقرچەقرچی نێو ئاگردانەکە، بڕیاری یەکجارەکیی ڕۆیشتنی دا. جا پاتەی کردەوە:

"دەچم و لە ئەفریقا بەشوێن زێڕدا دەگەڕێم."

پاشان جانتاکەی بە شانیدا دا و ڕێی خۆی گرتە بەر.



CamScanner

ئاوڕی دایەوە تا بۆ کۆتا جار چاوێک بە خانووەکەیاندا بخشێنێتەوە. باپیرەی هەندێک دارلیمۆی لە حەوشەی ماڵەکەدا ناشتبوو و ئوغلیان لەو کاتەدا بیری چووەوە سەر ئەو بەیانیانەی کە خۆر بەسەر کێڵگەکانەوە هەڵدەهات و لەوێ دادەنیشت و لیمۆی بە دەست دەگوشی. جا سەیری کێڵگەکان و ئاسەواری ئەو خۆڵەمێشەی کردەوە کە لە کۆتایی باخەکەدا تەپە کرابوو و کەس زاتی نەبوو لای بەرێت.

لیۆپۆڵد بەشوێنیدا چووە دەر. جا لێی پرسی:

"بەڵام بۆچی زێڕ؟ زێڕ ئەو خۆشبەختییەت بە نسیب ناکا کە تۆ بەشوێنیدا عەودالی."

ئوغلیان ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. هیچ شتێک نەمابووەوە بۆ وتن.

"ئەی هەنگەکان چی؟ خۆ دەتتوانی سەرلەنوێ دەست پێ بکەیتەوە، لەلایەکی تریشەوە هەمیشە گوڵەخەزێممان هەیە."

"تکایە باپیرە، لێگەڕێ بڕۆم."

پیرەمێردەکە هەر وا لەوێ ڕاوەستا و بە چاوە شینەکانی هەوڵی دا مەزەندەی بیرۆکە قووڵەکانی نێو سەری ئوغلیان



CamScanner

بکات. جا کە ئەوەی بینی، سووکنایییەکی بە دڵی بەخشی، چونکە لە چاوانی لاوەکەدا دەشتێکی چۆڵوهۆڵ و قاقڕی بەدی کرد.

"دەتەوێ بڕۆی وا نییە؟ زۆر چاکە، ڕێگریت لێ ناکەم. بەس ئەوەندەم پێ بڵێ بۆچی ئەفریقا؟"

"چونکە خەونێکم بینی. لە خەونەکەشدا شتێکی سەبارەت بە ئافرەت و ئەفریقا تێدا بوو."

ئەمە ئەو وەڵامە نەبوو کە لیۆپۆڵد چاوەڕوانی بوو، بەڵام دواجار هیچی لەدەست نەدەهات. هەر بۆیە لەوێ وەستا و سەیری پشتی ئوغلیانی کرد کە لە ڕێگە چەوڕێژکراوەکەدا ون دەبێت.

ئوغلیان له ڕێگەیدا لای دایه میوانخانەکه و لەسەر مێزیک دانیشت تاکوو نامەیەک بنووسێ.

کلۆڤیس گوتی:

"ئەی پۆلین؟ گەر بڕۆی، یەکێکی تر هاوسەرگیریی لەگەڵ دەکا."

ئوغلیان به دەست ئاماژەی کرد بڕوات بەولاوە، وەک ئەوەی هەوڵی تارنانی دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامی وا بدات که نایەوێت بیری لێ بکاتەوە. هاوکات نامەی بۆ پۆلین دەنووسی.

جا گوتی:

"گەر به ڕاستی منی بەلاوه گرنگ بێ، ئەوا لەسەرم دەوەستێ."

"جا با واش بێ! ئەی ئەگەر درەنگ گەڕایتەوه و ئەو شووی کردبوو؟"

ئوغلیان به هێمنی خەندەیەکی کرد.

"ئەوکات دەر دەکەوێ که پۆلین کەسه شیاوەکه نەبووه بۆ من."

## ٢١

پۆلین لەزگەی لە بوتڵی گوڵەخەزێمەکان دەدا کە ئوغلیان چاوی پێی کەوت. تەواو لە کارەکەیدا قاڵ بووبووەوە و زۆر ورد لەزگەکانی لە سەری خڕی یەک بە یەکی بوتڵەکان دەدا.

ئوغلیان بۆ ساتێک دوودڵانە وەستا و بە کچەکەدا ڕاما. جا گوتی:

"من دەڕۆم."

"بۆ کوێ؟"

"ئەفریقا."

ئوغلیان بەر لەوەی دەس بە قسە بکاتەوە، کەمێک وەستا.

"دەچم تا بەشوێن زێڕدا بگەڕێم."

پۆلین بۆ ساتێکیش چاوی نەترووسکاند، بەڵکوو هەر وا سەرنجی لەسەر بوتڵە شینە تاریکەکەی نێو دەستی چڕ کردبووەوە. پاشان بە زمانێکی شیرین گوتی:

"لێرەش زێڕ هەیە. ئەوەتا بە بەرچاوتەوە، بەڵام تۆ نایبینی."

پۆلین زۆر نەرمونیانانە دەدوا و بە هیچ شێوەیەکیش لە دەنگیدا ئاسەواری هەستوخوستە جۆشنسەندووەکانی ناخی دەرنەدەکەوت.

بەڵام ئوغلیان گوێی نەدەدا، چونکە گەشتەکەی دەستی پێ کردبوو و نەیدەتوانی لەوە بەولاوە بیر لە هیچ شتێکی تر بکاتەوە. دواتر گوتی:

"ئەمە بگرە، نامەم بۆ نووسیوی. وا بزانم تۆ ناوی دەنێی نامەی عاشقانە."

دەنگی هێندە نزم بوو کە شتێکی لە چرپە گەڕابووەوە. جا ئەمەشی بۆ زیاد کرد:

"ئەمە نامەیەکە و بەڵێنێکی تێدایە، تکایە دوای ڕۆیشتنم بیکەرەوە."

جا زەرفێکی سپیی دایە دەست کە نووسینێکی شەرەپشیلەیی بە ڕەنگی ڕەش بەسەرەوە نووسرابوو.

"زۆر باشە ئوغلیان، ڕەنگە ئەمە بۆ هەردووکمان باشتر بێ. با هەنگەکە سنووقەکەی جێ بهێڵێ، ئەوکات دەیخوێنمەوە."

زەرفەکەی لە دەست وەرگرت و کردی بەناو کراسەکەیدا، تاکوو لەوێ بە دڵەی بەخورپەیەوە بچەسپێ.

ئوغلیان خۆشفی خۆی لە ڕێگەی *مارسیلیا*دا بینییەوە و بە هێواشـــی ڕێگەی خەونەکانیی گرت بەر کە حەبەشـــە[1] بوو. لەو کتێبەدا کە تـــازە لە خوێنـــدنەوەی بووبووەوە، نووسرابوو حەبەشە ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ تێیدا دەتوانی بە ســـامانەکەی بگات. ولاتێکی هێندە گەورە و فراوان بوو کە هێشـــتا هەندێک لە هەرێمە زەبەلاحەکانی بە تەواوی نەدۆزرابوونەوە.

ئەوەی ڕاســـتی بێـت ئوغلیـان نەیـدەزانی لەوێ چیی دەدۆزێتەوە، هێندەی دەزانی کە چارەنووســـی ئەو گەڕانە بەشوێن شتێکدا. شتێک لە ڕەنگی خۆر.

---

[1] Ethiopian Empire: ئیمپڕاتۆریەتی ئەسـیوبیا، یاخود ناوە عەرەبییەکەی کە پێی دەڵێن حەبەشـــە، ئیمپڕاتۆرییەتێکە لە ســـاڵی ١٢٧٠دا لەلایەن یکونو *ئەملاکە*وە بنیـاد نراوە و لە ئێســـتەدا دەکەوێتە نێوان هەردوو ویلایەتی ئەسیوبیا و ئەریتریا.

بەنێو ئاغلەدا تێپەڕی و لە هۆتێل کاریلی غوی کاڤالغی گیرسایەوە.

ئەو دەمەی لە بانجێڵەی میوانخانەکە دانیشتبوو و قومی لە ئەفسەنتینەکەی دەدا، سەرنجی پیرەمێردێکی دا کە لەسەر شەقامەکە وێنەی دەکێشا. پیرەمێردەکە شێتانە وێنەی دەکێشا، بەڵام وێڕای جووڵە هەڵەشانە و خێراکانی، هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات. دەتگوت بەسەر دونیاوە نییە و لە بلّقی خەونەکاندا دەژی کە دواجار لەویش ئێجگار تەنیا بوو. قژی سوور بوو، کڵاوێکی پووشیی لە سەر نابوو و کراسێکی شینی سملیشی لە بەر کردبوو. نیگای ئێجگار تەمومژاوی و دووربین بوو.

کاتێک ئوغلیان لێی نزیک کەوتەوە، بینیی پیرەمێردەکە خەریکی کێشانی وێنەی خۆیەتی. جا سەیر لەوەدا بوو کە بێ ئاوێنە وێنەکەی دەکێشا و زۆریش لە خۆی دەچوو.

ئەوەی مایەی سەرسامی بوو، ئەوە بوو کابرا بۆ کێشانی وێنەی خۆی تەختەڕەنگێکی بەکار دەهێنا کە یەک دنیا ڕەنگی بەسەرەوە بوو: زەردی لیمۆیی، سەوزی کاڵ، زەردی ژەنگاوی و سەوزی زمرووتی. یانی ڕەنگەکان هێندە زۆر بوون کە تەماشای تەختەڕەنگەکەی دەستیت دەکرد، دەمودەست گێژ دەکەوتیت.

"زۆر جوانە، ئەو هەموو ڕەنگە جیاوازە."

نیگارکێشەکە وەک ئەوەی نە بای دیبێ و نە باران، لەسەر کارەکەی خۆی بەردەوام بوو.

پاش ماوەیەکی درێژ، سەیرێکی ئوغلیانی کرد و گوتی:

"چی لەبارەی ڕەنگەکانەوە دەزانی؟"

"هیچ."

"کەوایە چیت لە من دەوێ؟"

ئوغلیان لە شەرماندا وەخت بوو بەناو زەویدا بچێت، بەڵام گوتی:

"دەمەوێ تابلۆی ئافرەتێکم بۆ بکێشی."

نیگارکێشەکە هەر وا لە کارەکەی بەردەوام بوو.

"پارەیەکی وام پێ نییە، بەڵام بوتڵێک بەری گوڵەخەزێمم پێیە کە دەتوانم لەبەرانبەریدا بتدەمێ."

ئوغلیان جانتاکەی کردەوە و بوتڵە شینەکەی بە دەستەوە گرت.

"ئەی کەی دێ؟"

"کێ؟"

"ئەو خاتوونەی بڕیارە وێنەی بکێشم."

"ئۆو، بەو جۆرە نییە، نایێ!"

بێدەنگییەکی دووروودرێژ باڵادەست بوو و لەو کاتەشدا نیگارکێشەکە هەر وا سەرقاڵی کارەکەی بوو. جا ئاخری سەری وەرچەرخاند و گوتی:

"باشە، کەوایە چۆن وێنەی ئافرەتێک بکێشم کە تەنانەت ناشی ناسم؟"

ئوغلیان سەرنجی دا کە ڕووخساری خودی کابرای نیگارکێش تێکەڵەیەکە لە ڕەنگی دژبەیەک: ڕیشێکی زەرد و سوور، چاوانێکی شین و قژێکی زەنجەفیلی.

"ئەو ئافرەتەی باسی دەکەم زۆر جوانە و پێستیشی ئاڵتوونییە."

نیگارکێشەکە برۆیەکی بەرز کردەوە و گوتی:

"گوتت پێستی ئاڵتوونی؟"

"بەڵێ، هەر ئەوەندەم لە خەیاڵە، ماباقییەکەی خۆت دەبری کە."

نیگارکێشەکە ئەمەی بە بیرۆکەیەکی ناوازە زانی کە وێنەی ئافرەتێک بکێشی ئەسڵەن بوونی نییە، بەڵام وێنەکەی وەک تارماییەک بەشوێن ئەم پیاوەوەیە.

کانڤسێکی[1] تازەی خستە سەر سێپای نیگارکێشانەکە، جا فڵچەکەی بەنێو ڕەنگەکانی سەر تەختەڕەنگەکەدا چەقاند و دەستی پێ کرد.

سەرلەئێوارە تابلۆکە تەواو بوو. دەستاودەست تابلۆکە و بوتڵەکەیان پێکەوە گۆڕییەوە.

ئوغلیان لە تابلۆکەی ڕوانی و ئافرەتێکی چاو و قژڕەش و پێستئاڵتوونیی بینیی. جا سەری لەقاند و گوتی:

"خۆیەتی."

نیگارکێشەکەش گوتی:

"هەر زانیم."

دواتر شتەکانی پێچانەوە و ماڵئاوایی کرد.

ئوغلیان داوای لە خاوەنی هۆتێلەکە کرد ئەو دەمەی خۆی لەوێ نییە و لە گەشتە، چاوێکی لە تابلۆکە بێت.

"لە ڕێگەی گەڕانەوەمدا دەیبەمەوە. ناوم ئوغلیان خۆشفێیە، بیرت نەچێ."

"باشە کەی دەگەڕێیتەوە بۆی؟"

لاوەکە خەندەیەکی کرد و گوتی:

"گەر وەڵامەکەیم بزانیبا، ئەوا نەدەڕۆیشتم!"

---

[1] Canvas: جەواڵ، خەرار، گووش، ماددەیەکە بۆ دروستکردنی هەندێ قوماش بەکار دێت. لە بەربڵاوترین بەکارهێنانەکانی ئەوەیە کە ئەو پارچە قوماشەی پێ دروست دەکرێ کە وێنەکێشان وێنەی بەسەرەوە دەکێشن.



CamScanner

لە ڕۆژی سانت سیلیندا[1]، ئوغلیان لە بەندەری مارسیلیا سوار بەلەمێک بوو و بەرەو زەریای سوور کەوتە ڕێ.

ڕێکردنەکەیان هێواش و دلگیر بوو، دروست وەک گەشتێکی دەریایی کە دەشیا بەو جۆرە بێت. سەرەتا بەسەر ئاوی شینی دەریای ناوەڕاستدا گەشتیان کرد، دواتر گەیشتنە شیلانی گردەکانی زەریای سوور و لە کۆتاییشدا چوونە ناو خاکی ئاڵتوونیی ئەفریقا.

ئوغلیان ئەم جارەیان بە تاقی تەنیا ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی خۆی گێڕا. تەمەنی بیستوسێ ساڵ بوو و هێشتا هەر گەنج بوو، بەڵام بۆ یەکەم جار لە تەمەنیدا، وەک ئەوەی قومی لە پەرداخێک ژەهرەوە دابێ، هەستی کرد وردەوردە ڕۆحی دەردەچێت، وەلێ خۆ ئەو جەستەی دەردەدار و بیمار نەبوو، بەڵکە ڕۆحی بوو. هەر ئەمەش وای کردبوو هەست بکات کە ڕۆحی ئێجگار قورسە و هاوکات بێڕادەش سووک، وەک ئەوەی پێشتر بە چەندان ژیاندا گوزەری کردبێت. ئەمەی کە ئێستە تێیدا دەژیا، حەوتەم دانە و دواهەمینیان بوو.

---

[1] Saint Celine: جەژنێکی مەسیحییە کاسۆلیکییەکانە.

شەپۆلەکانی دەریای ناوەڕاست خۆیان بەملا و بەولای کەشتییەکەدا دەکێشا و ئەمەش ئوغلیانی تووشی سەرەگێجەیەکی سەیر دەکرد. لە هەر کوێی دەڕوانی، هەر شین بوو؛ شینێک ڕەق و بێبەزەیی بە ئەندازەی پارچەکانی بەردەئەستێیەک؛ شینێک سارد هێندەی مانگ.

ئیدی تا خۆر لەژێر شەپۆلەکانەوە ئاوا نەبوو و ئاوی زەریاکە ئاڵتوونی نەچووەوە، ئوغلیان حاڵی خاس نەبووەوە.

بەلەمەکە لە بەندەری سەعید کە تێیدا لمی بیابان و ئاوی زەریا تێکەڵی یەک بووبوون، یەکەم لەنگەری خۆی گرت. لە شـــوێنێکی وادا مرۆڤ جگە لە چاوەڕوانی هیچی تری شک نەدەبرد تا خۆی پێوە سەرقاڵ بکات.

ئوغلیان بڕیاری دا سەردانێکی شارۆچکەکە بکات، بەڵام لە داخی بازرگانانی دوکانەکان کە ســەریان خســتبووە ســەری و ســواڵکەرانیش کە وەک ســێبەر پێیەوە نووسـابوون، گەڕایەوە کەشـتییەکە و پێی نەنایەوە سـەر وشکانی.

ئەو شـــەوە ئوغلیان بێدار مایەوە و گوێی لە وەڕەوەڕی ئەو سەگانە گرت کە تا دەمەوبەیان وەڕین. جا ڕۆیشت تا پیاســەیەک بەســەر ڕووی کەشــتییەکەدا بکات و تەواو دڵخۆش بوو بەوەی کە زیندووە. ئەو لەو شــوێنە بوو کە تێیدا دوو جیهان بەیەک دەگەیشــتن. لە پشــتییەوە ئاوی هێمن و شینی فەرەنساى جێ هێشتبوو و لەبەردەمیشیدا کە کەم تـا زۆر بە چـاو دەبینـدرا، زەریـای ســوور چاوەڕوانیی دەکرد. هێندە نابا ســەرەتاکانی ڕۆژهەڵات تێدەپەڕێنێت و دەگاتە ناوجەرگەی جیهان.

له ساڵی ١٨٦٩دا کەنداوی سوێس کرایەوە. لەسایەی سەری فێغدیناند دو لیسێپسەوە هەنووکە سەرکەش و گەشتیار و بازرگانەکان ڕێگەیەکی تازەیان بۆ گەیشتن بە ئەفریقا بۆ کرابووەوە. هەرچەند کارێکی شێتانە بوو ڕێگە بدرێ ئاگری زەریای سوور تێکەڵ بە شینایی دەریای ناوەڕاست ببێت، بەڵام نۆزدە ساڵ دواتر، ئوغلیان خۆشفی ئەم سەرکێشییەی کرد.

کە شەو دادەهات، بەلەمەکە هێدی هێدی بەسەر ئاوی کەنداوی سوێسەوە ڕێی دەکرد و ئوغلیان هەر لەوێ ڕادەوەستا و لەو شەپۆلانە ڕادەما کە لە ئەنجامی پێکدادانی ئاوی دوو زەریای مەزنەوە دروست دەبوون. ئێستە دەیتوانی بۆنوبەرامەی بەهارات و ڕۆژهەڵات هەڵبمژێت و دەیزانی کە گەیشتووەتە کەنارەکانی ئەفریقا.



CamScanner

## ٢٨

کەشتییەکە لە بەندەری عەدەنی یەمەن گیرسایەوە و ئوغلیان دابەزییە سەر وشکانی. جگە لە چاونەترسی و سرووشتی بێباکانەی خۆی، هیچی تری لەگەڵ خۆیدا نەهێنابوو.

عەدەن گڕکانێک بوو. دەمەگڕکانێکی مەزن بوو لە دیمەنێکی مانگئاسادا، کە تێیدا زەوی لەلایەن چەندان خۆرەوە ئاگری تێ بەردرابوو و وەک توێکڵی پرتەقاڵ کون کون بووبوو. گەرمای عەدەن خنکێنەر بوو و بەردە گڕکانییە گەرمەکانی ژێر پێش وەک پشکۆ داگیرسابوون و پێدەچوو نیازیان نەبێت هەرگیز سارد ببنەوە.

بەڵام ئوغلیان هەر پێی نایە سەر وشکانی، زانیی کە دواجار ماوەیەکی درێژ لەو تەنوورەدا نامێنێتەوە. سەیرێکی باشووری کرد و بەردە نووکتیژەکانی ستریمەر پۆینتی[١] بینین کە لە زەریاکەوە سەریان هێنابووە دەر، جا دووبارە هەست و حەزی بەڕێکەوتنەوە لە کەللەی دایەوە. مێشکی ئوغلیان جگە لە یەک بیرۆکە هیچی دیکەی تێدا

---

[١] Streamer Point: ناوی بەندەرێکی کۆنی یەمەنییە لە عەدەن کە ئەوکات لەژێر ڕکێفی بەریتانیادا بووە و خاڵێکی گرنگ بووە بۆ گەیشتن بە هیندستان.

نەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە زەریای سوور تێپەڕێنێت و زیاتر بچێتە ناوجەرگەی ئەفریقاوە.

بەرەو لای یەکەم کۆمەڵەپیاو کەوتە ڕێ کە لە بەندەرەکەدا بینیبوونی. جا گوتی:

"هاتووم تاکوو بەشوێن زێڕدا بگەڕێم، لە کوێ دەتوانم بەلەمێک پەیدا بکەم و ئاوەکە تێبپەڕێنم؟ دەمەوێ بگەمە هەرار[1]؟"

پیاوەکان هەمووی کەوتنە قاقای پێکەنین. یەکێکیان، کە پیرەمێردێک بوو ددان لە دەمیدا نەمابوو، زەردەخەنەیەکی کرد و پووکی گەنیو و سەوزهەڵگەڕاوی دەرکەوت. جا کوتە بەڵغەمێکی تف کردە سەر عەردەکە و گوتی:

"یەک شتیش لە ئەفریقا نادۆزیتەوە! مەگەر هەژاری و دەرد و مەرگ بدۆزیتەوە. لە کوێوە هاتووی بگەڕێوە، ئەگینا ئاوات بە مەرگت دەخوازی!"

ئۆغلیانیش گوتی:

"ئەسڵەن بە خەیاڵیشمدا نایەت!"

---

[1] Harar: هەرار شارێکە لەنێوان سەدەکانی ٥ و ١١دا بنیاد نراوە و دەکەوێتە بەرزایی گردێکەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئەسیوبیا. بە درێژایی مێژوو شارەکە بە شاری پیاوچاکان و گرنگترین خاڵی بازرگانیی ئەسیوبیا ناوبانگی دەرکردووە.

جا جانتاکەی هەڵگرت و سەرێکی ماڵئاواییکەرانەی لەقاند و بەرەو شارۆچکەکە هەنگاوی هەڵگرت.

پیرەمێردە بێدانەکە دەیزانی کە قسەکانی هیچ کاریگەرییەکیان نابێت، چونکە لە چاوانیدا ئەوەی بەدی کردبوو کە ئوغلیان شوێن خەونێک کەوتووە.

له عەدەن تەنیا دوو ئەگەر هەبوون: یان دەبوو بگەڕێیتەوە، یا ئەوەتا زەریای سوور تێپەڕێنیت. ئیتر مانەوەش تێیدا، بۆ خۆی برژانێکی هێواش بوو بە زیندوویی.

ئوغلیان ئاخری گەوتە گەل کاروانێکی بازرگانی. بازرگانەکان کەسانی سەوداکار بوون و باروبنەی وشترەکانیشیان پێک هاتبوو لە زەیت و مۆم و چەک. پێشنیاریان بۆ ئوغلیان کردبوو کە لەبەرانبەر برە پارەیەکی زۆردا، لەگەڵ خۆیان بیبەن.

لێیان پرسی:

"بۆ کوێ دەچی؟"

"دەمەوێ بڕۆمە شاری هەراری پیرۆز."

"کەوایە لەگەڵمان وەرە."

بەم جۆرە ئوغلیان چووە کاروانەکەوە.



CamScanner

کاروانەکە بە ئوغلیان خۆیشییەوە لە حەوت پیاو پێک هاتبوو، گشتیان پێستیان خۆربردە بووبوو و بەهۆی بای لمینیشەوە هەڵی دابوو. حەوت پیاو بەسەر پشتی وشترەکانیانەوە ڕێی گەشتێکی مەترسیداریان بەرەو شانشینێکی نەناسراو گرتبووە بەر. سەرقافلەکەیان پیاوێکی یەمەنی بوو، چاوەکانی بە ئەندازەی تاریکیی شەو ڕەش بوون و شمشێرێکی چەماوەی شەڕەنگێزانەشی بەستبوو کە بۆ ساتێک دەستبەرداری نەدەبوو. ئەم پیاوانە لەپێناو چنگخستنی سامانێکی خێرا و مفتتدا بەڕێ کەوتبوون تا کاڵاکانیان بە سەرۆکی هەرار بفرۆشن.

بەڵێ هەموو جار کە بەڕێ دەکەوتن، تەما و نیازێکی وەها لە سەریاندا خوولی دەخوارد. ئوغلیان هەموو بەیانییەک لە مەیدانی جەڵەبچیانی وشتردا دەیبینین کە چادریان هەڵدەدا. هەر لەوێ و لەبەردەم خانووە گرانبەهاکەی ئۆگەست جانقیەردا بێدەنگ دادەنیشتن و چاوەڕوانیی ساتێکی گونجاویان دەکرد تاکوو لە یەکدی جیا ببنەوە. هەموو بەیانییەک سەرقافلە یەمەنییەکە نیگایەکی مات و حەسرەتباری دەگرتە ئوغلیان و ڕای دەگەیاند کە گەشتەکەیان وەستێندراوە.

"بۆچی ئاخر؟ چاوەڕێی چین؟"

"چاوەڕێین تاکوو جانقیەر پارەمان بداتێ."

ئۆگەست جانقیەر پیاوێک بوو ناوبانگی لە ئەقڵدا نەبوو.

بێئەندازە دەوڵەمەند بوو و جوانترین و گرانبەهاترین خانووشی لە عەدەندا هەبوو.

بە چاوێکی سووکەوە سەیری یەمەنییەکانی دەکرد و ڕقیشی لە ئافرەتان بوو.

خاوەنی سەدان پاوەند و چەند تەنێک زێڕ بوو.

بەڵام بەقەد زۆروزەبەندی سامانەکەی، ڕۆحیشی پیس و چەپەڵانە بوو.

## ٣٢

سێ ڕۆژی ڕەبەق بازرگانەکان لەبەردەم ماڵی جانڤیەردا مانەوە. سەرقافڵەکە گوتی:

"ئۆگەست جانڤیەر هەرگیز پارە نادا."

ئوغلیان پرسیی:

"بۆچی؟"

"چونکە دەوڵەمەندە، ئەوانەی پارەیان هەیە چرووک و ڕژدن، هەر بەوەش دەوڵەمەند بوونە."

"چەندت قەرزارە؟"

"سەد کیلۆ قاوە و هەزار تالەر[1] قەرزارمانە."

"باشــــە، گەر پارەکەت بداتەوە، گەشــــتەکە دەســــت پێ دەکاتەوە؟"

"بەڵێ."

هەنگەوانەکە بۆ ساتێک تێفکری، جا گوتی:

"زۆر چاکە، با بڕۆینە خزمەت ئەم بەڕێز جانڤیەرە."

---

[1] Thaler: تـالەر دراوێکی زیوینە کە ئەســـتوورییەکەی ٤٠مم دەبێت و کێشەکەشی لەنێوان ٢٥ بۆ ٣٠ گرامدایە و لە شانشینی ڕۆمانی کۆندا بەکار هاتووە و تا ئێســـتەش لە زۆر شـــوێن بە شـــێوەیەکی فەرمی مامەڵە و ئاڵوگۆڕی پێوە دەکرێت.

بەم جۆرە دوو پیاوەکە چوونە ماڵی جانڤیەر. وەک ئەوروپییەک، ئوغلیان تووشی هیچ ئاستەنگێک نەبوو لە چوونەژوورەوەی خانووی دەوڵەمەندترین بازرگانی هەرێمەکەدا.

ئۆگەست جانڤیەر چاوەڕوانیی ئەوانی نەدەکرد، لە ڕاستیدا چاوەڕێی هاتنی هیچ کەس نەبوو. کاتێک خۆیان بە ژوورەکەیدا کرد، چاویان بە پیاوێکی بەشانوشکۆ کەوت کە دەمودەست نیگایەکی دڕی گرتنێ.

"کێ مۆڵەتی چوونەژوورەوەی پێ دان؟"

ئوغلیان گوتی:

"هیچ کەس!"

دواتر ئاماژەی بە سەرقافڵە یەمەنییەکە کرد و گوتی:

"بۆچی پارەی ئەم پیاوە نادەیتەوە؟"

کابرای قافڵەچی لە نووکی پێوە تا تەوقی سەر وەک بی هەڵدەلەرزی و ورتەی نەکرد.

"یەک تالەریش نابینێ، چونکە هیچی قەرزار نیم. من تەنیا لەگەڵ خەڵکانی شارستاندا مامەڵە دەکەم، ئەو

قاوەیەش باسی دەکەن لە بازرگانێکی سپیپێست دزرا و منیش پارە نادەمە دزەکان."

ئوغلیان گوتی:

"کەوایە ئێستە تۆ قەرزاری منی. چونکە ئەو قاوەیە هی من بوو و منیش متمانەی خۆم بەخشییە ئەم پیاوە تاکوو بۆم بفرۆشی. بەم پێیە ئێستە تۆ هەزار تالەر قەرزاری منی."

ئۆگەست جانقیەر بە ئەستەم سەرسامیی خۆی شاردبووەوە. چاوی بڕییە ئوغلیان و گوتی:

"درۆ دەکەی."

ئوغلیانیش وەڵامی دایەوە:

"ئادەی بۆمان بسەلمێنە، ئینجا بشیسەلمێنە کە خۆت قاوەکەت نەدزیوە!"

ئۆگەست جانقیەر خەندەیەکی کرد و بەستەیەک کاغەزی لە گیرفانی دەرهێنا.

"بەهەرحاڵ ئەم پێنج سەد تالەرە بگرە، هەرچەند قاوەکە لەوە کەمتریشی دەکرد. جا ئێستە بەرۆکم بەردەن و بڕۆن، بەڵێنیشم بدەیێ هەرگیز مامەڵە لەگەڵ خەڵکانی ناوخۆدا نەکەی."

ئوغلیان پارەکەی وەرگرت و دایە دەست قافلەچییە یەمەنییەکە. پاشان بەرەو دەرگەکە هەنگاوی هەلگرت و چاوی لەسەر جانڤیەر لا نەبرد.

جا بەدەم چوونە دەرەوەوە ئاوڕی دایەوە و گوتی:

"خەمت نەبێ!

"قسە و بەڵێنی من لە زێڕە زێڕ!"



CS CamScanner

کاتێ لە مەیدانی جەڵەبچییەکاندا سـەرقافڵەکە بەستە کاغەزەکەی لە گیرفان دەرهێنا، یەمەنییەکان لە خۆشـی و شادیدا کردیانە هەرا. قافڵەچییەکە گوتی:

"نازانم چۆن سوپاست بکەم؟"

"بمگەیەنە شاری پیرۆزی هەرار و بەو جۆرە سوپاست کردووم."

"وای دانێ جێبەجێ کراوە. بەڵام هیچی ترم پێ دەکرێ بۆتان؟"

"تەنیا بەڵێنم بدەرێ کە هەرگیز مامەڵە لەگەڵ ئەو پیاوەدا نەکەیتەوە."



CS CamScanner

## ٣٥

ئەو شەوە عەدەنیان جێ هێشت. هەر کە دونیا تاریک داهات، وشترەکانیان بار کردن و شتومەکەکانی دیکەشیان سەر خستە بەلەمێکەوە. ئوغلیان هیچی نەدەگوت و گوێی بۆ دەنگەکانی دەورەبەری شل کردبوو. ئەو شتانەی کە بەرچاوی دەکەوتن جادوویی بوون، ئاوی مەنگ و شەوی بۆنخۆشی گەرم و دەریای شیلان[1]. ئەمە ئەفریقای ڕاستەقینە بوو، جا هەر لەوێ و لە ئاخروئۆخری ئاوەکەدا کە لە بەرڕووناکیی ئەستێرەکانی ئاسماندا دەدرەوشایەوە، خاکی ئەفریقا دیار بوو.

ڕۆژێک دواتر گەیشتنە زیلا و بەرەبەرە لە ڕۆخەکانی زەریای سوور دوور کەوتبوونەوە و بەرەو بیابانی سۆماڵی دەچوون.

گەشتە ڕاستەقینەکە لێرەوە دەستی پێ کرد.

---

[1] Coral Sea: نێوی دەریایەکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئوستڕالیا و ئەم وڵاتە لە دوورگەکانی دەوروبەر جیا دەکاتەوە. دەریای شیلان لە سنووری ویلایەتی کوینزلەند دایە و بەربەستی مەزنی شیلانی ئوستڕالیا لەم ناوچەیەدا هەڵکەوتوون کە زیاتر لە ٣،٠٠٠ تیرەی شیلانی و ٩٠٠ دوورگەی جیاواز بوونیان هەیە.

بیابانی سۆماڵ شوێنێکی بێڕەحم و تووش بوو، بە ڕۆژ دەتگوت تەنوورە و بە شەویش وەخت بوو ڕەق ببیتەوە. دایمەی خوا با گڤەی دەهات، تۆزقاڵێک سەوزایی بۆ دەرمان لەو ناوەدا بەدی نەدەکرا و ئەو بەردانەش کە مرۆڤ بەسەریاندا دەڕۆیشت، وەک بەردئەستی باریک و تیژ بوون. لەپاڵ ئەمانەشدا پڕ بوو لە مار و دووپشک و جرۆجانەوەری دڕندە و مرۆڤ دەبوو خەمێک لە تینوویەتیی خۆی بخوات، ئیدی با نەخۆشی و خێڵە دەشتەکییەکانیش لەولاوە بوەستن و لە هەمووشی خراپتر، خودی خۆرەکە. ئەو خۆرە بەتین و داخلەدڵەی کە بە ئاسمانی ساماڵەوە بەردەوام دەدرەوشایەوە.

ئەمە ئەو شوێنە بوو کە وێڕای ئەو هەموو گەرمی و مەترسییە، دەبوو گەشتیاران بە ناچاری بێنە ژێر باری هەلومەرجەکانی و چەند حەفتەیەک پێیدا ڕێ بکەن. لە سیانزەیەمین ڕۆژدا، یەکێک لە یەمەنییەکان کەوتە بەر پەلاماری ئاژەڵی دڕندە و بەهۆی سەختیی برینەکانییەوە گیانی سپارد. هێندەی نەبرد دوو پیاوی دیکەیان کە لەپێشەوە ڕێیان دەکرد، بە دەستی خێڵەکییەکی وەحشی و دڕندە کوژران. چوارەم پیاو تووشی سکچوونێکی سەخت بوو و چەند کاتژمێرێک دواتر مرد، پێنجەم دانەش بە

مەلاریا. ئەوانەش کە مابوونەوە، شـــەکەت و پرزەلێبڕاو[1]، بە ناچاری دەبوو هەندێک لە بارە نازدار و گرانبەهاکانیان بخەن و لە دوای خۆیانەوە ماڵئاواییان لێ بکەن.

تا زیاتر دەچوونە ناو بیابانەکە، زیاتر هەسـتیان دەکرد کە لەگەڵ پووچییەتییەکدا دەستەویەخە بوون. هەموو ڕۆژ هەمان خۆر هەڵدەهات، هەموو جار کە چادرەکانیان هەڵدەگرت، دۆزەخێک چاوەڕێی دەکردن، هەموو هەنگاوێکیش ئازارێکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا.

بیابانی سۆماڵی بۆ ئوغلیان سەرەتایەکی تۆقێنەر بوو. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا، هەسـتی بە گرنگی و بەنرخیی ژیان دەکرد. لە بیاباندا ژیان تەنیا و تەنیا لەسـەر یەک شت وەستابووەوە: ئاو. ئاو زێڕی بیابان بوو.

وەختێک دواهەمین دڵۆپەئاو تکایە سـەر زمانی هەنگەوانەکە، دوو پیاوەکە لە یەکیان ڕوانی و زانییان کە لەوەودا ژیانیان کەوتووەتەوە سـەر ئەوەی کە چەندە بەرگەی تینوویەتی دەگرن.

"هێشـتاش دوو ڕۆژمان ماوە بگەینە هەرار، دەبێ بە شـەو ڕۆژ ڕێ بکەین و نەوەسـتین، گەر نا هەر لێرە دەمرین."

---

[1] زۆر هیلاک، بێبڕست.

ئوغلیان بە سەرلەقاندنێک هاوڕایی خۆی دەربڕی. بێمانا بوو بە قسەکردن لیکی دەم بەهەدەر بدەیت.

هەرچەند تەڕایی و لیکێکی وا لە قوڕگیدا نەمابوو.

تینوویەتی ئافاتێکە لە باس نایەت. ئازارەکەی دەکری مرۆڤ شێتوشوور بکات. ئوغلیان لە یەکەم ڕۆژی بێئاویدا وڕ و گێژ بووبوو، قاقڕی بیابان بووبووە مۆتەکەی و هەوڵی دا سەرنج لەسەر دیمەنی ئەو ڕێیە چڕ بکاتەوە کە تێیان دەپەڕاند.

شەوان کە دەوەستان تاکوو کەمێک بحەسێنەوە، ئوغلیان بیری کردەوە کە هەرگیز لە توانایدا نابێت هەستێتەوە سەرپێ و تەنیا دەکرێت وشترەکان بەرگەی ئەو تینوویەتییە بگرن. لە یەمەنییەکەی پرسی:

"لەو باوەڕەدای بگەین؟"

"بە خۆشیی خۆمان نییە، دەبێ بگەین. خنکان لە تینوویەتیدا، دزێوترین جۆری مەرگە کە بیری لێ بکەیتەوە. گەلێک ئاژەڵم بینیون کە لە تینوویەتیدا مردار بوونەتەوە، ئەشکەنجەیەکی هێندە سەختە کە نامەوێ لە هیچ بەنیئادەمێکدا ببینم."

ئوغلیان بۆ ساتێک تێفکری.

"باشە بە ڕای تۆ، ڕێی تێدەچێ مرۆڤێک حەوت جار بژی؟"

یەمەنییەکە نیگایەکی سەیری گرتە ئۆغلیان. ئەمانە قسەی دانایەکی بەتەمەن بوون نەک هی گەنجێکی تازەپێگەیشتووی ئەورووپی.

"نازانم. ڕەنگە هەندێ ڕۆح درەنگتر و خاوتر لەوانی دیکە پیر ببن."

"حەوت ژمارەیەکی چاکە. حەوت ژیان و حەوت... شایەنی زێڕە."

یەمەنییەکە سەری لەقاند.

"بەڵام کۆتا دانەیان گەنجینەیەک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ."

ماوەیەکی زۆر بێدەنگی باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشا و تەنیا گڤەی با جاروبار ئەم بێدەنگییەی دەشکاند.

ئۆغلیان هەستایەوە سەر پێ و گوتی:

"زۆر باشە، کاتی ئەوەیە بکەوینەوە ڕێ."

"ماندوو نییت؟"

هەنگەوانەکە زمانی بە لێوە قڵیشاوەکانیدا هێنا و گوتی:

"جارێ ماندوو نەبوومە لە ژیان."

ئوغلیان ئەو شەوە بەدەم ڕێکردنەوە، پەی بە شتێک برد کە ڕەنگە مرۆڤ تەنیا لە سەرەمەرگدا دەرکی پێ بکات. ئەویش ئەوە بوو کە ژیان بێ لە داوێک هیچی تر نییە. داوێکی ئاڵتوونیی چنراو لەو ڕۆژانەی کە مرۆڤ تێدەگات هەمیشە هەستی تینوویەتیشکاندن لە چێژی ئاوخواردنەوە بەهێزترە و، ویستی مانەوەش بە زیندوویەتی هەردەم لە چێژبینین لە خودی ژیان بەهێزتر بووە.

جا پڕ بە دڵ ئاواتی خواست کە ئەم داوە نەقرتێت.






CamScanner

## ٣٩

دووەم ڕۆژ کابرا یەمەنییەکە چەند دڵۆپە ئاونگێکی هێنان کە بەسەر لاسکی گیایەکەوە کۆی کردبوونەوە. جا گوتی:

"وەرە، هەرچەند کەمە، بەڵام ڕەنگە بەس بێ."

ئوغلیان لێوی بە دڵۆپەکان تەڕ کرد و لەو کاتەدا ئەو چەند دڵۆپە ئاونگە کەمە زێڕی هەموو دنیایان بۆ ئەو دەهێنا.

یەمەنییەکە گوتی:

"شەو دەگەینە هەرار."

ئوغلیانیش پاتەی کردەوە:

"شەو دەگەینە هەرار."

ئەوەی ڕاستی بێت بەو جۆرەی کابرا گوتبووی، شەو گەیشتنە هەرار. دوو پیاوەکە توانیبوویان بەسەر تینوویەتیی خۆیاندا زاڵ بن، بەڵام نەیانتوانی بەسەر سەربازەکانیشدا زاڵ بن.

هەر ئەوەندەی گەیشتنە شارەکە، بە پەلەپرووزێ خۆیان گەیاندە سەر بیرێک و تینوویەتییان شکاند، بەڵام دواتر کۆمەڵێک سەرباز دایان بەسەریاندا و دەستگیریان کردن. جا هێنایاننە بەردەم ماکۆنێنی فەرمانڕەوای هەرار.

ماکۆنێن چوارمشقی لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو و عەبایەکی خاکەڕایانەی سادە و خۆڵەمێشیی پۆشیبوو. چاوەکانی ڕەش و گەش بوون و بەردەوام بەدەم ڕامان لە دوو پیاوەکەی بەردەمییەوە، دەستی بە ڕیشیدا دەهێنا.

لە یەمەنییەکەی پرسی:

"تۆ کێی و بۆچی هاتوویتە ئێرە؟"

"من بازرگانم، زەیت و مۆم و چەکم بۆ هێناوی."

کابرا شتومەکەکانی کردەوە و فەرمانڕەواش سەرنجێکی ڕقاوی گرتنێ.

"شارەکەم لە زەیت و مۆمدا دەوڵەمەندە و پێویستمان پێیان نییە. دوای ئەوەش، فرۆشتنی چەک لێرە قەدەغەیە.



CS CamScanner

هەر بۆیە دەست دەگیرێ بەسەر کەلوپەلەکانتدا و خۆشت بە تۆمەتی بازرگانیی قەدەغە لەم شارە دەردەکرێی."

یەمەنییەکە کەوتە هاتوهاوار و نارەزاییدەربڕین، بەلام دوو پیاو دووریان خستەوە.

جا فەرمانڕەوا بەرەو لای ئوغلیان چوو و پرسی:

"ئەی تۆ چی کوڕە؟ چ شتێک پەلکێشی ئێرەی کردووی؟"

"هاتووم تا زێڕ بدۆزمەوە."

"یانی بەس لەبەر ئەو هۆکارە ڕووت کردووەتە حەبەشە؟"

"بەڵێ."

"کەوایە با ڕاستوڕەوان بینێمە سەر دڵت کە هەڵە تێیان گەیاندووی هاوڕێ. لێرە هیچ شتێکی بەنرخ نادۆزیتەوە، تەنیا گڵ و مسی لێیە. ئەو زێڕەش کە ڕۆژێ لە ڕۆژان هەبووە، دەستم بەسەر هەموویدا گرتووە بۆ خۆم. جا ئەرخەیانی ئەرخەیان بە کە هیچی لێ نەماوە، هیچ هیچ، تەنانەت مسقاڵێکیش."

"لەگەڵ ئەوەشدا، هەر بەختی خۆم تاقی دەکەمەوە."

"هەرچۆن کە پێت خۆشە، بەلام شتێکم پێ بڵێ، زێڕ تەنیا بۆ یەک شت باشە، بزانم دەزانی چییە؟"

"وا لە مرۆڤ دەکا خەون ببینێ."

ماکۆنێنی فەرمانڕەوا خوداوەندێک بوو لەناو مرۆڤەکاندا، ئوغلیان خۆشــفیش مرۆڤێک لەنێو خەونەکاندا. تەنیا بە گۆڕینەوەی نیگایەک، دوو پیاوەکە زانییان کە دوو مرۆڤی دانسقە و کەموێنەن. هەر یەکەیان پرشنگێکی لە چاوانی ئەوی تردا بەدی دەکرد، هۆکاری ئەم پرشنگەش زێڕ بوو.

فەرمانڕەواکە گوتی:

"ئازادی لەوەی کە بە دڵی خۆت بە ناوچەی ژێردەســتی منــدا بگەڕێی، بەڵام بە مەرجێــک کە ڕێز لە بنەمــا و یاساکانی ئیسلام بگری. ئێستەش برۆ بە ڕێی خۆتدا."

ئوغلیان ســوپاســی کرد و ڕووی وەرگێڕا. بەڵام کە لە دەرگەکە نزیک بووەوە، ســەرنجی گیرایە ئافرەتێکی گەنج کە تازە بە تازە دەهاتە ژوور. هێندە جوان و لەبەردڵان بوو، کە ئوغلیان لە شــوێنی خۆی مت بوو. قژی ڕەشــی بریسکەیەکی جوانی هەبوو و پێستیشی هەروەک هەنگوین ئــالتوونی بوو. ئــافرەتەکە بێ ئەوەی هیچ بڵێــت بەلای ئوغلیاندا تێپەڕی و چوو لەبەردەم فەرمانڕەوادا چەمییەوە.

پێش ئەوەی ژوورەکە جێ بهێڵێت، ئوغلیان وەرســووڕا و پرسی:

"بۆ دۆزینەوەی زێڕ دەبێ بچمە کوێ باشە؟"

ماکۆنێن وەک ئەوەی چاوەڕوانی وەها پرسیارێک بووبێ، دەستی بە ڕیشیدا هێنا و وەڵامی دایەوە:

"خۆ پێم گوتی، لێرە هیچ زێڕێکی لێ نییە. باشترە بە ڕێی خۆتدا بگەڕێیتەوە ماڵ."

ئوغلیان سەیرێکی فەرمانڕەوا و ئافرەتەکەی تەنیشتیی کرد. بۆ تەنیا ساتێک ئافرەتەکە سەری بۆ لای ئوغلیان وەرچەرخاند و لەو کاتەشدا ئوغلیان زانیی کە شتێکی نامۆ لە ڕوانینیدا هەیە.

## ٤٢

ڕوانینەکەی وەک تیرێکی ژەهراویی بەرگەنەگیراو بوو، ئوغلیان هەستی دەکرد دڵی دەگووشێت و وەک چزووی هەنگێک چزەی دەهات.



CS CamScanner

ڕۆژێـک دواتر ئوغلیـان گەڕایەوە کۆشـــک. لەبەردەم فەرمانڕەودا کەوتە سەر چۆک و پرسیی:

"ئەو ئافرەتە ناوی چی بوو؟"

ماکۆنێن بۆ ساتێک تێفکری، ئینجا وەڵامی دایەوە:

"بۆچی بەلاتەوە گرنگە؟"

"چونکە لەو ئافرەتە دەچوو کە لە خەونەکانمدا بینیبووم."

فەرمانڕەوا حەبەشەییەکە دایە قاقای پێکەنین.

"هاوڕێم، خەونەکان هەندێ جار بەرەو خراپە ڕێنوێنیمان دەکەن. باشترە لەبیری بکەی."

دواتر ئاماژەی بە ئوغلیان کرد تاکوو بڕوات.



CamScanner

بۆ ڕۆژی دواتر، ئافرەتەکە هێشتا بیر و هۆشی ئۆغلیانی داگیر کردبوو و نەیدەتوانی لە مێشــکی دەری بکات، هەر بۆیە گەڕایەوە تاکوو ماکۆنێن ببینێت.

"ئەو ئافرەتە کێ بوو؟"

"نازانم، کەس نایناســـێ. لەبەر ئەوەی ئافرەتانی جحێڵی گالا زۆر سەیرن."

"ناوەکەی مەڵێن کێشــــە نییە، بەڵام دەتوانن پێم بڵێن لە کوێ دەکرێ بیدۆزمەوە؟"

دووبارە فەرمانڕەواکە لابەلایانە وەڵامی دایەوە:

"کەس نازانێ، ئێستە گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی خۆی کە بە شاخەکانەوەیە."

"کام شاخانە؟"

فەرمانڕەواکە وەک بڵێیت مێشــێک دەر بکا، ئاماژەیەکی ســـەیری کرد. ڕوون بوو کە دیدەنییەکە کۆتایی هاتووە. هەر بۆیە ئۆغلیان ئاهێکی هەڵکێشا و هەستایەوە سەر پێ.

چوارەم ڕۆژ، ئوغلیان وەک جاری پێشوو چووەوە هەمان شوێن و لەبەردەم فەرمانڕەوادا بە چۆکدا هات و لێی پرسی:

"ئەو ئافرەتە کێ بوو؟"

"دەزانی کە بەقەد گوێدرێژێک کەللەڕەقی! خۆ پێم گوتی، ئافرەتێکی گالاییە."

"ئەی ئێستە لە کوێیە؟"

ئەم جارەیان فەرمانڕەوا وەڵامی نەدایەوە.

ئوغلیان بە نیازی ڕۆیشتن هەستایەوە و زانیی کە پرسیارەکەی بێوەڵام دەمێنێتەوە. فەرمانڕەوا دواتر بەدەم دەستهێنان بە ڕیشیدا، گوتی:

"ئەمە سێیەم جارە هەمان پرسیارم لێ بکەی، جا بەپێی نەریتی ئێمە، قەدەغەیە مرۆڤ سێ جار بەسەر یەکەوە درۆ بکا. هەر بۆیە با وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە: گەر نیشتیمانی هەنگەکان بدۆزیتەوە، ئەوەش دەدۆزیتەوە کە بە شوێنیدا دەگەڕێی."

دەنگی پیاوە حەبەشییەکە وەک دەنگی بانگدەرێک بەسەر منارەیەکی بەرزەوە دەنگی دایەوە. پاش بێدەنگییەکی

درێژ، ئوغلیــان بە دەنگێکی نزم وەک ئەوەی نهێنییەک بدرکێنێت کە تەنیا خوداوەندەکان دەیزانن، پاتەی کردەوە:

"نیشتیمانی هەنگەکان؟"

"بەڵێ، شـــاخێکە لاپاڵەکانی بە پوورەی هەنگ تەنراون. ئێمە پێی دەڵێین نیشـتیمانی هەنگ. جا بەپێی ئەفسـانەکان، ئەو شوێنە لە هەموو حەبەشە هەنگوینی زیاتری تێدایە."

سـەرەتا ئوغلیان نەیدەزانی کە ماکۆنێن ڕاسـت دەکات یاخود بە مەبەستی ترساندنی و دوورخستنەوەی خەریکی درۆهەڵبەسـتنە. بەڵام کە فەرمانڕەواکە ڕێک و ڕاسـت لە ناوچەوانیی ڕووانی، ئوغلیان بۆی دەرکەوت کە دەیەوێت یارمەتیی بدات و درۆ ناکات.

"ئەم شوێنە لە کوێیە؟"

"لە بەرزاییەکـانی وڵاتەکەدایە، شـــوێنێکە پێی دەڵێن نیشتیمانی گالا."

ماکۆنێن بە بێدەنگی دەســتی بە ڕیشــیدا هێنا. جا پرتەقاڵێکی هەڵگرت و قەپاڵی لێ گرت. ئاوی پرتەقاڵەکە بە دەستیدا چۆڕایە خوار و سێ دڵۆپی ئاڵتوونی تکانە سـەر زەوییەکە و هەر یەکەیان لە شــوێن خۆیەوە هەورێکی چکۆلەی تۆزی بەرز کردەوە.

ئوغلیان گوتی:

"دەچمە ئەوێ و ئەو ئافرەتە دەدۆزمەوە."

"بیرت نەچێ کە نیشتیمانی هەنگەکان شوێنێکی پیرۆزە."

"کەوایە بۆچی بۆتان باس کردم؟"

"هیچ شـــتێک تۆ لە بەدیهێنانی خەونەکەت ناوەســـتێنێ، بەڵام ئەمە وەک ئەڵقە بکەرە گوێت: بە چوونەناو نیشتیمانی هەنگەکان، یاســـای خەڵکی گالا دەشـــکێنی و بەم جۆرەش ژیانی خۆت دەخەیتە مەترسییەوە."

ئوغلیـــان بۆ ســـــاتێـک لە بیرکردنەوەدا ڕۆچوو و پەنجەکانیی بە ڕیشێکی خەیاڵیدا دەهێنان.

"حەز دەکەم ڕێی ئەم مەترسییە بگرمە بەر."

## ٤٦

پێنجەم ڕۆژ، ماکۆنێن ناردی بەشوێن ئوغلیاندا.

فەرمانڕەواکە گوتی:

"ئەو گەشتەی دەتەوێ دەستی پێ بکەی مەترسیدارە. هەست دەکەم ئەو شتە دەدۆزیتەوە کە بەشوێنیدا دەگەڕێی و دواتریش پەشیمان دەبیتەوە. بۆچی ناڕۆیتەوە عەدەن و لەوێشەوە بگەڕێیتەوە ولاتەکەت؟"

"چونکە ئەوەی من دەمەوێ، تەنیا لە ئەفریقا دەست دەکەوێ."

فەرمانڕەواکە تێگەیشت و سەری لەقاند. جا خزمەتکارێکیانی بانگ کرد و فەرمانێکی پێ سپارد. پاش چەند خولەکێک کابرا گەڕایەوە و سنووقێکی زیوینی دایە دەست ئوغلیان. پاشان فەرمانڕەواکە گوتی:

"بیکەرەوە."

ئوغلیان سەری هەڵدایەوە و بینیی دوو هەنگی چکۆلەی تێدایە کە لە ئاڵتوون دروست کرابوون.

ماکۆنێن گوتی:

"ئەمانە بۆ تۆن، تا کە تەماشات کردن، من و خەونەکەت و ئەفریقات بیر بێتەوە."

حەفتەیەک دواتر ئوغلیان خۆشفی بە مەبەستی دۆزینەوەی نیشتیمانی هەنگەکان، شاری هەراری جێ هێشت.

جا لەبەر ئەوەی گەشتکردنی بە تەنیا مەترسیدار بوو، چووە ڕیزی دەستەیەکەوە کە بەرەو ئەنکۆبەر[1] دەچوون تاکوو چەک بە پاشا مینێلیک بفرۆشن. دەستەکە لە پێنج کەس پێک هاتبوو و ڕابەرەکەشیان پیاوێکی فەڕەنسی بوو کە ئەوانی دیکە پێیان دەگوت *فارانجی*.

لە ئوغلیانی پرسی:

"تۆ کێی و بۆ کوێ دەڕۆی؟"

"بەشوێن زێڕدا دەگەڕێم و ئەو جێگەیەی کە مەبەستمە، حەوت ڕۆژ ڕێکردن لە خۆرئاوای هەرارەوە دوورە."

فارانجی گوتی:

"دەتوانی لەگەڵماندا گەشت بکەی، بەڵام دەبێ پەنجا تالەر بدەی و بەشی خۆت خۆراک بێنی."

---

[1] Ankobar: ئەنکۆبەر یان ئەنکۆبار؛ شارۆچکەیەکی ئەسیوبییە. دەکەوێتە ناوچەی سیمین شێوای هەرێمی ئەمهاراوە. ئەنکۆبەر لەوەوپێش پایتەختی شانشینی شێوای ئەسیوبی بووە.

ئوغلیـــان پـــارەکەی دا و ڕابەری دەســـــتەکە کردییە پشتێنەکەیەوە.

دەســـــتەکە بەڕێ کەوت و بە درێژایی ڕۆژەکە هیچیان قســـــەیان لەگەڵ یەکدیدا نەگۆڕییەوە. بۆ شـــەوەکەشـــی لەنزیک بیرێکەوە وەستان تاکوو کەمێک بحەسێنەوە.

پاش نانخواردنی دەوری ئاگر، فارانجی گۆمی بێدەنگیی شڵەقاند و گوتی:

"ئەو شـــــاخـانە هیچ زێڕێکیـــان تێدا نییە، ئیتر بۆچی دەڕۆی؟"

ئوغلیان زانیی کە گەمژەییە گەر ڕاســـتییەکان بەم پیاوە نەڵێت. جگەرەیەکی لە گیرفانیدا دەرکرد و بە چڵۆســـکێک[1] دایگرســـــاند. جا هێدی هێدی لێی نزیک کەوتەوە و بەدەم بەباکردنی دووکەڵەوە وەڵامی دایەوە:

"من بەشوێن نیشتیمانی هەنگەکاندا دەگەڕێم."

فـــارانجی بە چـــاوە بچووک و درەوشـــــــاوەکـــانییەوە سەرنجێکی دا.

"جارێکیان پیرەمێردێک بۆی باس کردم، ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر. جا نازانم کە ئەم شـوێنە بوونی هەیە یان نا، تۆ کێ بۆی باس کردووی؟"

---

[1] چڵۆسک: بزووت، سەرەبزووت، دارێک کە سەرێکی ئاگراوییە.

"لە خەونمدا بینیم."

فارانجی سـەرنجی بەرەو ئاسـمان هەڵبڕی و تاوێک لە ئەستێرەکانی ڕوانی.

"مادام لە خەوندا بینیوتە، شایەنی ئەوەیە بەدوایدا بچی."



CamScanner

پاش دوو ڕۆژ گەشتکردن، دەستەکە لە نزیک میرگێکەوە وەستا تاکوو وشترەکان ئاو بخۆنەوە. پیاوەکانیش نانیان خوارد و دواتر حەسیرەکانیان ڕاخستن و خەوتن.

فارانجی سەبیلێکی گڵینی پڕ کرد لە تووتن و دەستی کردە سەبیلکێشان، ئۆغلیانیش لای دانیشت و پرسیی:

"لە فەڕەنسا خەریکی چی بووی؟"

"بێتاقەتی!"

"لەبەر ئەوە هاتیتە ئەفریقا؟"

"بەڵێ، بەڵام ئێستە لێرەش بێتاقەتم. نازانم دەڵێی نەفرەتم لێ کراوە، دەمەوێ بگەڕێمەوە فەڕەنسا و لەوێ ژن بێنم. بەڵام کێ پیاوێکی بێپارەی دەوێ؟"

ئۆغلیان وەڵامی نەدایەوە.

"ئەی تۆ چی؟ تۆ لە فەڕەنسا بە چییەوە سەرقاڵ بووی؟"

"هەنگەوان بووم."

"کەواتە لەبەر ئەمەیە بەشوێن نیشتیمانی هەنگەکاندا دەگەڕێی؟"

"نەخێر. من بە مەبەستی دۆزینەوەی زێڕ هاتمە ئێرە، بەڵام بە هەڵکەوت چاوم بە ئافرەتێک کەوت کە لە

خەونەکانمدا بینیبووم و ئیتر حاڵم گەیشــت بەمە کە وا بۆ نیشــــتیمانی هەنگەکان دەگەڕێم. هەڵکەوتێک، هەڵکەوتێکی تری بەشوێن خۆیدا هێنا."

فارانجی گوتی:

"شتێک نییە بە ناوی هەڵکەوتەوە."

دواتر مژێک دووکەڵی سپیی بە با کرد و هێواش هێواش بەرەو فەرشی ئاڵتوونی ئەستێرەکان هەڵکشا.



CamScanner

بەرەبەیان بوو و کاتێک ئوغلیان چاوانی هەڵهێنان، هەستی کرد شتێک لەژێر دۆشەکەکەیدا دەجووڵێت.

فارانجی گوتی:

"مەجووڵێ، بە هێواشی بکەوەرە سەر لا."

ئوغلیان بە قسەی کرد و کاتێ خۆی تل دایە سەر لمەکە، بینیی کە شەو لەسەر کونەدووپشک خەوتووە.

"با لە ئێستەوە ئەمە بزانی، دووپشکەکان هەمیشە بەرەو گەرمی دێن، بەتایبەت شەوان کە هەوا تەواو سارد دەکا."

هەنگەوانەکە سوپاسی کرد.

"سوپاسی من مەکە، سوپاسی بیابان بکە کە فێری کردی چۆن زیندوو بمێنیتەوە."

ڕۆژانی دواتر بێدەنگانە گەشتیان کرد، چونکە هەوا زۆر لەوە گەرمتر بوو قسەیان پێ بکرێت.

شـەشـەم ڕۆژ، لە ڕێگەدا تووشـی کۆمەڵەیەکی خەڵکی گـالا هـاتن کە بۆ مەڕفرۆشـتن بەرەو بـازاڕ دەچوون. فارانجی پرسیاری شوێنی نیشتیمانی هەنگەکانی لێ کردن، بەڵام ئەوان بە شـێوەزاری خۆیان وەڵامیان دایەوە و بە ڕێی خۆیاندا ڕۆیشتن.

بە ئوغلیانی گوت:

"زۆر دوور نییە."

جا ئاماژەی بە زنجیرەشـاخێک کرد کە لە ئاسـۆی ئەوسەری بیابانەکەدا وەک سەرابێک دەدرەوشانەوە.

ئینجا پێی گوت: "ئەو شـاخە دەبینی، لە شـوێنێکی پشـت ئەو شاخەوە چارەنووست چاوەڕێتە."

"ئەی تۆ چی فارانجی؟ بۆ کوێ دەچی؟"

پیاوەکە ڕووی کردە ئاسـمان، بۆ سـاتێک پێدەچوو پرشنگەخۆرێک جەستەی بڕیبێت. جا گوتی:

"ڕێگەی من لەوێوەیە، هەرچەند هێشـتا دڵنیا نیم کە بەرەو کوێ دەچی."

نیشـتیمانی هەنگەکان کەوتبووە بەرزایی شـاخەکان، لە سـەختترین شـوێنی خاکی گالادا بوو. دەسـتەکە لە کاتی خۆرئـاوابوون و پاش حەوت ڕۆژ ڕێکردن لە هەرارەوە گەیشتنە شوێنەکە. شوێنێکی هێندە دوورەدەست بوو کە دەتگوت لە جیهـان دابڕاوە. هەوا پاک بوو و نشـێوی شـاخەکانیش سـەوزایی داپۆشـیبوو و دیمەنێکی دڵرفێنی هەبوو.

هەر ئەو شەوە فارانجی ئوغلیان خۆشفێی جێ هێشت و ڕێگەیەکی نیشان دا کە بەرەو بەرزاییەکان درێژ دەبووە و لەنێو دوو کەندەڵانی شاخەکەدا بزر دەبوو.

"کاتی ئەوە هـاتووە لەیەک دابڕێین و هەر یەکەمـان بە ڕێی خۆیدا بچێ. بەختێکی باش بەڕێز هەنگەوان."

"بەختێکی باش بۆ تۆش."

دەستەکە ڕێگەی ئەنکۆبەری گرتە بەر و فارانجی لەپشت بەردێکەوە دیار نەما.

ئوغلیـان بە تەنیـا لەگەڵ بـا و بیـابـان و بەردەکـانـدا مابووەوە. بەڵام هیچ ترسـێکی نەبوو و هەسـتی دەکرد لەگەڵ بیابانەکەدا بوونەتە یەک گیان. هەناسـەیەکی قووڵی هەڵمژی و ڕوانییە ئاسـۆی سـوور کە تا چاو بڕی دەکرد

درێژ بووبووەوە. تاک و تەنیا لە ناوجەرگەی بیاباندا مابووەوە و هەر ئەمەش وای لێ دەکرد هەست بە بەهێزی بکات. دواجار هەموو شتەکانی دەوروبەری بەشێک بوون لە خۆی، بە خودی بێدەنگیشەوە. ڕووبەڕووی خۆر وەستا و ئەزموونی چێژ و خۆشیی ژیانی کرد.

ئوغلیان چەند میلێک بەسەر بەردەلاندا ڕێی کرد کە بەردەکان وەک چەقۆ تیژ بوون، تا گەیشتە تەختاییەک کە باریکەڕێیەک سێ لقی لێ دەبووەوە و باکووریشی بە تەختەبەردێکی گەورە گیرابوو. پێدەچوو گەیشتبێتە بنبەست. ویستی بەسەر ڕووی بەردەکەدا سەر بکەوێ، بەشکووم ئەوە خوایە ڕێیەک بدۆزێتەوە و بەردەوام بێت، بەڵام سەرکەوتن بەسەر بەردەکەدا کارێکی مەحاڵ بوو.

لەوەدا بوو بە شوێنی خۆیدا بگەڕێتەوە کە هەستی کرد گوێی لە دەنگێکەوەیە. گوێی قوڵاغ کرد، دەنگەکە لە هی ئاو دەچوو و هەر بە ڕاستیش ئاو بوو. بەڵێ، لە ناوجەرگەی ئەو بیابانەدا کانییەکی دۆزیبووەوە.

کانییەکە جادووئاسا لە بەردێکەوە هەڵدەقووڵا.

ئەسڵەن هەر لە سەرەتاوە تاکوو ئێستە لەوێ بووە و هەڵقووڵاوە.

ئاوێک کە کەس نەیدەزانی لە کوێوە دێت.

بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەوەتا وەک پەرجوویەک لەناو بیابانەکەدا هەڵدەقووڵا.

بەڵێ ڕاستەقینە بوو و لەوێ بوو. ژیان لەنێویدا خوڕەی دەهات.



CS CamScanner

ئوغلیان بە چۆکدا هات و دەستی کردە خواردنەوەی. جا کە تێر ئـاوی خواردەوە، هەسـتـایەوە و بەشـوێن سـەرچاوەی ئاوەکەدا ڕێی خۆی بەنێو بەردەکاندا گرتە بەر.

دروسـت لەو کـاتەدا دەنگێکی دیکەی هـاتە بەرگوێ. مۆسـیقایەک بوو کە زۆر لە گۆرانیی هێمنی هەڵقووڵانی ئاوەکە سـازتر بوو. ئوغلیان سـەری بەرز کردەوە تاکوو تەماشایەکی کەندەڵانەکە بکات و لەو کاتەدا بۆی دەرکەوت کە گەیشتووەتە کۆتایی گەشتەکەی.

ئاخر نیشتیمانی هەنگەکان لە ژوور سەرییەوە بوو.

هەزاران هەنگ بەسەر سەرییەوە فرەفڕیان بوو و گیزەگیزیان گوێی مرۆڤی کەڕ دەکرد. تەختەبەردەکە هێلانەی ملیۆنان هەنگ بوو. چەند پەڵەیەکی ئاڵتوونیی بزۆک بەسەر ڕووی گەرمی بەردە ڕەشەکەوە دەبینران. لە سەرووی ئەوانیشەوە، بەسەر تەختەبەردەکەوە و هێندە بەرز کە مرۆڤ نەیدەزانی لەو سەرەوە چی بە چییە، بوونەوەرگەلێک دەجووڵان.

ئەمانە هەنگبڕەکان بوون. یەکێکیان کە بە پەیژەیەکی گوریسیندا خۆی شۆڕ کردبووەوە، هەوڵی دەدا هەنگەکان لە درزی بەردەکە دوور بخاتەوە. جا بە نووکی دارێک ئەو مۆمەی کون کرد کە سەرتوێژەکەی گرتبوو و بەم جۆرەش هەنگوینەکە ڕژایە ناو کوپەڵەکەوە. بە چەشنی زێڕێکی تواوە و شل، هەنگوینەکە بە بەردە ڕەشەکەدا دەچۆڕایە خوارێ.

سێ پیاو لە سەرەوە کوپەڵە پڕهەنگوینەکەیان هەڵکێشایەوە ترۆپکی کەندەڵانەکە و هەنگبڕەکەش دەستوبرد و بە گورجوگۆڵییەکی دۆشداهێنەرەوە، بە پەیژە گوریسینەکەدا هاتە خوار. جا کە پێی نایە سەر زەوی، ئەو جلەی داکەند کە دەموچاویی پاراستبوو، دەرکەوت ئافرەتە و بەمەش ئوغلیانی سەراسیمە کرد.

ئافرەتەکە پەرییەک بوو بۆ خۆی و لە ئۆغلیانی دەڕوانی. ئەو پۆشـــاکە گوێنینییەی داکەند کە بۆ خۆپاراســـتن لە پێوەدانی هەنگەکـان پۆشـــیبووی و لەژێرییەوە جگە لە سێگۆشەیەکی زێڕی کە داوێنی داپۆشیبوو، هیچی دیکەی لە بەر نەبوو.

پاشـــان دەســـتی کرد بە کوپەڵەکەدا و مۆمەکەی لەنێو پەنجەکانیدا گووشی تاکوو هەنگوینەکە بێتە دەرەوە. ئینجا زۆر بە هێواشـــی دەســـتی برد بۆ دەمی و لەو کاتەدا ئۆغلیان دڵۆپەیەکی ئاڵتوونیی بینی کە بە پێســـتیدا تکایە خوار و موچڕکەیەکی چێژ و خۆشـــەویســـتیی بە گیانیدا هێنا.

دواتر ئافرەتەکە چوو تاکوو لە بەر تافی ئەو ئاوەی کە بە کەندەکەوە دەهاتە خوار، خۆی بشوات. پاشانیش بەرەو ڕووی ئۆغلیان چوو و بێ ئەوەی متەقی لێوە بێت، دەستی گرت و بەرەو گوندەکەی خۆیانی برد.

ئوغلیان گوتی:

"هاتووم تاکوو بە شوێن زێڕدا بگەڕێم."

بەڵام ئافرەتە گەنجەکە لە قسەکانی تێنەدەگەیشت و هەموو جار کە ئوغلیان زاری هەڵدەهێنا، ئافرەتەکە دەیدایە قاقای پێکەنین و بەس.

گوندەکە پێدەچوو جگە لە ئۆردوگایەکی کاتی هیچی تر نەبێت. بەرانبەر تەختەبەردی باشووری تەختاییەکە دروست کرابوو و بۆ گەیشتن پێی، دەبوو مرۆڤ بچەمێتەوە و بە قەراغی کەندەڵانەکەدا ڕێ بکات. کووخە گڵینەکان وەک شانەی هەنگ لەتەنیشت یەکەوە دروست کرابوون. لە ناوەڕاستدا و دەورەدراو بە کووخەکانی دیکە، کووخێکی لێ بوو کە تایبەت بوو بە شاژن، ئەو ئافرەتە پێستئاڵتوونییەی کە لە کۆشکی فەرمانڕەوا ماکۆنێندا بینیبووی. ئوغلیانیان لە کووخەکەدا جێ هێشت تاکوو لەوێ چاوەڕوانیی هاتنی خانمەکە بکات. بەلای ئوغلیانەوە ڕوون بوو کە ئەمە ئافرەتێکی دەسەڵاتدارە و فەرمانڕەوایی نێر و مێی هۆزەکە دەکات.

کاتێک شاژنەکە گەیشت، ئوغلیان چوارمشقی لە کووخەکەدا دانیشتبوو. ئافرەتەکە هەر وا بەسەر

سەرییەوە وەستا و چاوی بریبە نێوچەوانی. چەپڵەیەکی لێدا و دوو پیاو بە لەگەنێک میوە و سووراحییەک ئاو و کووپەڵەیەک هەنگوینەوە خۆیان بە ژووریدا کرد.

ئافرەتەکە میوەیەکی هەڵگرت، جا بە هەنگوینەکەیدا چەقاند و بە ناز و عیشوەیەکەوە بۆ لێوەکانیی برد. دڵۆپێک هەنگوین لە دەمییەوە تکایە سەر ملی و لەویشەوە هێواش هێواش خۆی خزاندە سەر مەمکی ڕووتی. ئوغلیان تفی دەمی قووت دایەوە و نەیدەتوانی نیگای لە دیمەنی ئەو دڵۆپە هەنگوینە بگلێنێت. جا سەری بەرز کردەوە و ڕوانییە ئەو دوو چاوە ڕەشەی کە شادییان لێ دەباری.

ئافرەتەکە زەردەیەکی کرد و میوەیەکی تری هەڵگرت. جا بە هەنگوینەکەیدا چەقاند و بردی بۆ دەمی ئوغلیان. ئوغلیان وازی هێنا تا وەک منداڵێک، ئافرەتەکە میوە بە دەمییەوە بکات و، کە تامی میوەکەشی کرد، هەستی کرد شیرینییەکی سەیر دەڕژێتە ناو جەستەیەوە.

ئەو شـــەوە هۆزەکە لەســـەر شـــەرەفی هاتنی ئوغلیان، میوانداریییەکی ســاز دا. قاپێک میوە و خۆراکی شـاهانەیی و شـــیلەی گوڵیان بۆ ئوغلیان دانا. تەپڵەکان ئاوازێکی خەوێنەریان لێدەدا و ئافرەتەکانیش لە دەوری ئاگرەکە سەمایان دەکرد.

شـاژنەکە بە بێدەنگی تەماشـای بۆنە و ئاهەنگەکەی کرد و جارجارە بەدەم ئاوازی مۆســـیقاکەوە چەپڵەیەکی لێ دەدا. چوارمشـــی لەبەردەم ئـاگرەکەدا دانیشـــتبوو و ئوغلیانیش لەتەنیشـــتییەوە، جا بێ ئەوەی نیگایەک بگرنە یەک، نـانیـان خوارد. کـاتێکیش لە نـانخواردن بوونەوە، شـــاژنەکە دەســـتی بێگانەکەی گرت و بردییە کووخەکەی خۆیەوە.

ئەو شـــەوە لە کاتێکدا کەیفوســـەفای ئاهەنگ لە دەرەوە هەرای بوو، شاژنەکە لەگەڵ ئوغلیان خەوت و بە درێژایی ئەو کاتەش کە بەیەکەوە ڕاکشـــابوون، دەتگوت بە چاوە ڕەشەکانی دەیەوێ ئوغلیان هەڵلووشێت.

ئوغلیان کە بێ لەو دوو پشکۆ ڕووناکە هیچی دیکەی لە کووخەکەدا بەدی نەدەکرد، بە تەواوی خۆی ڕادەســـتی چێژ و خۆشیی ژیان کرد.

ئوغلیـان بەرەبەیـان وەک ئەوەی لە خەونێکی خۆش ڕاچڵەکێت، بەئاگا هات.

چاوەکانی هەڵگلۆفین و ســەیرێکی چواردەوری خۆی کـرد. خەونەکەی دووبـارە بـیـر هـاتەوە. لەســەر تەختەخەوەکەی هەســتـایەوە و بینیی کە ئـافرەتە پێستئاڵتوونییەکە لەوێ نەماوە.

لە دەرەوەی کووخەکە خۆر بە ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە و بێدەنگییەکی سامناک سەرانسەری گوندەکەی داگرتبوو. ئوغلیان تەواو تەنیا بوو.

هەنگبڕەکان ڕۆیشتبوون. بەسەر تەختەبەردەکەشەوە کە یەکەم جار بینیبووی، هەنگەکـان هەر خەریکی هەڵمژینی شـــیلە بوون و هەنگوینەکەیـان لە درزەکـانی بەردە ڕەشەکەدا دادەنا، بەڵام پیاوەکان لەگەڵ شاژنەکەیاندا دیار نەمابوون.

کتومت هەڵســـوکەوت و خووی هەنگیان هەبوو. پاش نووســـتن لەگەڵ ئوغلیان، شـــاژنەکە ئۆغری کرد. ئافرەتە پێستئاڵتوونییەکە بە یەکجاری ئەوی جێ هێشت.

ئوغلیان گەڕایەوە کووخەکە و بینیی هەنگێکی ئاڵتوونی وا لە جانتاکەیدا. هەنگێک کە لە پارچەیەک زێڕ دروست کرابوو. هەڵی گرت و دوای ئەوەی ماوەیەک پێیدا واق بوو، کردییە گیرفانی کراسەکەیەوە.

بۆ کۆتا جار چاوێکی بە گوندە خامۆش و چۆڵەکەدا خشاندەوە. دواتر پەردەی خەونەکەی بەسەر خۆیەوە لادا و گەڕایەوە ناو واقع.

٦٠

ئوغلیان خۆشـــفێ چەندان حەفتە وێڵ و ســـەرگەردان بەســـەر بەرزاییەکانی حەبەشـــەدا ســـوورِایەوە، بەڵام نە چاوی بە هۆزی هەنگەکان و شـــاژنەکەیان کەوتەوە، نە ئاســـەوارێکی ئەو زێڕەشـــی بەدی کرد کە هاتبوو تاکوو بیدۆزێتەوە. هیچی بە نســـیب نەبوو، جگە لە یادەوریی دڵۆپێک هەنگوین و تامی پێسنێکی خۆربردوو.

ئوغلیان خۆشـــفیَ گەڕایەوە هەرار و یەکســـەری بەرەو کۆشـــکی فەرمـــانڕەوا مـــاکۆنێن بەڕێ کەوت. وەختێ فەرمانڕەواکە چاوی بە ئوغلیان کەوتەوە، نەیتوانی ڕادەی سەرسامیی خۆی بشارێتەوە.

ئاماژەی بە لاوەکە کرد تاکوو لەبەردەمیدا دابنیشـێت و، دواتر فەرمانی بە داروودەستەکەی کرد جێیان بهێڵن.

خۆشـفیَ دەمودەسـت ئەو پرسـیارەی کرد کە بەسـەر لێوەکانییەوە گڕی گرتبوو:

"ئەو ئافرەتە لە کوێیە؟"

فەرمانڕەوا وەڵامی دایەوە: "بڕوام نەدەکرد بتبینمەوە."

جا هەردووکیان تاوێک بێدەنگ بوون.

"کەوایە توانیت بیدۆزیتەوە. جا بە چاوەکانتدا دیارە کە لەگەڵیشـــی خەوتووی، نازانم بەس هەر کە هاتیتە ژوور ئەوەم تێدا خوێندنەوە."

ئوغلیان پاتەی کردەوە:

"ئێستە ئەو لە کوێیە؟"

"کەس نازانی، زۆربەی کات هۆزەکە وەک خێو شوێنبزر دەبن. سالی جارێک دەچنە کەندەلانەکە تاکوو هەنگوینەکە کۆ بکەنەوە و دوای ئەوە ون دەبن."

دووبارە بێدەنگی بالادەســـت بووەوە، ئەم جارەیان درێژتر لە جاری پێشوو.

"گەر ڕێگەیەکم شک دەبرد تاکوو بیدۆزمەوە، بێ یەک و دوو دەگەڕامەوە ئەوێ."

ماکۆنێن سەری بادا و گوتی:

"کارێکی ئاقلانە ناکەی. ئافرەتە پێســـتئالتوونییەکە تەنیا شـــەوێک لەگەڵ دلدارەکانیدا بەســـەر دەبات، خۆ گەر شـــەوێک زیاتری لەگەڵ بەســـەر بەری، ئەوا بێ شـــک دەمرێ."

ئوغلیان زانیی کە قســـەکانی فەرمانڕەوا دەچنە ئەقڵەوە، چون بە جێهێشتی ئەم، شاژنەکە ژیانی خۆی پاراستووە.

"ئەی ئەم هەنگە ئالتوونییە چییە؟"

ئوغلیان لە گیرفانەکەیدا دەری هێنا و نیشانی دا.

فەرمانڕەواکەش پێی گوت:

"بە هەموو تەمەنت ئەو ئافرەتەت بیر ناچێتەوە!"

دوای ئەوە ئوغلیان بە دەرگەکاندا چووە دەر و هەرگیز نەگەڕایەوە.

# بەشی دووەم



CamScanner

دەمەوبەیانییەکیان و بەدەم جێهێشتنی خۆری سووری تازەهەڵهاتوو لەپشت خۆیانەوە، قافڵەیەک چووە ناو عەدەن. لەناو گەشتیارەکاندا پیاوێک بە ناوی ئوغلیان خۆشفێ هەبوو کە چەند مانگی ڕابردووی لە بیابانی حەبەشەدا بەسەر بردبوو.

لەشی سەرتاپا بە چینێک تۆز و خۆڵ داپۆشرابوو و لەژێریشییەوە، پێستێکی هەنگوینی بەدی دەکرا.

ئوغلیان قافڵەکەی جێ هێشت و بەرەو بیرێک چوو کە ئاوەکەی تامی پرتەقاڵی تاڵی دەدا. لە هەوای پاکی کازیوەدا، سەیری ئەو ئەستێرانەی کرد کە یەک بە یەک لە ئاسمانی ڕۆژهەڵاتدا ون دەبوون. ئوغلیان بەر لەوەی پێ بنێتەوە عەدەن، سەدان میلی لەژێر تریفەی مانگدا بڕیبوو و ئەم گەشتەش تەواو شەکەتی کردبوو، هەر بۆیە حەسیرێکی لەسەر لمەکە ڕاخست و لەژێر سێبەری دارخورمایەکدا خەوت.

کە هەستایەوە، خۆر لە ناوجەرگەی ئاسمان بەسەر سەرییەوە چڵی دەدا. هەندێک ئافرەتی نەناسراو ئاویان لە بیرەکە هەڵدەکێشا. ئوغلیان چوو بۆ لایان و پرسیی کە لە کوێ دەتوانێ ناوچەیەکی ئینگلیزی بدۆزێتەوە، دواتر پێی گوتن کە دەیەوێ قسە لەگەڵ کونسوولخانەی بەریتانیدا

بکات. هەرچەند ئوغلیان بە زمانی ئەوان دوا، بەڵام هیچ یەک لە ئافرەتەکان وەڵامیان نەدایەوە. هەندێکیان تەنیا بزەیان دەکرد و ئەوانی دیکەش دەستیان بۆ ڕادەکێشا و دەتریقانەوە. بەو سەروشکڵەوە کە جلەکانی لەتاو ئارەقە وەک تێلا ڕەق بووبوون و ڕووخساریشی یەکپارچە لم بوو، ئافرەتەکان بە سواڵکەر تێی گەیشتبوون. بەڵام جحێڵترینەکەیان دەیزانی کە کوڕەکە سەروسیمایەکی ئەورووپیانەی هەیە.

بە ئوغلیانی گوت:

"ئەو پیاوەی بەشوێنیدا دەگەڕێی لە دەروازەی باشووری شاردایە. کونسوولخانەکە بینایەکی سپیی گەورەیە، بەڵام ناتوانی بەم سەروگوێلاکەوە بچیتە ئەوێ."

کچە گۆزەیەکی گەورەی گڵینی بەدەستەوە بوو، هەڵی بڕی و بە سەری بێگانەکەیدا کرد. هەر ئەوەندەی ئاوەکە بە سەریدا ڕژا، ئوغلیان موچڕکێک بە جەستەیدا ڕابرد. وەختێ ئاوی ناو گۆزەکە تەواو بوو، ڕووی وەرگێڕا و زۆر بە سادەیی گوتی:

"زۆر سوپاس."

جا دەستی کرد بە جانتاکەیدا و ئەو سنووقە زیوینەی دەرهێنا کە فەرمانڕەوا بە دیاری دابوویێ و سێ هەنگی ئاڵتوونی تێدا بوو. دانەیەکیانی دایە کچەکە و ئەویش تاساوانە سەیری ئوغلیانی کرد.

"ئەمە بۆ تۆ، گرێی بەختت دەکاتەوە!"

"بەڵام ئەو قسانەی کە پێم گوتن شایەنی ئەم بەخششە نین. ناتوانم ئەم گەنجینەیەتان لێ وەربگرم."

هەوڵی دا بیگەڕێنێتەوە، بەڵام ئوغلیان پەنجەکانی کچەکەی بەسەر هەنگەکەی نێو دەستیدا نووقاندن و گوتی:

"تەنیا لەبەر قسەکانت نەبوو. تۆ ئاوت پێدام لە کاتێکدا تینووم بوو و دەستت نەنا بە ڕووشمەوە و قسەت لەگەڵ کردم، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە تەنیا پێم پێکەنین."

کچەکە سەرنجی نزم کردە سەر ئەو کانزایەی کە لەناو لەپی دەستیدا دەدرەوشایەوە. دواتر چاوی بڕییە بێگانە و پرسی:

"تۆ کێی؟ لە کوێوە هاتووی؟"

ئوغلیان ئاهێکی هەڵکێشا. قژی زەردی تەڕی لە خۆر درەوشاوەتر بوو، بەڵام دڵی تەنگ بوو. ئینجا ورتاندی:

"من خەونم و لە خەونێکەوە هاتووم."

هەر وا بێدەنگ بە پێوە مایەوە، جا ئەمەشی بۆ زیاد کرد:

"خەونێک کە کلیلەکەیم ون کردووە."

ئوغلیـان بەرەو دەروازەی بـاشـــوور بەڕێ کەوت. بە شـــەقامە تەنگەبەرەکـانی عەدەنـدا کەوتە گەڕان تـاکوو ڕێگەکەی بدۆزێتەوە. کەس ســـەرنجی ئەوی نەدەدا، چەند جارێک بێ ئەوەی تەنـانەت ســـەیری چڕوچاوی بکەن، خۆیان پێیدا کێشـــا، دەتگوت بووەتە تارماییەک و کەس نایبینێت.

کاتێک گەیشـــتە کونســـوولخانەی ئینگلیز، داوای کرد کونســـووڵ ببینێت. پیرەخزمەتکارێک بردییە ژوورێکی چاوەڕوانی کە بەســـەر شـــەقامەکەدا دەیڕوانی. ئوغلیان هەســـتی دەکرد ژاوەژاوی شـــارەکە کە هەر دەتگوت ئاوازێکی دووبارەیە و گەرما بەتینەکەشی کە لە زەوییەوە تینی دەدایەوە، بەرگەنەگیراو بن. کاتێک کونســـووڵەکە لە نووســـینگەکەی خۆیدا پێشـــوازیی لێ کرد، لە لاوێتی و هەڵســـوکەوتی کوڕەکە ســـەری ســـووڕما. ئەم پیاوە سەرگەردانە لە عەدەن چی دەکات؟ ئەی بۆچی تەنیایە؟ بە وردبوونەوە لە نیگای حەپەســـاوی کوڕە، دەکرا مرۆڤ تێبگات کە ماوەیەکی لە ئەفریقادا بەسەر بردووە.

"لە کونجکۆڵیم ببوورن قوربان، بەڵام دەکرێ بپرســـم بەڕێزتان لە کوێوە هاتوون؟"

"لە حەبەشــەوە هاتووم، دروســتتر بڵێم، لە شــاری هەرارەوە."

کونسووڵەکە ڕاچڵەکی، کابرا لە هەرێمێکی مەترسیدارەوە هاتبوو، لە شـوێنێکەوە کە تەنانەت بوێرترین گەشتیاریش بە چوونەناو ئەو شوێنە ژیانی خۆی دەخستە مەترسییەوە.

"هەرار شـوێنێکی پڕمەترسـییە. ڕێگەکەی بێئەندازە درێژ و مەترسیدارە، زۆربەی ئەوانەی کە ڕۆیشتوونەتە ئەوێ، نەگەڕاونەتەوە."

"بەڵێ، بە چاوەکانی خۆم بینیم. سـێ سـاڵی خایاند تا لە حەبەشە هاتمە دەر."

"سێ ساڵ لە حەبەشە؟ دەبێ بڵێم کە تەواو بڕواپێنەکراو و سەیرە."

"بەڵام هەرچۆنێک بێ ڕاستییە."

"ئەو سێ ساڵە لەوێ چیت دەکرد؟"

"خەونم دەبینی."

ئوغلیان بە هێواشـــی دەســـتێکی بە تەوێڵیدا هێنا، جا پشــتەملی خۆی شـێلا. گەرمای شـوێنەکە خنکێنەر بوو و کونســـووڵەکەش بۆی یەکلا نەدەبووە کە ئاخۆ کوڕەکە ڕاســت دەکات یان نا، بەڵام ئاشـــکرا دەیبینی کە وەختە لەتاو ماندوویەتیدا لە پەلوپۆ بکەوێت.

"باشـــە جگە لەم خەونە، لەوێ بەشـــوێن چیی تردا دەگەڕای؟"

ئوغلیان وەڵامی نەدایەوە.

"تکایە لە کونجکۆڵیم ببوورن، بەڵام کەم جار هەڵدەکەوێ قســـە لەگەڵ کەســـێکدا بکەم کە لە گەشـــتێکی وەها پڕمەترسیدا نەجاتی بووبێ."

"بەشوێن زێڕدا دەگەڕام."

کونســـووڵەکە هەســـتایەوە و تا ئەوســـەری ژوورەکە ڕۆیشـــت. جا چووە بەردەم پەنجەرەکە و ســـەرنجی ئەو شـــارەی دا کە بۆ ســـاتێک لە جموجووڵ نەدەکەوت. دواتر بەرەو ڕووی ئوغلیان وەرچەرخا و گوتی:

"یان ئەوەتا بەشـــوێن دۆزینەوەی ئاڵتوونەوە بووی، یان دۆزینەوەی خۆت."

کونسووڵەکە پێدەچوو پاش کەمێک لە قسەکەی پەشیمان بێت، جا ئەمەشی بۆ زیاد کرد:

"بەهەرحاڵ بە ڕووخسارتدا دیارە کە گەشتەکەت هێشتا کۆتایی نەهاتووە."

ئوغلیـــان زانیی کە بێهوودەیە چیرۆکی خۆی بۆ ئەم پیاوە بگێڕێتەوە. ئاخر دەکرا چی سەبارەت بە حەبەشە و ئـافرەتە جحێڵەکەی گـالا بزانێـت، لە کـاتێکدا لەم نووســـینگەیەدا پان بووەتەوە؟ ئاخر چۆن لە نیشـــتیمانی

هەنگەکان و ئەو هەموو ساڵە گەڕانەی دواتری ئەو تێدەگەیشت؟ ئوغلیان تەنیا وەک ئەرییەک سەری لەقاند و بێدەنگ مایەوە، کونسوولەکەش لەسەر قسەکانی ڕۆیشت.

"تۆ یەکەم کەس نییت. زۆرن ئەوانەی بێرەدا تێپەڕیون، گەشتیارگەلێک کە کەلکەڵەی دۆزینەوەی هەقیقەتێکی ڕەهایان هەبوو، ئەوانەی کە عەودالی زێڕ بوون بەلام لە ڕاستیدا بەشوێن هۆکارێکدا دەگەڕان تاکوو خۆیانی پێ بهێڵنەوە. هەر چاوم پێیان بکەوێ، دەزانم چییان لێ قەوماوە. گشتیان لە جاران هەژارتر گەڕانەوە و وەهمەکانیان وردوخاش بووبوون. بەهەرحاڵ قوربان، چیم لەدەست دێ بۆتانی بکەم؟"

ڕووناکیی چاوبەری خۆر کە لە درزی پەردەکانەوە دزەی دەکردە ژوور، چاوی کوڕەکەی خێل کرد.

"دەمەوێ یارمەتیم بدەن بگەڕێمەوە ماڵ."

ئۆغلیان لە کاتی گەڕانەوەیدا لە عەدەنەوە بۆ مارسـیلیا، تووشی سکچوونێکی سەخت بوو. ئازارێکی زۆری هەبوو و بەردەوامیدان بە ڕێکردنەکەی بووبووە مۆتەکە. تاکە دڵخۆشـیی ئەو لە ماوەی گەشـتەکەیدا ئەوە بوو کە بە کەسـێکی تەواو کەموێنە و سـەیروسـەمەرە بە ناوی *ئیپۆلیت* لویسـیل ئاشـنا بوو کە ئەندازیار بوو و کاری لە هەندێک پڕۆژەی گرنگدا بۆ سوڵتانی تونس کردبوو.

وەک ئەو نیگارکێشـەی کە چەند سـاڵێک لەوەوپێش لە ئاغلە بینیبووی، ئیپۆلیتیش پیاوێکی سـەیر بوو و ئۆغلیان نەیدەزانی چۆن وەسفی بکات.

لە کاتی قسـەکردندا دەیقیڕاند، کە پێدەکەنی، هێندە بەرز قاقای لێ دەدا کە شـووشـەکەی ناو دەسـتی دەشـکا. کاتێکیش جگەرەی دەکێشـا، دەتگوت دەنگی لە تەمومژێکی چڕی لەوەسـفبەدەرەوە دێتە دەر. تەنیا لە یەک شـتدا لێهاتوو بوو، ئەویش قسـەکردن بوو. هەر بابەتێکی ئەم دونیایەت بە نموونە وەربگرتبا، کابرا سـەعاتێک لەسـەری دەڕۆیشت.

ئەو دەمەی ئۆغلیـان نەخۆش بوو، ئیپۆلیـت لەپەنـای جێخەوەکەیەوە دەمایەوە و باسـی گەشـت و پڕۆژە و خەونە شێتانەکانی خۆی بۆ دەکرد.

ئوغلیانیش گوێقوڵاخ و بێدەنگ دەبوو. بە دەنگی هێمن دەبووەوە و چاوەکانی دەنووقاندن و بیر و خەیالی دەچووەوە سەر شوێنە دوورەکان. ئیپۆلیت دەیگوت:

"ڕاستە، پاشای ئەفریقا بووم. یەکەمین ڕێگەم لە کارسێکەوە بۆ بیابانی سەحرا دروست کرد و لە ماوەی گەشتەکانیشمدا، چاوم بە هەزاران ئافرەت کەوتووە."

ئوغلیان وەڵامی دایەوە:

"من تەنیا بە یەک دانە ئاشنا بووم، پێستی لە ڕەنگی هەنگوین بوو و خۆیشی بەشوێن هەنگەوە بوو."

نهێنییەکە لە دەمی ئوغلیان دەرپەڕی، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئافرەتە گالاییەکە ئێستە دوور بوو و تەنانەت گەر بگەیشتباوە گوێشی، پێی ناخۆش نەدەبوو. جا ئوغلیان دوو هەنگە ئاڵتوونییەکەی دەرهێنان و نیشانی ئیپۆلیتی دان. لەپڕ ئەندازیارەکە بێدەنگ بوو. دواتر بە ئەسپایی جگەرەیەکی پێکرد، مژێکی بە هەوادا کرد و گوتی:

"باسی ئەم ئافرەتە و هەنگم بۆ بکە."

کاتێ ئوغلیان چیرۆکەکەی لە نووکەوە بۆ نووک گێڕایەوە، دوو پیاوەکە بە شێوەیەکی سەیر و ناڕوون هەستیان کرد کە خەریکە دەبنە دۆستی گیانی بە گیانیی یەکتر.

"چیرۆکێکی جوانە، ئەسڵەن جوانترین چیرۆکە."

"ناتوانم خەون بەم ئافرەتە نەبینم. نازانم لە کوێ دووبارە چاوم پێی بکەوێتەوە، وەک چۆن ناشزانم چۆنچۆنی لەبیری بکەم."

پاش وەستانێکی درێژ، ئەندازیارەکە گوتی:

"پێویست ناکا هیچ شتێ لەبیر بکەی. وەرە بۆ پاریس و سەردانێکم بکە، ڕەنگە من بتوانم خەونەکەت بۆ بێنمە دی."

جارێ نازانم توانای ئەوەم دەبێ بێمە پاریس یان نا."

"کەوایە من بە زووترین کات دێمە لۆنگلادا و سەردانت دەکەم. چونکە خەونگەلی وەک ئەمەی تۆ، پێویستە هەر زوو و پێش ئەوەی شەپۆلی ژیان ڕایان بماڵێ، بهێندرێنە دی."

له ئەیلوولی ساڵی ١٨٩١دا، ئوغلیان گەیشتە مارسیلیا و نێردرایە نەخۆشخانەی دووگیانبوون بە پاکیزەیی[١].

ئیپۆلیت لویسیل تا نەخۆشخانە لەگەڵی چوو، بەڵام لەوێ کارێکی گرنگی بۆ هاتە پێش و گەڕایەوە پاریس. بەدەم ماڵئاواییکردنەوە بە ئوغلیانی گوت:

"دوو حەفتەی دی چاک دەبیتەوە."

بەڵام ڕاستییەکەی دوو مانگی خایاند تا چاک بووەوە، دوو مانگ لە ئازار و بێزاریی تێپەڕاند کە تێیدا کاتێکی زۆری لە بەردەستدا بوو بۆ تێفکرین.

کاتێ هێزێکی وەبەر هاتەوە و توانای ڕێکردنی گەڕایەوە، بۆ بەسەربردنی کات، دەکەوتە سەروخوارکردن بە ڕاڕەوەکانی نەخۆشخانەکەدا. ژوورەکەی تەنیشتی پیاوێکی لێ بوو کە قاچیان بڕیبووەوە. پیاوەکە وڕێنەی دەکرد و هەر لەخۆوە قسەی هەڵیتوپەڵیتی سەبارەت بە ئەفریقا و بیابان و حەبەشە دەورتاند. لە سووچی

---

[١] Immaculate Conception: بیروباوەڕێکی مەسیحیانەیە تایبەت بە مریەمی پاکیزە کە بە پاکیزەیی دووگیان بووە. خەستەخانەکەش بەم بۆنەیەوە ناونراوە.

تەختەخەوەکەشییەوە، پشتێنێکی پڕ لە زێڕ شۆڕ بووبووەوە.

ئوغلیان چووە نزیک نوێنەکەی و هاواری کرد:

"فارانجی! منت بیر دێتەوە؟"

بەڵام لەوە نەدەچوو فارانجی ئەم بناسێتەوە. چاوانی بەهۆی وڕێنەوە دادڕابوون و لە ئوغلیانی پرسی:

"تۆ کێی؟"

"من ئوغلیان خۆشفێم، لە حەبەشە بەیەکەوە گەشتمان کرد، بیرت نایەتەوە؟"

"نازانم، دڵنیا نیم."

فارانجی نە هیچی بیر دەهاتەوە، نە هیچیشی بەلاوە گرنگ بوو. نە باکی بە مەرگی بێچەندوچۆنی خۆی بوو، نە هی ئەوانی دیکەش.

پێش ئەوەی بمرێت، کۆکراوەیەکی شیعرەکانی خۆی دایە دەست ئوغلیان.

"بگرە، تەنیا ئەمەم بۆ ماوەتەوە. یانی تەنیا ئەوەندەم لێ ماوەتەوە."

ئوغلیان کونجکۆڵانە شیعرەکانی خوێندنەوە، جا بە چاوانێکی قەتیسماو لە فرمێسکەوە گوتی:

"جوانن، زۆریش جوانن."

فارانجی گوتی:

"چەند پارچەیەکن، جگە لە چەند پارچەیەک هیچی دیکە نین، بەڵام دەرخەری هەموو ئازار و شتەکانی دیکەن."

ئوغلیان کۆتا پرسیاری لێ کرد:

"ئەی خۆشبەخت بووی؟"

بەڵام هیچ وەڵامێکی لە فارانجییەوە دەست نەکەوت.

ئوغلیان لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا، لە هۆتێل *کاڕێلی ئاغلە*دا لای دا.

پرسیاری نیگارکێشەکەی کرد، ئەو پیاوەی کە سێ ساڵ لەوەوبەر لەبەرانبەر بووتڵێک گوڵەخەزێمدا تابلۆی ئافرەتە پێستئاڵتوونییەکەی کێشابوو.

پێیان گوت کە کابرای نیگارکێش تارماییئاسا ون بووە و وەک بۆنی گوڵەخەزێم بە بادا چووە، بەڵام ئەو تابلۆیەی کە کێشابووی، هێشتا لە ژێرزەمینەکەدا بوو.

ئوغلیان پرسیی:

"دەتوانم بیبینم؟ بە ئەرک نەبێ پەرداخێک ئەفسەنتینیشم بۆ بێنە. ئەوە سێ ساڵە خەونی پێوە دەبینم."

خاوەنی هۆتێلەکە پرسیی:

"خەونت بە بینینەوەی نیگارکێشەکەوە دیوە یان خواردنەوەی ئەفسەنتین؟"

"هەردووکیان."

بەدەم تێکردنی ئەفسەنتینەکەوە هاوسەرەکەی ڕاسپارد تاکوو بچێت بەشوێن تابلۆکەدا بگەڕێت. پەرداخێکی خواردەوە، جا دانەیەکی دیکەشی بەدوایدا هەڵقوڕاند و

کابرای هۆتێل بیری کردەوە کە بە درێژایی ئەو ماوەیە ڕەنگە ئۆغلیان زۆر تینوو بووبێت.

ئافرەتەکە گەڕایەوە و تابلۆیەکی بچووکی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ڕەنگێکی ئاڵتوونیی هەبوو، لەگەڵ پەڵەیەکی شین بۆ خۆرەکە. ئۆغلیان باش باش لە تابلۆکە ورد بووەوە و هەستی کرد کە زۆر دڵیی گرتووە.

"ئەوەتا، ڕێک خۆیەتی. ئەو پیاوە بلیمەت بوو."

بێ ئەوەی چاو لەسەر تابلۆکە لا بدات، لە خاوەنهۆتێلەکەی پرسی:

"باشە ئەم نیگارکێشە، نازانن چیی بەسەر هاتووە؟"

کابرا بەدەم وشککردنەوەی کەوانتەرەکەوە شانی هەڵتەکاند و گوتی:

"نازانم. چۆن هات، ئەوهاش ڕۆیشت، هێندەی من ئاگادارم، ڕەنگە ئێستە مردبێتیش."

ئۆغلیان پارەی خواردنەوەکانی دا و خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد. بەر لەوەی تابلۆکە بخاتەوە بەرگەکەی، جارێکی دیکەش لە ئافرەتە پێستئاڵتوونییەکەی ڕوانییەوە.

جا لەبەرخۆیەوە هەمان قسەی پاتە دەکردەوە:

"شاکارە، شاکارێکی ڕاستەقینە!"

بەدەم چوونەدەرەوەوە پرسیی:



CS CamScanner

"باشـــــه پێت وایه ئەو نیگارکێشـــــه له ژیانیدا دڵخۆش بووبێ؟"

بەڵام ئەم جارەیان چاوەڕوانیی وەڵامی نەکرد و ڕۆیشت.



CS CamScanner

لیۆپۆڵد پێشوازیی لە گەشتیارەکە کرد:

"سەیرە، ئاخری گەڕایتەوە!"

برووسکەیەکی لە مارسیلیاوە پێ گەیشتبوو و یەکڕاست ڕۆیشتبووە وێستگەی ئاغلە تاکوو پێشوازی لە ئوغلیان بکات. لەسەر سەکۆکە وەستابوو، خۆی بەسەر گۆچانەکەیدا دابوو و چڵە گوڵەخەزێمێکیشی بەدەستەوە گرتبوو.

ئوغلیان بەپەلە بەرەو ڕووی لیۆپۆڵد چوو و باوەشی پێدا کرد. جا چڵە گوڵەخەزێمەکەی لە دەست سەند و بۆنی کرد.

"هەرگیز ئەم بۆنەم بیر نەچووەتەوە."

لیۆپۆڵدیش گوتی:

"چۆن دەکرێ بیرت بچێتەوە؟"

لاوەکە چڵەکەی کرد بە گیرفانیدا، جا دەستی خستە سەر شانی باپیرەی و خەندەیەکی فراوانی بە ڕوودا کرد.

کە گەڕانەوە لۆنگلادا، کلۆڤیس وەک خووی هەمیشەیی خۆی، ڕووخۆشانە پێشوازیی لێ کردن.

"ئەوەتانێ! گەشتیارەکە گەڕایەوە!"

پاش چەندان باوەش کە کلوڤیس لە خۆشـــیان هاواری دەکرد و پەرداخ دوای پەرداخ ئەفسەنتینی هەڵدەدا، لیۆپۆڵد و ئوغلیان گەڕانەوە ماڵ.

"کەوایە دواجار ئەو هەموو گەشتکردنە لە پای هیچ ها؟"

"نەخێر بـاپیرە، هەڵبەت کە بەو جۆرە نییە. بەڵکوو چەندان یادەوەری و وێنە و بۆنی تێدا جێ هێشتووم."

"ئەی باشە ئەو هەموو کاتە خەریکی چی بوویت؟"

"ئێهـ با بڵێم کەمێک پیرتر بووم!"

دواتر بێدەنگ بوون.

"دوای ئەوەش، ئەمەم لەگەڵ خۆمدا هێناوەتەوە."

جا ئەو سـندووقە زیوینەی دایە دەسـت کە دوو هەنگی ئاڵتوونیی تێدا بوو.

"ئەمە چییە؟"

"ئەو سامانەیە کە لەوێ بۆی دەگەڕام."

"پلانێکم بەدەستەوەیە!"

جا باپیری گوتی:

"ئەمە دووەم جارە کە پێم دەڵێی، یەکەم جاریش باش نەشکایەوە."

ئوغلیان سەیرێکی باپیرەی کرد و بزەیەکی هاتێ.

"بەهەرحاڵ، لێرە چی بە چی بوو؟ ژیان چۆن دەگوزەرێ؟"

"خۆت دەزانی، ژیانی گوند دووبارەیە و لەوەتەی تۆ ڕۆیشتووی هەموو شت وەک خۆیەتی. دەڵێی کات لێرە لەچاو شوێنەکانی تردا خاوتر تێدەپەڕێت، وەک بڵێی کاتژمێری لمینی زەمەن وەستابێ و لمەکە لە قەدە باریکەکەیدا گیر بووبێ و ڕێگری لە تێپەڕبوونی ئازادانەی کات بکا."

ئوغلیان پرسیی:

"دەنکە لمێکی هێندەی مسقاڵێک گەورە، وایە؟"

"مسقاڵ ها؟ کەوایە ئاخری زێڕەکەت دۆزییەوە؟"

"نەخێر، بەڵام بیرم لەوە دەکردەوە کە..."

"دەست دەکەیتەوە بە هەنگەوانی؟"

"ئەوەی ڕاستی بێ دەمەوێ ببمەوە هەنگەوان. بەڵام ئەم جارەیان بە شێوازێکی جیاواز."

"پاش ئەو هەموو شــــتەی کە ڕووی دا؟ ئەمە کارێکی شێتانەیە!"

"جا دەیبینی، یەکەم جار نەمدەزانی چ ڕێیەک بگرمە بەر، بەڵام ئێســــتە دڵنیـام و دەزانم چی دەکەم. من ئوغلیـان خۆشـفێم، لە ئەفریقاوە گەڕاومەتەوە و ئامانجێکم هەیە کە دەبێ پێی بگەم."

جا ئوغلیان ڕووی کردە پیرەمێردەکە و ئەمەشــــی بۆ زیاد کرد:

"دەزانی بەتەمام لێرە چی بکەم؟"

"نا."

"شتێکی جوان."

## ٧٠

ڕۆژێک دواتر چوو پۆلین ببینێت.

پۆلین زۆر سادە و ساکار وەک ئەوەی شەوی ڕابردوو ڕۆیشتبێت، گوتی:

"گەڕایتەوە!"

"بەڵێ، لەبەر خاتری هەنگەکان گەڕامەوە."

جا دوو هەنگە ئالتوونییەکەی نیشـــان دا و پڕۆژەکەی خۆی بۆ ڕوون کردەوە.

پۆلین لێوی خۆی گازاند و کەم تا زۆر دەســـتی کردە گریـــان، بەڵام ئوغلیـــان بە جۆرێـــک نغرۆی خەونەکەی بووبوو کە سەرنجی نەدا.

"ســـەرلەنوێ دەســـت پێ دەکەمەوە، بەڵام ئەم جارەیان هەمووان ســـەرســـام دەکەم. هێندە جوان دەبێ کە ئەقڵت نەیگرێ!"

ســـێبەرێک بەســـەر ڕووخســـاری پۆلیندا تێپەڕی، بەڵام ئوغلیان هەر وا بێئاگایانە بەردەوام بوو:

"دەزانی، ئەفریقا ئەزموونێکی ناوازە بووم بۆم."

"دڵخۆشم کە وایە."

پۆلین بۆ ئەوەی هەستەکانی خۆی بشاریتەوە ڕووی وەرگێڕا. دواتر خۆی نەگرت و ئەمەشی بۆ زیاد کرد:

"دەبێ ئافرەتێکی چەندە جوان بێ، ئافرەتی نێو خەونەکەت!"

جا نامەیەکی لەناو بووتڵە گوڵەخەزێمەکاندا هەڵگرتەوە و دایە دەست ئوغلیان.

"پێم باشە بیبەنەوە لای خۆتان."

"بۆچی، نامەیەکی عاشقانەی جوان نەبوو؟"

پۆلین ئاهێکی هەڵکێشا.

"بە پێچەوانەوە، زۆریش جوان بوو، بەڵام بۆ من نەبوو."

## ٧١

لە لۆنگلادا ئۆغلیان خۆشـــفی دەســـتی کردەوە کاری هەنگەوانی و وردەوردە ســـی ســـنووقی نویی پێکەوە نا. بەری ســـاڵی ١٨٩٢ بەپیت و باش بوو و هەنگەوانەکەی ئێمەش وردەوردە کەوتەوە چێژبردن لە یەکەمین عیشـقی خۆی کە هەنگەوانی بوو.

ئەو کاتانەی بەفر دەباری، هەنگەکان لە سـنووقەکانیاندا دەکەوتنە خۆگەرمکردنەوە و ڕەفەکـانیش بەشـــی ئەوە هەنگوینیان تێدا بوو کە تا بەهار بڕ بکات.

ڕۆژێکیان و لە کاتێکدا کە ئۆغلیان خەریکی هەنگەکانی بوو، لیۆپۆڵـد چوو تـا چاوی پێی بکەوێت. لەســـەر کۆتەرەدارێکی بەبەفرداپۆشـــراو دانیشـــت و کڵاوەکەی داگرت، جا گوتی:

"لە ئەفریقا چی ڕووی دا؟"

ئۆغلیان خۆی لە پرسیارەکە دزییەوە.

"پێم بڵێ چی ڕووی دا!"

"شـــتێکی وا نەبوو، بەشـــوێن زێڕدا گەڕام و هەنگوینم دۆزییەوە. هەر ئەوەندە بوو."

"باسی هەنگوین ناکەم، باسی خۆشەویستی دەکەم. دڵنیام کە لەوێ چاوت بە ئافرەتێک کەوتووە، دڵنیای دڵنیام!"

هەنگەوانەکە وەرسووڕا تا ڕوو بکاتە باپیرەی.

"کێ باسی ئافرەتەکەی بۆ کردی؟"

"کەس باسی بۆ نەکردووم. هەر خۆم دەیزانم."

## ٧٢

هەنگەوانەکە ئەو زستانەی بە کەیفسازی بردە سەر و پشوودرێژانە چاوەڕوانیی هاتنی بەهاری دەکرد.

کاتێک هەوا خۆشی کرد، هەنگەوانەکە خۆی بۆ دووەم وەرز ئامادە کرد. ڕاستییەکەی شادمان بوو، بەختەوەر و ئاسوودە و تازە بە تازە لە سەرەتای دەستپێکردنی پڕۆژەکەیدا بوو و تەنیا چاوەڕوانی نامەیەک بوو.

نامەیەک لە ئیپۆلیت لویسیلەوە.



CS CamScanner

ئاخری لە ساڵی ١٨٩٣دا نامەکە گەیشت. ئوغلیان پاش ئەوەی بەرەبەیانی ڕۆژەکەی بە چاودێریکردنی هەنگەکانەوە کووشتبوو، چووە لای کلۆڤیس تاکوو تینوویەتیی خۆی بشکێنێت.

هەر لەوێ پۆستەچییەکە ئوغلیانی دۆزییەوە کە لەگەڵ کلۆڤیس و بە دوو پەرداخ ئەفسەنتینەوە بە بەر خۆرەکەوە دانیشتبوون. کلۆڤیس پاتەی کردەوە:

"ئەوەندە ئاوی تێکە تا ڕەنگەکەی تاریک دەبێ."

پۆستەچی نامەکەی ئیپۆلیتی دایە دەست ئوغلیان. دەتگوت نامەکە هاتنی وەرزی هاوین لەگەڵ خۆیدا نزیکتر دەکاتەوە. نامەیەک بوو پڕاوپڕ لە خۆشیی ژیان، نامەیەک کە موژدەی هاتنی ئەندازیارەکەی لە سەرەتای مانگی ئایاردا دەدا.

واتە لە ڕۆژی گوڵاندا.

٧٤

"ئەم ئەندازیارەی باسی دەکەی چ جۆرە مرۆڤێکە؟"

"لە وێنەی نییە."

"چیی تر؟"

"ئەو بە خواستی خۆی نایێ، بەڵکوو ئەو شتەم بۆ دێنی کە نیمە."

کلۆڤیس سەری خوراند و مۆڕەیەکی کرد:

"ئافرەتەکە لەگەڵ خۆیدا دێنی."

"نەخێر، پارە لەگەڵ خۆیدا دێنێ."

ئیپۆلیت لویسیل ئەندازیاریکی هێندە بلیمەت و پەیجۆر بوو کە چێژی لە هەموو شتە سەرسوورهێنەکانی سرووشتی جیهان دەبینی. لە هەمووشی زیاتر جیهانی مێرووەکان و بەتایبەتیش هەنگەکان و لەنێو هەنگەکانیشدا جۆری *ئەپیس مێلیفیسیا*. هەرگیزیش بەڵێنەکەی خۆی لە یاد نەکردبوو.

سەرلەبەیانیی یەکەم ڕۆژی مانگی ئایاری ساڵی ١٨٩٣، ئیپۆلیت گەیشتە لۆنگلادا. لەو کاتەدا ئوغلیان مژوولی سنووقەهەنگەکانی بوو، هەر بۆیە لەبری ئەو لیۆپۆڵد پێشوازیی لێ کرد.

دوو پیاوەکە هەر زوو گەیشتنە بەردەم کابارێتی سەوز. ئیپۆلیت لەوێ دەستی کردە کێشانی جۆرە جگەرەیەکی ئەستوور کە تەنیا لە هاڤانادا دەست دەکەوت. لیۆپۆڵد پرسیاری لە بوونەوەرە قەلۆر و زلەکەی بەرانبەری کرد:

"لە ئەفریقا خەریکی چی بوویت؟"

ئیپۆلیت وەڵامی دایەوە:

"برازاکەت خەریکی چی بوو، منیش خەریکی ئەوە بووم!"

"بەدوای زێڕدا دەگەڕای؟"

لۆیسیل نەڕاندی:

"دەکرێ بڵێین بەڵێ، بەڵام من دۆزیمەوە!"

مژێکی قووڵی لە جگەرەکە دا و پەڵەهەورێکی لە دووکەڵی سپیی بە بادا کرد کە بەنێو گەڵای دارزەیتوونێکدا ون بوو.

"دەتەوێ بزانی چۆن؟"

لیۆپۆڵد سەری لەقاند.

"بە هێنانەدیی خەونەکان."

"خەونەکان؟"

"بەڵێ خەونەکان! هەمووان خەونێکی نهێنییان هەیە، بەڵام هەموو کات بەشی ئەوە بوێرییان نییە کە بیهێننە دی. جا ئەلەم کاتەدایە کە ئیپۆلیت لویسیل خۆی بە بابەتەکەدا دەکا. باشە دەزانی ئامانج لە هێنانەدیی خەونی کەسێکی دیکە چییە؟"

"نازانم... بۆ نزیخستنەوەی مرۆڤەکانە لە یەکتری؟"

"نەخێر، بۆ بەدەستهێنانی زێڕ."

بێدەنگییەکی درێژ باڵی کێشا.

"چیت لە ئوغلیان گەرەکە؟"

"دەمەوێ یارمەتیی بدەم."

"چۆنچۆنی؟"

"سەرەتا کە یەکمان بینی، باسی ئەو کاتەی بۆ کردم کە هەنگەوان بووە، لەگەڵ ئەو ئەزموونانەی کە لە ئەفریقادا پێیاندا تێپەڕیوە. ئیدی منیش هاتوومەتە ئێرە تاکوو سەبارەت بە هەنگ قسەی لەگەڵدا بکەم."

جا جگەرەکەی بەژێر لووتی لیۆپۆڵددا هێنا و برد و گوتی:

"لە سەروو هەمووشییەوە، هاوکاری دەبم تاکوو دەستی بەو زێڕە بگات کە بەشوێنیدا دەگەڕێ. یارمەتیی دەدەم تاکوو پلانەکەی جێبەجێ بکا."

"چ پلانێ؟"

"بۆی باس نەکردووی؟"

"نەخێر."

ئیپۆلیت لویسیل دایە قاقای پێکەنینێکی هێندە بەرز کە پەرداخەکانی سەر مێزەکەی بەردەمی لەرلاندنەوە. جا وەک ئەوەی باوەش بە ئاسمان و هەموو کێڵگەکانی ئەو دەوروبەرەدا بکات، دەستەکانی بڵاو کردنەوە و، شادمانانە چاوەکانیی گێڕان و بە دەنگێکی بەرز گوتی:

"یارمەتیی دەدەم ئەپۆپۆلیس دروست بکات! نیشتیمانی هەنگەکان."

ئیپۆلیت بۆ هەنگ و هەموو شتەکانی دیکەی ژیانی ئوغلیان نەخشەڕێگەی خۆی هەبوو.

ئیپۆلیت لویسیل ئامانجێکی نهێنیی هەبوو: دەیویست بەناوبانگ بێت و نەوەکانی دوای خۆی یادی بکەنەوە. ئیپۆلیت هەموو شەو بەر لەوەی خەوی لێ بکەویت، لەبەردەم هۆڵی شارۆچکەی پاریسدا وێنای پەیکەرەکەی خۆی دەکرد. پەیکەرێک کە لەسەری نووسراوە:

وەک ڕێز و پێزانینێک بۆ ئەندازیار ئیپۆلیت لویسیل.

لە کۆتاییدا ئەندازیارەکە ئامادەی هێنانەدیی خەونەکەی بوو.

ئەو شـــەوە ئیپۆلیت ژوورێکی لە کاباریتی ســـەوزدا بەکرێ گرت.

کلۆڤیس پێی گوت:

"ببوورە کە ژوورەکە سەوز نییە، بەڵام تەنیا ئەو دانەیە بەردەستە."

دیوارەکانی ژوورەکە شـــین بوون و پەردەکانیشـــی ڕەنگێکی گوڵەخەزێمییان هەبوو. ئیپۆلیت ڕاکشا و هێندەی نەبرد پرخەپرخەکەی لە سەرانسەری هۆتێلەکەدا دەبیستران.

ســـەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر لە میوانخانەکەدا نانی خوارد. جا پەرداخێک شـەربەتی پرتەقاڵ، سێ کوپ چا و حەوت پـارچە نـان بە هەنگوینەوە و، چوار هێلکە و شـــووشـــەیەک مرەبای حەپەلووش کرد و ئەمەش بووە مایەی دڵخۆشیی کلۆڤیس و نیگەرانیی هاوسەرەکەی.

"ئەمە پێی دەڵێن سەنیاری[1] چاک!"

دواتر بە زگی پڕەوە، کڵاوە پووشینەکەی تەپاندە سەری و جگەرەیەکی ئەســـتووری پێکرد و خنەخن بەرەو ماڵی ئوغلیان بەڕێ کەوت.

---

[1] سەنیار: کڕیار، مشتەری.

"باشە چۆنچۆنی ئەپۆپۆلیس دروست بکەین؟"

"بە بەکارهێنانی ئەمە."

ئوغلیان سەرنجی ئەوناملکەیەی دا کە ئەندازیارەکە بە دەستییەوە ڕایدەوەشاند.

ئوغلیان دڕدۆنگانە گوتی:

"بە کتێب؟"

"بەڵێ ئوغلیان، بە کتێب. ئەو کتێبەی کە دەتگەیەنێ بە سامانەکەت. لەبیری نەکەی: هەموو کتێبەکان لە خەونەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە و هەموو خەونەکانیش لە کتێبەکانەوە."

ئیپۆلیت کە ڕووی کردبووە لۆنگلادا، بیرۆکەی دروستکردنی شانەیەکی نائاسایی لە سەردا نەبوو کە لە چەند ملیۆن هەنگێک پێک هاتبێت کە شیلەی جوانترین گوڵی فەرەنسا هەڵمژن و باشترین جۆری هەنگوینی گوڵەخەزێم بەرهەم بهێنن. بەڵکوو کتێبێکی تەواوی سەبارەت بە پرۆژەکە لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، کە نەخشە و تێبینیی تەکنیکی و پێشبینی و هەموو جۆرە هێلکارییەکی ڕوونکردنەوەی هونەرەکەی لەخۆ گرتبوو تاکوو لە چوارچێوەی ئەپۆپۆلیسدا خەونەکە بهێندرێتە دی.

ئوغلیان پرسیی:

"باشه کێ ئەم کتێبەی نووسیوە؟"

ئیپۆلیت بەرزەپا هەستایەوە، جا بە سنگی خۆیدا کێشا و گوتی:

"بۆچی؟ قابیله جگه لە من کێ نووسیبێتی!"

ئاخر ئیپۆلیت لویسـیل تەنیا ئەندازیارێک نەبوو و بەس، بەڵکوو ڕووەکناس، زەویناس، بیرکاریزان، نووسـەر و زاناش بوو. بە کورتی کابرا سـەری لە هەموو شـت دەردەکرد. چون هەر ئەوەندەی سـەرنجی بچووبایە سـەر بابەتێک، دەچووە بنج و بناوانی و دەسـتی بە هەر شـتێک ڕابگەیشـتبا، بێ سـێ و دووکردن پێوەی دەنیشـت و دەیخوێـندەوە. چـاوی بە هەمـوو پسـپۆڕ و زانـا بەناوبانگەکانی سـەرتاسـەری جیهان دەکەوت. جا پاش مـاوەیەکی دیـاریکراو، ئیتر مـانگێـک بووایە یـان چەنـد سـاڵێک، کتێبێکی سـەبارەت بە بابەتەکە دەنووسی. کتێبێک گەرچی بە دەگمەن وەک سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو دانی پێدا دەنرا، بەڵام بۆ خۆی گرنگییەکی ئەوتۆی هەبوو.

ئوغلیان لاپەڕەکانی کتێبەکەی هەڵدانەوە و کاتێک بینیی بەپێی پێشـبینییەکانی ئیپۆلیت دەکرێ ئەپۆپۆلیس لە یەکەم سـاڵیدا بیسـت هەزار کیلۆ هەنگوین بەرهەم بهێنێت و گەر خەرجی و تێچووەکانی پڕۆژەکەی لێ دەر بکرێ ئەوا بڕی



CS CamScanner

سی هەزار دراوی فرانکی ئاڵتوونییان بۆ دەمێنێتەوە.
شاگەشکە بوو.

"بەڵام من چۆن ئەم هەمووەم دەبێ، لە کاتێکدا تەنیا سی و حەوت سنووقەهەنگم هەیە؟"

ئیپۆلیت وەڵامی دایەوە:

"بەر لە هەموو شت ئێمە ئامانجمان سیوحەوت سنووقەهەنگ نییە، بەڵکوو هەزار دانە! دووەمیش دەبێ ڕووی یەک تەختەبەردی تەواو بە کوورە هەنگ دابپۆشین، وەک ئەو دانەی کە لە ئەفریقا بینیبووت! جا پێویستمان بە هەزار شاژنەهەنگ و دە هەنگبڕ دەبێت!"

"بەڵام لە کوێ پارەی ئەم هەموو شتە بهێنین؟ جا با ئەو سەدان هەزار هەنگەش لەولاوە بوەستن کە بڕیارە ئەم بڕە هەنگوینە بەرهەم بهێنن! چۆن ئەم هەمووە دەست بخەین؟"

ئیپۆلیت توورەکەیەکی گەورەی لە جانتاکەیدا دەرکرد و بەدەم کردنەوەیەوە گوتی:

"ئا بەمە!"

لە توورەکەکەدا دە هەزار فرانکی ئاڵتوونیی هەبوو.

ئیپۆلیت گوتی:

"ئەم پارەیە بۆ چەند وەرزی سەرەتای پڕۆژەکە بەس دەبێ."



CamScanner

بەڵام پێشبینییەکان ڕاست دەرنەچوون و پارەکە بەشی کەمتر لە سێ مانگی کرد. دواجار لویسیل و ئوغلیانیش وەک هەمووان بە خەونە شێتانەکانی سەریانەوە لە مرۆڤێک زیاتر نەبوون و تێڕوانینەکەشیان بۆ دروستکردنی ئەپۆپۆلیس پڕۆژەیەکی تەواو ئەقڵنەبڕ و شێتانە بوو.

ئەندازیارەکە گوتی:

"سەرەتا دەبێ ئەو بەشەی تەختەبەردەکە دەستنیشان بکەین کە بڕیارە بەکاری بهێنین، دواتر دەتوانین دەست بکەین بە دروستکردنی جێگای باڵەخانەکە."

"جێگای باڵەخانەی چی؟"

"چۆنت پێ خۆشە ئاوا ناوی بێنە. ئەپۆپۆلیس، بەردە تەفرووتوونابووەکە، دیمەنی هەنگەکە، هەر شتێک کە پێت خۆشە. بەڵام تا پاییز جێگەی باڵەخانەیەکمان دەبێ و دەبینی کە تا هەزاران ساڵ دواتریش هەر باسوخواسەکەی لەسەر زاران دەمێنێتەوە!"

جا دەستی خستە سەر شانی ئوغلیان و گوتی:

"ئەوسا پەیکەرەکەی منیش دروست دەکرێ!"

پرۆژەی دروستکردنی ئەپۆپۆلیس، لەژێر سەرپەرشتیی خودی ئەندازیارەکەدا جێبەجێ کرا. ئیپۆلیت پیاوێک بوو، شێوەی بلیمەتێکی شێتی تێدا هەڵکەوتبوو و توانای سیاسەتمەدار و بەڕێوەبەرێکی ئۆرکسترایی هەبوو.

لویسیل بۆ جێگەی پرۆژەکە، کەندەلانێکی گەچینی هەڵبژارد کە پەنجا پێ بەرز و سەد پێش پان بوو و لە خانووە لادێییەکەی ئوغلیانیشەوە زۆر دوور نەبوو. جا گوتی:

"هەر زۆر بێعەیبە، تەنانەت هێسترەڕێیەکیشی تێدایە کە بەرەو سەرەوە درێژ دەبێتەوە."

ئوغلیان پرسیی:

"بۆچی دەتەوێ هەڵگەڕێیتە ئەو سەرە؟"

"تەنیا خۆم ناچم، بەڵکوو دەبێ هەموو کەلوپەل و پێداویستییەکانیش ببەینە ئەوێ."

"جا چۆن دەیانبەی؟"

ئەندازیارەکە برۆیەکی هەڵبڕی.

"ئەمە هێسترەڕێیە باش، جا باشترین ڕێگە بۆ سەرخستنی شتەکان بە هێسترەڕێیەکدا چییە؟"

بەم جۆرە ڕۆیشــتن و هێســتریکیان لەلای کابرایەکی ئاشــەوانی خەڵکی ئەو ناوە بەکرێ گرت تاکوو هەموو شــتەکانی پێ ببەنە ســەر. جا داوای چەند ســەد ســنووقەهەنگێکیــان لە کۆمەڵێــک قەرەج کرد کە لە *کـامـارگەوە* دەگەڕانەوە، لەگەڵ هەنــدێــک گــوریس و ســەبەتەیەکی چاک و پتەو کە بەرگەی قورسایی مرۆڤێک بگرێت. پاشــان داوای مێخی ئاســنین، بزمار و شــیش و خلۆرتەیان لە ئاسنگەرێک کرد و، یەک کۆمەڵە تەختەداری تەواویشیان لای دارتاشێک کڕی.

ئەو کرێکارانەی کە ڕاســپێردرابوون ئەپۆپۆلیس بنیاد بنێن، دوودڵ بوون و لەو باوەڕەدا نەبوون کە پێش زستان پڕۆژەکە کۆتایی بێت، بەڵام لوێسیل چەند هەزار فرانکێکی دەردەهێنا و بەردەوام دەیگوت:

"گەر کەمەپـارەیەک هەبێ و هەتەرییەکی[1] تەواویشــی لەگەڵ بێ، ئەوا هیچ شتێک مەحاڵ نابێ!"

تەواوی هاوینەکە ئەوان دەســتیان لە کار هەڵنەگرت. دە پیاو شــەو و ڕۆژ بێ وچان کاریـان دەکرد، بە پیک بەردەکەیان کون دەکرد، داربەســتیان تێدا جێگیر دەکرد و ئینجا شــیشــی ئاســنیان بە تەختەبەردەکەدا دەکرد و ســنووقەهەنگەکانیان دەخســتە ناو کونە گەچینەکان. بەڵام جارێکە ئاسەواری هەنگ، بەدەرەوە نەبوو.

---

[1] هەتەری: سووربوون لەسەر ئەنجامدانی شتێک، جددیەتێکی تەواو.

هەموو جار کە لیۆپۆڵد دەچووە سەیرکردنیان، لە دوورەوە لە یەک بە یەکی چالاکییەکانیان ورد دەبووەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان کەیفساز دەبوو پێی. بەڵام نەیدەتوانی ئاماژە بە ئەندازیارەکە نەکات و لە کاتێکدا کە سەرپەرشتیی ڕاپەڕاندنی کارەکەی دەکرد، لەبەرخۆیەوە نەڵێت:

"ئەو پیاوە ژیانت دەکاتە وێرانە!"

قسەکەشی نە ئەوە بوو ڕاست بێ، نە هەڵەش.

لەگەڵ پێیان نایە مانگی ئەیلوول، پڕۆژەی بنیادنانی ئەپۆپۆلیس تەواو بوو. هەواڵی ئەوەی کە هەنگەوان و ئەندازیارەکە بە ئامانجی خۆیان گەیشتوون، لە لۆنگلاددا تەقییەوە. بێ لەمەش، دەنگۆی ئەوە هەبوو کە قەرزێکی وا گەورەیان کردووە کە تا سەدەیەکی دیکەش پێیان نادرێتەوە، بەڵام ڕاستیی ئەم هەواڵە بێبنەما بوو، لانیکەم با بڵێین ڕێک و ورد نەبوو.

ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە دە هەزار فرانکە ئاڵتوونییەکە، تەنانەت چارەکێکی کۆی پارە خەرجکراوەکەشی پێک نەدەهێنا. هەر بۆیە بە ناچاری چوون تا لە بانکی ئاغلە برەپارەیەکی خەیاڵی قەرز بکەن و قەولیان دایە خاوەنقەرزەکان کە لە قازانجەکانی ئەپۆپۆلیسدا پشکیان دەبێت.

ئیپۆلیت پێش ئەوەی ناچارانە بێتە ژێر باری مەرجەکانیانەوە، کەوتە بۆڵەبۆڵ و گوتی:

"ئەم جۆرە مرۆڤانە خوێنی خەڵک هەڵدەمژن!"

دواتر دوو پیاوەکە واژۆیان کرد.

هەر لەم مانگی ئەیلوولەدا، مەترسیی شکستهێنانی پڕۆژەکە تا ڕادەیەک کەم بووەوە. هەنگەوانەکە کە بەشێکی

گرنگ بوو لە نەخشـــەی شـــیتانەی ئەندازیارەکە، هاواری کرد:

"کارەکەت بە ئەنجام گەیاند!"

ئیپۆلیتیش وەلامی دایەوە:

"من هیچم نەکردووە، بیرۆکەکە هی تۆ بوو."

دوو پیاوەکە بەدەم تەوقەکردنەوە بزەیەکیان گرتە یەک.

ئیپۆلیت هەستایەوە و بەدەم سەیرکردنی ئەپۆپۆلیسەوە گوتی:

"ســـبەی دەچم و هەنگەکان لەگەڵ خۆم دێنم، داوام لە هەموو هەنگەوانەکانی هەرێمەکە کردووە. زیاد لە ســـەد پوورەن و هەر زوو هەموو سنووقەهەنگەکانی ئەپۆپۆلیس پڕ دەکەنەوە. بەس ســـەبر کە، دەبینی بەهـاری ئاینـدە هەزاران هەزار هەنگمان دەبێ. ئای چ دیمەنێکی ناوازەیان دەبێ."

ئوغلیان پرسیی:

"تێچووی هەمووی چەندە؟"

"ســـەروەتێکە! بەلام بابەتی پارە بخە لاوە، گرنگ ئەوەیە باشترین جۆری هەنگ بهێنین."

"ئەی دوای ئەوە چەند پارەمان بۆ دەمێنێتەوە؟"



CamScanner

ئیپۆلیت بەستەیەک پارەی لە گیرفانیدا دەرهینا کە بەردەوام لێی خەرج دەکرا. جا بەشێکی زۆری خستە لاوە و گوتی:

"بەشی خواردنەوەیەکی لای کلۆڤیس دەکا!"

ئیپۆلیت لویسیل قسەی خۆی بردە سەر. کاتێک لە ئاغلە گەڕایەوە، بەشی ئەوە هەنگی هێنا کە هەموو سنووقەکانی ئەپۆپۆلیس پڕ بکاتەوە. دیمەنێکی هێندە کەموێنە و سەیر بوو کە هیچ کەس لە لۆنگلاددا بیری نەدەچووەوە. ئیپۆلیت بە عەرەبانەیەکی پڕ لە پوورەی هەنگەوە خۆی بە لادێکەدا کردەوە، پەڵەهەورێک لە هەنگ بە چواردەوریدا دەیانگیزاند و دەخوولانەوە و خەڵکی بە ئاستەم شێوەی ئەندازیارەکەیان لەناو هەنگەکاندا بەدی دەکرد.

یەکێک لە گوندییەکان گوتی:

"ئەمە تارماییەکە!

یەکەم کەس ئوغلیان پێشوازیی لێ کرد و کە گوێی لە وشەی خێوە بوو، خێوێکی دیکەی هاتەوە یاد کە لە ئەفریقا بینیبووی. خێرا لەگەڵ ئیپۆلیت سواری عەرەبانەکە بوو و بەرەو خانووە شەقوشڕەکەیان بەڕێ کەوتن. لێشاوێک منداڵ و هەنگ شوێنیان کەوتبوون و بوونی ئەو خەڵکە خرۆشاوەش لەو کاتەدا، بەرگێکی زیندوو و پڕ لە جۆشوخرۆشی بە بەر دیمەنەکەدا دەکرد.

ئوغلیان و ئیپۆلیت خۆشسەلیقانە و بە وریاییەوە یەک یەک پوورەکانیان خستنە خانەکانەوە. دواتر کە شەو

داهات، هەموو هەنگێک فڕییەوە کۆمەڵەکەی خۆی و دوو پیاوەکەش لەسەر لێواری دیوارێک دانیشتن و تەماشای ئەپۆپۆلیسیان کرد. لویسیل جگەرەیەکی پێکرد و کەیفساز و ئاسوودە گوتی:

"ئێستە هەر ئەوەندە ماوەتەوە چاوەڕوانی بکەین، تا ببینین هەموو ئەمە دەبێتە زێڕ! زستانەکەی دووورودرێژ دەبێ، بەڵام گرنگ نییە، چونکە لە کۆتاییدا هەر دەبێتە خاوەنی نیشتیمانی هەنگەکانت! لە هەموو ئەو شتانە جوانتر و گەورەتر دەبێ کە لە ئەفریقا بینیبوونت. کۆماگەلێک، پوورە، تۆ بڵێ شاخگەلێک لە هەنگوین بەسەر سەرماندا دەڕژێ!"

ئوغلیان بەدەم سەیرکردنی خۆری ئاوابوو کە لە ئاسۆدا دەنیشت، گوتی:

"بەڵێ، دەستپێکە تازەکان هەمیشە لە بەهاردان."



CamScanner

زســـتان زۆر بە هێواشـــی تێپەڕی و بەفرێکی واش نەباری. هەموو بەیـانییەکی خوا دوو پیـاوەکە دەچوونە خوارەوەی کەنـدەکە و بە بێـدەنگی لێیـان دەڕوانی. هەنگەکان لە ناواخنی گەرمی ئەپۆپۆلیسدا خەوتبوون.

ئیپۆلیت دەیگوت:

"با بێزاریان نەکەین."

ئینجـا دووبەدوو دەگەڕانەوە گونـد و لەگەڵ کلۆڤیس دەستیان دەکردە یاریی وەرەق.

بەڵام لیۆپۆڵـد هـەرگیز هـاودەمیی نەدەکردن، چونکە بە شێتوشووری دەزانین. بەتایبەت ئەندازیارەکە پێدەچوو خۆیشی ئاگاداری ئەو ڕاستییە بێت کە شێتە و کەچی بە جۆرێک لە جۆرەکان شانازیی پێوە بکات.



CamScanner

لەگەڵ داهاتنی بەهار، دەبوو بگەڕێنەوە سەر کار. خەونەکەش لە بەرەبەیانێکی مانگی نیساندا هاتە دی، کاتێک هەنگێک هەڵفڕی تاکوو بەشوێن گوڵدا بگەڕێ.

هەنگەوان و ئەندازیارەکە پێش گزنگ بەئاگا هاتبوون و لە بناری کەندەکە وەک دوو منداڵی کونجکۆڵ ڕاوەستابوون و سەیریان دەکرد. کاتێک بینییان هەنگێک لە سنووقەکەی هاتە دەر و بەرەو ئاسمان فڕی، سەیرێکی یەکتریان کرد و دایانە قاقای پێکەنین.

ئیپۆلیت هاواری کرد:

"بەخت! بەخت یاوەرمانە!"

لە ماوەی چەند خولەکێکدا ئاسمان بە هەنگ ڕەش بوو، ملیۆنان هەنگ بەو ناوەدا دەفڕین.

ئیپۆلیت گوتی:

"وەرە، با بڕۆین خواردنەوەیەک لەگەڵ کلۆڤیسدا بخۆینەوە. لەمەودوا دەست بنێرە ژێر سەرت، چونکە هەنگەکان کارمان بۆ دەکەن."

## ٨٥

لیۆپۆڵد هەر سەری نەدەهێنایە راستە و فیلەکانی ئەندازیارەکەش بۆ قایلکردنی کەڵکێکی وایان نەبوو. رۆژێکیان ئیپۆلیت لویسیل شاژنەهەنگێکی گرت و خستییە سەر چەناگەی. لە ماوەی چەند ساتێکی کەمدا هەزاران نێرەهەنگ شاڵاویان هێنا و لای شاژنەکە نیشتنەوە و ریشێکی سەرسوورهێن و سەیریان بۆ ئەندازیارەکە دروست کرد. جا بە ریشە سەیر و زیندووەکەی خۆیەوە کە گیزەی دەهات، چوو تا فشەکەرانە بە لۆنگلاددا بسوورێتەوە.

لیۆپۆڵد گوتی:

"کابرایەکی سەیرە!"

ئوغلیانیش گوتی:

"منیش لەبەر ئەو سەیریەتییەی خۆشم دەوێ."

به درێژایی ئەو بەهارە، هەنگەکان شـــیلەی گوڵەکانی لۆنگلادیان هەڵمژی. بەمەش مۆســـیقایەکی تەواو ســـاز و سەیروسەمەرەیان بەرهەم دەهێنا.

ئوغلیان خۆشـــفی عاشـــقی هارمۆنییە بێکۆتاکەیان بوو، هەرچەند دەیزانی کە کێشـــەی فرەدەنگی هەیە، بەڵام بۆ ئەو هەرگیز جاڕسکەر نەبوو، چونکە بێدەنگی و هەناسەی خۆی هەبوو و زۆر زووڵاڵ دەکەوتە بەرگوێی.

بە جۆرێک عاشـــقی مۆســـیقاکەیان بووبوو کە ناوی نا: "ئۆپێرای هەنگەکان."

سەرئەنجام یەکەم ڕۆژی هەنگبڕین گەیشت.

ئەو ڕۆژە ڕۆژی خۆشـــی و ئاهەنگگێڕان بوو و خەڵکی هەموو گوندەکە بانگهێشـــت کرابوو. لویسـیل دەیویسـت هەمووان لەوێ بن، تاکوو گەواهیدەری پرۆژە بلیمەتانەکەی ئەو بن. لیۆپۆڵد و کلۆڤیسـیش ئەو شـەرەفەیان پێ برابوو و بانگهێشـــت کرابوون و، وەک دوو ســـیناتۆری پیر لە کورسییەکانی پێشەوەدا دانیشتبوون. لەپشت ئەوانیشەوە و لەنێو حەشـــامەتەکەدا، دانیشـــتوانی لۆنگلاد سەرسووڕماوانە بە پرۆژەکەدا واق بووبوون.

ئوغلیان لەناو ســـەبەتەیەکدا و بەســـەر کەندەکەوە هەترەشـــی چووبوو و چاوەڕوانی ڕێنماییەکـانی ئەندازیارەکە بوو. پۆلینیش کە بە خۆشـــحاڵییەوە قایل بووبوو تاکوو بەشـــێک بێت لەم شـــێتییە، لە خوارەوە و لەنزیک فڕنێکەوە وەستابوو.

ئەندازیارەکە بە ئحمێک قوڕگی پاک کردەوە و دەســـتی بە لێدوانەکەی کرد:

"خانمـان و بەڕێزانی ئـازیزی گونـدی لۆنگلاد، ئەمڕۆ بەخێرهاتنی هەمووتان دەکەم کە هاتنە ئێرە تاکوو بەشێک بن لەم نمایشـــە کەموێنەیە. تکام وایە بێدەنگی ڕابگرن و

ورد سەرنج بدەن، چون ئەو دیمەنەی کە شەرەفی ئەوەتان پێ براوە بینەری بن، تەنیا چەند خولەکێکی کەم دەخایەنێت و ئۆپێرایەکە کە بێدەنگییەکی ڕەها دەخوازێت. لێرە تەنیا یەک نمایش پێشــکەش دەکرێ و ئەویش ئەم نمایشـــەی ئێســتەیە. ئەو نمایشـــەی کە کەمێکی دیکە بینەری دەبن؛ نمایشــێک کە لە هەموو دنیادا یەکەم جارە پێشــکەش بکرێت. ئێستەش لەپێناو دڵخۆشکردن و سازدانی کەشێکی کەموێنە بۆ ئێوەی بەڕێز، بە خۆشـــحاڵییەوە «ئۆپێرای هەنگوین و بێدەنگی»یتان پێشکەش دەکەم."

ئەندازیارەکە دەســـتی بەرز کردەوە و چەند ســـاتێک وەســـتا تاکوو هیچ دەنگەدەنگ و ورتەورتێک نەمێنێت. جا کـاتێـک چـاوەڕوانیی جەمـاوەر گەیشـــتە بنبەســـت، ئەندازیارەکە وەک ڕابەرێک بە جووڵەیەکی شکۆمەندانە و کتوپڕ کە دەتگوت ئاماژە بە دەستپێکردن و ژەنینی یەکەم نۆتەی ئۆرکســترایەک دەدا، دەســتی داگرت و بێدەنگترین ئۆپێرای جیهان دەستی پێ کرد.

سـەرەتا بە ژەنینی ئامێرە هەواییەکان دەستیان پێ کرد. پۆلـین لە خوارەوەی کەنـدەکەوە دەرگەی ئەو فڕنەی کردەوە کە تێیدا چەند گونییەک دەســووتـان. دووکەڵی گونییە سووتاوەکان هەستا و بە درێژایی تۆڕێکی ئاڵۆزی بۆری ئۆرگانئاسا بەرز دەبووەوە، تا دەگەیشتە دەمەوانەی سنووقەهەنگەکان. هەموو ئەمە و دروست بەو جۆرەی کە

ئەندازیارەکە داوای کردبوو، لە کەشێکی تەواو بێچرپە و کپدا بەڕێوە برا. ئۆپێرایەکی سپی و بێدەنگ.

دواتر ئامێرە ژێدارەکان جڵەوی ئاوازەکەیان گرتە دەست. ئۆغلیان لە سەبەتەکەدا و بە جلە هەنگەوانییەکانی بەرییەوە، کەوتە ڕاکێشانی گوریسەکە و خۆی تا سەر ڕووی تەختەبەردەکە نزم کردەوە. کاتێک گەیشتە ئاستی یەکەم سنووقەهەنگ، سەرەکەی لابرد و پارچە مۆمێکی چوارگۆشەی پڕ هەنگوینی دەرهێنا و لەنێو دەستەکانیدا گووشیی.

دواتر سەرەی ئامێرە مۆسیقییە مسییەکان هات. هەنگوینەکە ڕژایە ناو دەفرێکی کانزایی، جا پێش ئەوەی داچۆڕێتە دامێنی کەندەکە، وەک ڕووبارۆچکەیەکی زێڕین، بەنێو کۆمەڵێک خلۆرتەدا تێپەڕی و لەڕێی تۆڕێکەوە پاڵێورا.

سەرلەبەری ئەمەش لە کەشێکی تەواو هێمندا بەڕێ کرا؛ تاکوو کۆتا نۆتە، نۆتە ئاڵتوونییەکە. کاتێک یەکەم دڵۆپە هەنگوین ڕژایە ناو کووپەڵە شووشەییەکە.

ئەندازیارەکە وەک ڕابەرێکی ڕاستەقینە قۆڵی داگرت و قیت و قنج وەستا. شادمانیی جەماوەرەکە تەقییەوە و هەموو دانیشتووانی لۆنگلاد لە خۆشیان کەوتنە پێکەنین.

کلۆڤیس هاواری کرد:



CamScanner

"ئەمە پەرجووە! ئەی ئافەرین بەڕێز ئەندازیار!"

لیپۆڵدیش هاواری لێوە هەستا:

"ئەم پیاوە لە هەسارەیەکی دیکەوە هاتووە!"

ئۆغلیان باوەشی بە هاوڕێکەیدا کرد و گوتی:

"ئۆپێرایەکی جوان بوو."

ئەندازیارەکەش بە سۆز و خۆشەویستییەکی ئەبەدییەوە سەیری چاوانی ئۆغلیانی کرد و گوتی:

"بەڵێ، بێخەوش بوو. دەمێک بوو گوێم لە مۆســیقایەکی وا ساز نەبووبوو!"

هێندەی نەبرد دەنگۆی ئەوەی کە دوو پیاوەکە لەڕێی هەنگوینەوە سەروەت و سامانێکیان پێکەوە ناوە، هەرێمەکەی تەنی.

خەلکی دەیانپرسی:

"ئەمانە کێن؟"

"هەنگەوان و ئەندازیارێک. دەی ئیتر هەر ئەوانەی کە لە ئەفریقاوە گەڕانەوە."

جا وەلامیان دەدایەوە:

"ئەها دە وا بلێ، مەبەست خەونبین و کابرا ڕیزپەڕەکەیە!"

تەنیا دوو مانگی خایاند تاکوو ئیپۆلیت لویسیل لە کەسێکی ڕیزپەڕەوە ببێتە گەمژەیەک و ئوغلیان خۆشفییش لە خەونبینینێکەوە بۆ بیرشێواوێک.

تەنیا دوو مانگ دەخایەنێت، بۆ ئەوەی گوڵەخەزێمەکان سەوز ببن، بە بەر پرشنگی هەتاوەوە بگەشێنەوە و دواتریش بێ ئەوەی شیلەکەیان لێ هەڵبمژرێت سیس و وشک ببن.

تەنیا دوو مانگی خایاند، تاکوو دیمەنی کەموێنەی ئەپۆپۆلیس، بگۆڕێت بۆ وێرانەیەک، کارەساتێک کە تەنیا لە مێشکی دوو خاوەنە کەللەڕەقەکەیدا دەکرا جێی ببێتەوە.

تەنیا دوو مانگی خایاند تاکوو مۆرانەی مۆم[١]، کە مشەخۆرێکی تێرنەخۆرەی بچووکە، هەموو ڕەنجەکەیان بە با بدات.

---

١ Wax Moth

*گـالیریـا میلۆنێلا* که به مۆرانەی مۆم نـاسـراوە، مشەخۆرێکە لەسەر مۆم دەژی.

مێیەکـانیـان گەرای زەردی بچووک دادەنێن که دوای هەشـت ڕۆژ دەبێتە تووتڵەمیران و دوای سـێ حەفتەش دەبێتە قۆزاخە و، له کۆتاییشـدا و دوای پازە ڕۆژی ڕێک قۆزاخەکە دەبێتە مۆرانە و بەم جۆرە سووڕەکە بەردەوام دەبێت.

مۆرانەی مۆم تەنیا پەلاماری شـانەهەنگەکان نادات، بەڵکوو هەڵدەکووتێتە سـەر چوارچێوە و سـەرتاپای پوورەکەش.

ئیپۆلیت و ئوغلیان ماوەیەکی کەم بەر له هاتنی دووەم وەرزی هەنگبڕین، چوون تاکوو سـەرێک له پوورەکان بدەن، بەڵام سەرنجیان دا له سێ سنووقیاندا لەبری هەنگ تەنیا تەپۆڵکەیەکی کرمۆکەی لێیە.

ئوغلیان هاواری لێوە هەستا:

"مۆرانەی مۆم!"

"خەمت نەبێ، پێشتر بیرم لێ کردبووەوە."

ئەندازیارەکە هەوڵی دا سنووقە خراپبوو و نەخۆشەکان لەوانە جیا بکاتەوە که هێشـتا سـاغ بوون. بەڵام دەردە

پیســەکە جڵەوی گرتبووە دەســت و بە خێرایی بەنێویاندا بڵاو دەبووەوە.

حەفتەیەک دواتر ژمارەی سنووقە خراپبووەکان گەیشتە حەوت. هەشت ڕۆژ دواتریش گەیشتە سەروو بیست. تا وای لێ هات لە ماوەی دوو مانگدا، تاقە ســـنووقێک لەو ئەپۆپۆلیسە زەبەلاحەدا بە ساغی دەر نەچوو.

ئیپۆلیت لویسـیل لە کتێبەکەیدا کە دەربارەی هەنگەوانی نووسـیبووی، پێشـبینیی هەموو شـتێکی کردبوو. هەموو شت جگە لە چارەنووس. چارەنووسیش نەیدەویست ئەو ببێتە بلیمەت.

کاتێک دوو پیاوەکە زانییان دەسـتخەڕۆ و مایەپووچ بوون، هەوڵیان دا ئەو تۆزە هەنگوینە لە کارەسـاتەکە نەجات بدەن کە مابووەوە.

پاش پاڵاوتنی، تەنیا سـەد کیلۆی لێ مایەوە. سـەد کووپەڵەشووشە کە لەسەریان نووسرابوو:

*هەنگوینی گوڵەخەزێم*

*ئەپۆپۆلیس*

*لۆنگلاد*

*ئوغلیان خۆشفێی هەنگەوان*

ئوغلیان نەوەد شـووشـەی فرۆشـت، حەوتی هەر وا بە خۆڕایی بەخشـییەوە و دووانیشـی دایە ئیپۆلیـت و دانەیەکیشی بۆ خۆی گلدایەوە کە هەرگیز نەیکردەوە.



CamScanner

هەر کە هەواڵەکە بڵاو بووەوە، خاوەنقەرزەکانیان وەک مێش دەوری هەنگوینەکەیان دا و داوای برە پارەیەکی هێندە زۆریان کرد کە ئیپۆلیتی بە جۆرێک گێژ خستبوو کە بیری چوو مژ لەو جگەرەیە بدات کە دایگیرساندبوو.

لویسیل گوتی:

"باشە پێم بڵێ چەنێک قەرزاری ئەم مشەخۆرانەین؟"

ئوغلیان کۆمەڵێک حساباتی کرد، جا بەسەر پارچە کاغەزێکەوە شتێکی نووسی و پیشانی ئیپۆلیتی دا.

"ئەوەندەیە؟"

هەنگەوانەکە سەری لەقاند.

"لەم بارەدا مەگەر بەتەما بین زێڕ لە ئاسمانەوە بباریٚ، گەر نا هیچی دیکەمان لەدەست نایەت!"

ئیپۆلیت لویسیل تەواو بێتاقەت و خەمین لەتەک پوورەهەنگێکەوە دانیشت و چاوەڕوان بوو فریشتەیەک بێتە خوار و لەو کارەساتە ڕزگاری بکات.

ئوغلیان گوتی:

"نازانم زێڕ دەباریٚ یان نا، بەڵام ئەفریقا..."

جا ڕۆیشت تاکوو یەکێک لەو هەنگە ئاڵتوونیانە بهێنێت کە هێشتا لەلای مابوون.

بە فرۆشـــتنی هەنگە ئاڵتوونییەکە، دوو پیاوەکە توانییان زۆربەی هەرەزۆری قەرزەکـانی ئەپۆپۆلیس بـدەنەوە و خۆیان لە تەنگەژەی خاوەنقەرزەکان قوتار بکەن. دواتر و بەو حەفتـاوحەوت فرانکەی کە مـابووەوە، چوونە لای کلۆڤیس و دەســـتیان کردە خواردنەوە و بە درێژایی ئەو شەوە سەرخۆش بوون.

# بەشی سێیەم



CamScanner

ئیپۆلیت لویسیل بەیانییەکی مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٨٩٤ لۆنگلادی جێ هێشت. چیدی جگەرەی نەدەکێشا، بەلام کڵاوە پووشینەکەی هەر دەکردە سەری. دڵی یەکپارچە خەم بوو و چاوەکانی کە ڕۆژانێک لێوانلێو بوون لە شادی و پێکەنین، ئێستاکە بووبوونە گۆمێکی مەنگی ناسۆری و خەفەت.

ئیپۆلیت گوتی:

"کتێبێکی دیکە دەنووسم، بەلام ئەم جارە کێشەی مۆرانەی مۆمەکە لەبیر ناکەم. بگرە لیستێکی تێروتەسەلی هەموو ئەو نەخۆشیانە دەنووسم کە دەشێ تووشی هەنگ ببن و چارەسەرەکانیشیان دەدۆزمەوە."

ئوغلیان گوتی:

"تەنانەت گەر هەرگیزیش دەست بە نووسینی ئەم کتێبە نەکەی، ئەوا هێشتا دەڵێم کە ئەپۆپۆلیس بیرۆکەیەکی جوان بوو."

ئیپۆلیت سەری لەقاند و گوتی:

"زۆریش جوان بوو، تو خوا وا نییە؟ تەنانەت گەر نەتوانی دووبارە خەونێک ببینیتەوە، ئەوا من بۆ ئەبەد ئەوەی خۆمانمانم بیر دەبێ."

بۆ یەکەم جار ئیپۆلیت پەیمانی خۆی نەبردە ســـەر. دەستی ئوغلیانی گووشی، جا ڕووی وەرگێڕا و ڕۆیشت.

لیۆپۆڵد خۆشفێ لە بەهاری ساڵی ١٨٩٥دا مرد.

ئوغلیان کێڵێکی شینی مەڕمەڕی بۆ دروست کرد و چڵە گوڵەخەزێمێکیشی خستە ناو تابووتەکەی. ئوغلیان زۆر بیری باپیریی دەکرد و ڕۆژ نەبوو بیری لێ نەکاتەوە، بەڵام هەرگیز سەردانی گۆڕستانی لۆنگلادی نەکرد. چونکە بۆ ئەو، باپیری زیاتر لەنێو کێڵگەی گوڵەشینەکاندا ئامادەگیی هەبوو، وەک لەناو لاکێشەی خاچە ماتەمبار و خۆڵەمێشییەکاندا.

ساڵی ١٨٩٥ ساڵێکی شووم بوو بۆ جووتیارانی گوڵەخەزێم. وشکەساڵییەکی سەخت لەگۆڕێدا بوو و گوڵی ناو کێڵگەکانیش یەک یەک وشک دەبوون.

ئوغلیان بڕیاری دا واز لە چاندنی گوڵەخەزێم بێنێت و بەشێکی کێڵگەکەشی فرۆشت. ئیدی زۆربەی هەرەزۆری کاتەکانی لە ژوورەوە بە بیرکردنەوە لە ئەفریقا بەسەر دەبرد.

شەوێکیان خەونی بە ئافرەتە پێستئاڵتوونییەکە، ماکۆنین و هاودەمانی گەشتەکەیەوە بینی. وەختێ بەئاگا هات، دەرکی بەو ڕاستییە کرد کە هیچ کەس و هیچ شتێک لەبیر ناکرێت، بەتایبەت ئەو شتانەی کە عاشقیان دەبین.

لەنێو هەمووشـــیاندا باپیرەی و ئیپۆلیت لویســـیلی سەرشێت و بلیمەت.

ڕۆژێکیان کلۆڤیس لێی پرسی:

"ئەی ئەپۆپۆلیس؟ بەتەمـای چیی لێ بکەی؟ ئەوە بۆ ســالێک دەچێت ســنووقەکان بە بەر خۆر و بارانەوە داڕزاون."

ئوغلیان ســـەیری پاشـــماوەی ئەو پرۆژەیەی کرد لە ئەندازیارەکە بەجێ مابوو، جا خەمگینانە گوتی:

"هەر وا لەوێ جێیان دەهێڵم و ســـەیریان دەکەم تا بە تەواوی لەناو دەچن."

وەلێ تەنانەت بەدەم کردنی ئەم قسانەشـەوە، لە ناخی دڵییەوە دەیزانی کە جوانیی خەونەکەیان هەرگیزاوهەرگیز ناڕەوێتەوە.

ڕۆژێکی زستـــان و لە کاتێکدا کە بەفر کلووکلوو بە ئەسـپایی لە دەرەوە دەباری، پۆلین بەسـتەیەکی سـەیری لەبەردەم دەرگەکەیدا دۆزییەوە. نە هیچ تێبینییەکی لەسـەر بوو، نە ئەوەش کە لە کوێوە هـاتووە. تەنـانەت پوولی پۆستەشی پێوە نەبوو.

پۆلینی کونجکۆڵ بەستەکەی بردە ژووریَ و دەرگەکەی داخســت. پاش کەمێک کردییەوە و بینیی کە تابلۆیەکی جوانی تێدایە. تابلۆی ئافرەتێکی پێستئاڵتوونی.

بە درێژایی ئەو ڕۆژە پۆلین هەر بیری لای ئوغلیان بوو و تاسـەی کرد، بە جۆرێک کە شـەوەکەی بە ئاستەم خەو چووە چاوانی.

دەمەوبەیان دانیشـت تاکوو نامەیەک بنووسـێت، بەڵام هیچ وشـــەیەکی بە مێشـــکدا نەدەهات. جا بیَ ئەوەی بۆ سـاتێکیش بوەسـتێت تاکوو پاڵتۆکەی لە بەر بکات، چووە بەر بەفرەکەی دەرەوە و تا کێڵگەکەی خۆشفیَ ڕای کرد.

ئوغلیان لەوەدا بوو حەوتەمین سنووقەهەنگ تەواو بکات کاتێک پۆلین پاڵی بە دەرگەکەوە نا و خۆی بە کارخانەکەیدا کرد. سەرەڕای ئەو هەموو شکست و نوشستییەی کە تووشیان هاتبوو، بڕیاری دابوو دەست بکاتەوە بە هەنگەوانی، بەڵام ئەم جارەیان لە ڕووبەرێکی بچووکتردا. نەیدەزانی ئەم جار سەرکەوتوو دەبێ یان نا، نەیدەزانی ئاخۆ خۆی لە ئاشووبی ئاگر و مۆرانەی مۆم، یاخود هەر شتێکی دیکە دەپارێزێت کە چارەنووس دەیهێنێتە ڕێی یان نا.

بەڵام بڕیاری دابوو ئەم جارەیان سنووقەکان لە تەختە دروست بکات و یەکەم جاریشی بوو وەها کارێک بکات. هیچیان لەو سنووقانە نەدەچوون کە لە شوێنانی دیکە چاوی پێ کەوتبوون. ڕاستە هەنگەوانەکە چیدی خەونی مەحاڵی نەدەبینی، بەڵام ڕەسەنایەتی و تواناکانی خۆی گوم[1] نەکردبوو.

لە کاتێکدا کە بە ڕەنگێکی زەردی تێری ئاڵتوونی سەرقاڵی ڕەنگکردنی حەوتەمین سنووق بوو، پۆلین خۆی بە کارخانەکەدا کرد.

---

[1] گومکردن: بزرکردن، ونکردن.

تاوێک هەر وا تەماشـــای کارکردنیی کرد، دواتر چووە لای و گوتی:

"ئەو هەموو ســـاڵەی کە لە ئەفریقا بووی تەنانەت نامەیەکیشـت بۆ نەنووسـیم. لەوەتەی گەڕاویتەوە ئێرەش، بە دەگمەن قسـەت لەگەڵ کردووم. بیر و خەیاڵت هەر لای هەنگەکان بووە و جگە لەوە باکت بە هیچ شـتێکی تر نەبووە، ئێسـتەش بێ ئەوەی هیچی لەسـەر بنووسـی، هاتووی تابلۆیەکت بۆ ناردووم."

"ڕەنگە ئێسـتە درەنگی کردبێ تاکوو نامەت بۆ بنووسم، یان هەوڵ بدەم پێت بڵێم..."

پۆلین نزیکتر بووەوە و ســەری وەرچەرخاند تاکوو نیگای چاوەکانی بکات. جا گوتی:

"هیچ کات درەنگی نەکردووە."

ئوغلیان دەستی پۆلینی گرت.

پۆلین دەستی ڕاتەکاند و بەرەو ڕەفەیەکی ئەوسەری ژوورەکە چوو. ئوغلیان گوتی:

"ئەمانە هەموو سەروەت و سامانەکەمن، کووپەڵەیەک هەنگوین، هەنگێکی ئاڵتوونی، دەفتەرچەیەکی شیعر، کتێبێک سەبارەت بە ئەفریقا و تاقە چڵێکی گوڵەخەزێم."

پۆلین وەرسووڕا و زەردەیەکی کرد، جا وەڵامی دایەوە:

"تۆ بەختت هەیە، چونکە من جگە لەو تابلۆیەی کە هێندە نابێ بۆت ناردووم، هیچم لە تۆوە بۆ نەماوەتەوە."

پۆلین دەستی بە چڵە گوڵەخەزێمەکەدا هێنا، نیگایەکی ڕقاویی گرتە گەوهەرەکە، جا هاکەزایی شیعرێکی خوێندەوە و کووپەڵە هەنگوینەکەی هەڵگرت. پەنجەی لە شلە شیرینەکەدا نغرۆ کرد و بۆ لێویی برد.

"باشترین ئیش کە کردبێتت، کۆکردنەوەی ئەم هەنگوینە بوو."

جا دووبارە دەستی بەنێو هەنگوینەکەدا کردەوە و تامی کرد. پاشان گوتی:

"ئاڵتوونی ژیان."

ئوغلیان فڵچەی بۆیەکردنەکەی بەسەر میزی کارکردنەکەوە دانا. جا ئەو کتێبەی هەڵگرت کە سەبارەت بە ئەفریقا نووسرابوو و دایە دەستی پۆلین.

"بگرە، ئەم کتێبە بۆ تۆ. هەموو شتەکانی دیکەش هەر بۆ تۆ، هەنگوینەکە، هەنگە ئاڵتوونییەکە، دەفتەرچەی شیعرەکان، چڵە گوڵەخەزێمەکە. هەموو ئەو شتانەی کە هی منن و دەکرا لەوەوپێش پێتیان ببەخشم."

"بۆ من؟ دڵنیای؟"

ئوغلیان لە کچەکەی ڕوانی و شتێکی تێدا بەدی کرد کە هەرگیز لەوەوپێش سەرنجی نەدابوو. ئەو شتە بوو کە هەمیشە لە قووڵایی ناخیدا تووشی گێچەڵی دەکرد. پۆلین سەرسامانە سەیری ئەو دڵۆپە هەنگوینەی دەکرد کە بە لێواری شووشەکەوە دەچۆڕایە خوار و، ڕەنگی هەنگوینەکە لە چاوان و پێست و دەستی درێژبوویدا ڕەنگی دابووەوە.

ئوغلیان گەیشتە ئەو بڕوایەی کە لەبەردەم ئەو ئافرەتەدا وەستاوە کە هەموو تەمەنی بەشوێنیدا وێڵ بوو. گوتی:

"ئێستە دڵنیای دڵنیام."

ئوغلیان هەستی بە ئاسوودەییەکی لەرادەبەدەر دەکرد، چون لە کۆتاییدا ئەو زێڕەی دۆزییەوە کە بە شوێندا دەگەڕا.